



گوڵان
ژمارە (٨٠١)
٢٠١٠/١٠/١١

# نێچیرڤان بارزانی بۆ گوڵان:

# لەناو پارتی بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام خەباتی هەمووومان بۆ ئەو ئامانجەیە کە سەرۆک بارزانی هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخانکردووە

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئێستا سەرقاڵی ئامادەسازییە بۆ کۆنگرەی سیانزەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان و وەک لەم دیمانەیەدا راشکاوانە ئاماژەی پێدەکات هەموو سەرکردایەتی پارتیش سەرقاڵی ئەو کۆنگرەیە و کۆنگرەش بۆ ئێستای پارتی گرنگیەکی زۆری هەیە و چاوەڕێ دەکرێت پارتی لەم کۆنگرەیەدا لەهەموو روویەکەوە خۆی نوێبکاتەوە، بەڵام وێڕای ئەم سەرقاڵیەی بەڕێزیشیان ماوەیەکی باشی بۆ تەرخانکردین بۆ ئەوەی راشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە، پرسیارەکانی گوڵان لەم دیمانە تایبەتەدا پرسیاری هەمەلایەن و راشکاوانە بوو، هەموو بوارەکانی باری سیاسی کوردستانی گرتۆتەوە، هەروەها ئەو پرسیارانەشی لەخۆی گرتبوو کە زۆربەیان پرسیاری خەڵکی کوردستان بوون و بە فرسەتمان زانی رووبەڕووی بەڕێزی بکەینەوە، ئەویش بەسنگ فراوانییەوە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی داینەوە، ئەمەش دەقی دیمانەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی یە.



**گوڵان:** خەڵك دەپرسن ئایا نێچیرڤان بارزانی خەریکی چییە؟ ئێمەش لە دەسپێکی ئەم دیمانەیەدا پرسیاری خەڵك دووبارە دەکەینەوە و دەپرسین ئایا نێچیرڤان بارزانی چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** سەرەتا بەخێربێن، خۆشحاڵم بەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، ئەوەی ئێستا هەموومانی سەرقاڵکردووە کارکردن و ئامادەکارییە بۆ کۆنگرەی سیانزەهەمینی پارتی، ئەم کۆنگرەیە کەدوای نزیکەی ١٠ ساڵ گرێدەدرێت بۆ پارتی کۆنگرەیەکی گرنگە، بۆیە هەموومان سەرقاڵی ئەوەین پەیرەو و پرۆگرامێك بۆ پارتی دابڕێژین کە لەگەڵ ئەم سەردەمە بگونجێت، لەبەر ئەوەی پێشتر پەیرەو و پرۆگرامی پارتی لە پێناوی هەندێك ئامانج داڕێژرابوو، ئێمە پێمانوایە دوای رووخانی رژێم تارادەیەکی زۆر ئەو ئامانجانە هاتوونەتە دی، بۆ ئێستا و قۆناغی نوێ و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر رەوشەکەدا لەهەموو لایەنێکەوە، پێویستمان بەوەیە پارتی پەیرەو و پرۆگرامێکی نوێی هەبێت، بۆیە ئێستا هەموومان سەرقاڵی خۆئامادەکرنین بۆ کۆنگرەی سیانزەهەمینی پارتی.

**گوڵان:** بەڵام پرسیاری خەڵك زیاتر بەتایبەتی رووبەڕووی بەڕێزتان دەکرێتەوە، دەپرسن ماوەی ساڵێکە نێچیرڤان بارزانی خەریکی چییە؟ ئایا ئەم ماوەیەی وەك پشوویەك داناوە یان کاری کردووە و پێشتر لە راگەیاندنکاندا دەرنەکەوتووە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەگەر راشکاوانە وەڵامتبدەمەوە، ئەوا بێگومان ماوەیەك دوای دامەزراندنی کابینەی شەشەم چەند مانگێك خەریکی پشوودان بووم، بەڵام دوای ئەوە بەکەم و زۆر لەناو پارتیدا لەهەموو کارەکاندا بەردەوام بووم، بۆیە لە راگەیاندن دەرنەکەوتم، مانای ئەوە نەبووە بێ ئیش بووم، بەپێچەوانەوە زۆر سەرقاڵ بووم، بەڵام لەوانەیە پێویست نەبێت هەموو جار لە راگەیاندن دەربکەویت.

**گوڵان:** بەڕێزت ئاماژەت بەحکومەت کرد، بەڵام کاتێك بەڕێزتان سەرۆکی حکومەت بوون، بۆچوونێکی واهەبوو کە ئێوە کەمتر بایەختان بەلایەنی حزبی داوە و زیاتر بایەختان بەلایەنی پەرەپێدان و رێکخستنەوەی ژێرخانی کوردستان داوە، ئەمە وایکردبوو هەندێك لە حزب دووربکەونەوە، ئایا ئێستا چۆن سەیری ئەو هەنگاوانەت دەکەیت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** حەزدەکەم بەم شێوەیە باسی مەسەلەی بایەخدان بەحزب بکەم، ئەو پرسیارە بکەم ئایا پارتی کە خەباتی کردووە و قوربانیداوە، لەپێناوی چی ئەم خەباتەی کردووە و ئەو قوربانیە زۆرەی داوە؟ بێگومان خەبات و قوربانیدانی لەپێناوی بەدیهێنانی هەندێك دەسکەوتدا بووە، ئایا ئەو دەسکەوتانە بۆ کێیە؟ بێگومان بۆ ئەو میللەتەیە، هەر بۆیە زۆر راستە لە وەرگرتنی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بە یارمەتی برادەران هەموو هەوڵم بۆ ئەوە بوو کابینەی پێنجەم کابینەیەکی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، هەروەها هەوڵبدەین ژێرخانێکی ئابووری بەهێز بۆ کوردستان بونیاد بنێین، کە ئەمانە ئامانجی پارتی بوون و دوور لە پارتی نەکراون، چونکە خەباتی پارتی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بووە و منیش وەك ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانیووە ئەو سیاسەتەی پارتی پیادەبکەم و جێبەجێی بکەم.

**جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی زۆر بەئاسانی تەقەبولی رای جیاواز دەکات و بە ئاسایی وەریدەگرێت، تا ئەو رادەیەی ئەگەر کارێکیش بکرێت لەگەڵ بۆچوونی بەڕێزیشی جیاواز بێت**

ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردوو، لەساڵی ١٩٩١ەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و بنەڕەتی ئەوەبووە چۆن مووچەی فەرمانبەران دابین بکەین و هەندێك خزمەتگوزاری زۆرکەم کە تەنیا بۆ راگرتنی بارودۆخەکە بوو پێشکەش بکەین، دوای ٢٠٠٣ قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد و دەبوایە ئێمە کار بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان بکەین، ئەمەش قۆناغی دەسپێك بوو، کە هەرێمی کوردستان بودجەیەکی دیاریکراوی هەبوو، بۆیە دەبوایە بەرنامەیەکی جددی دابڕێژرێت بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی هەرێمی کوردستان، هەتا کابینەی پێنجەم بەو شێوەیە بوو، بەڵام لە کابینەی پێنجەم هەموو ئەو هەڤاڵانەی پارتی و یەکێتی کە لەو کابینەیە وەزیر بوون، پێکەوە بۆ ئەو ئامانجە کارمان کردووە، کابینەی شەشەمیش کەم و زۆر درێژەپێدانی ئەو بەرنامەیەیە کە لە کابینەی پێنجەم دەستمان پێکردبوو، توانیمان بناغەیەکی پتەو بۆ ژێرخانی ئابووری کوردستان دابڕێژین و دەکرێت لە کابینەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرەی پێبدەن.

**گوڵان:** هەر لەوماوەیەی کە بەڕێزتان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون، بواری سامانە سرووشتیەکانیش پەرەپێدانی گەورەی بەخۆیەوە بینی و توانرا نەوتی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگەڵ بەغدا

کێشەیەکی گەورە هەبوو، ئایا چۆن توانرا سەرکەوتن بەدەست بهێنن؟

**نێچیرڤان بارزانی:** لەکابینەی پێنجەمدا لەبەردەمی دوو ڕێگە بووین، یان دەبوایە چاوەڕێی ئەوە بکەین، بزانین لەلایەن بەغدا بەگشتی و وەزارەتی نەوتی عێراقەوە بەتایبەتی چیمان بەسەردا فەرز دەکرێت، کەی یاسای نەوت و گازی حکومەتی عێراق دەردەچێت، یان دەبوایە لەچوارچێوەی ئەو مافە دەستوورییەی دراوەتە هەرێمی کوردستان، هەندێك بڕیاری تایبەت بەهەرێمی کوردستان بدەین، بۆ ئەمە گەڕاینەوە بۆ دەستووری عێراق کە دەرکەوت هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك دەسەڵاتی دەستووری هەیە

**گۆڕانکاری لەناو کۆنگرەی پارتی تەنیا گۆڕینی دەموچاوەکان نییە، ئەوەی مەبەستمانە گۆڕانکاری لە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتیدا بکەین**

و بەپێویستمان زانی ئەو دەسەڵاتانە پیادە بکەین و ستراتیژیەتێك دابڕێژین کەلەسەر دوو بنەمای سەرەکی بوو، یەکەم: سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەبواری سووتەمەنی، دووەم: پیادەکردنی ئەو مافانەی کە دەستووری عێراق بەهەرێمی کوردستانی داوە.
دوای دارشتنی ئەم ستراتیژە هەوڵی جددیمان بۆ جێبەجێ کردنی دا، بەڵام ناحەزی زۆر بوو بەربەستیشی بۆ دروست دەکرا، تاڕاددەی تاوانبار کردنیش، بۆیە جێبەجێکردنی ئاسان نەبوو، پێویستە ڕاشکاوانە بڵێم ئەو کات ئیرادەیەکی زۆر بەهێز لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە هەبوو، بێگومان خۆشحاڵ بووم لەو ڕێگەیەدا سەرکەتوو بووین، واتە لەڕێگەی سەربەخۆیی سووتەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی گەورەی کارەبا سەرکەتوو دەبین، ئێستاش سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئیمکانیەتەی هەیە کە بتوانێت یارمەتیدەری تەئمینی وزە بێت لەدەرەوە، بەتایبەتی ناردنە دەرەوەی گاز بۆ تورکیا و ئەورووپا، ئەم سیاسەتەش بەردەوامە، بۆئەوەی کوردستان بکەوێتە سەر نەخشەی تەئمینی وزە لە جیهاندا.

**گوڵان:** بەڕێزت ئاماژەت بەوەکرد و وتت، ئەوەی من کردوومە سیاسەتی پارتی بووە و من وەك ئەندامێکی سەرکردایەتی جێبەجێم کردووە، بەڵام زۆرجار گوێبیستی ئەوە بووین کە شێوازی کارکردنت، شێوازێکی تایبەتییە، ئایا دەتوانیت خاڵە سەرەکییەکانی ئەم شێوازە جیاوازە بۆ گوڵان باس بکەیت؟ تاچەند ئەم شێوازە دەبێتە هۆکارێك بۆ زیاتر چالاککردنی پارتی؟

**نێچیرڤان بارزانی:** جیاوازی شێوازی ئیشکردن لەناو هەر حزبێکدا شتێکی زۆر سرووشتیە، لەوانەیە لەناو پارتیشدا شێوازی جیاواز بۆ کارکردن هەبێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە و دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە، ئەگەر جیاوازی لە شێوازی کارکردنیشدا هەبووبێت، بەڵام سیاسەتێکی یەکگرتوو بەیەك ئیرادەیی لەژێر سایەی سەرکردایەتی سەرۆك مسعود بارزانی پیادەکراوە، ئەم سیاسەتەش لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە مێژووییانە بووە کە جەنابی سەرۆك هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخانکردووە، لەم چوارچێوەیەدا لەوانەیە بۆچوون و شێوازی کارکردنیش هەبێت، تا ڕاددەی ئەوەی باس لەوە دەکرێت، کوتلەو کوتلەکاری لەناو پارتیدا هەبێت، بەڵام خەسڵەتی دروستبوونی پارتی بەتەواوەتی لەوە دوورە، لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بە واقیعێکی ناو پارتی بکەم، لەناو پارتی زۆر بە دیموکراتیانە ڕای خۆمان دەڵێین، جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی زۆر بەئاسانی تەقەبولی ڕای جیاواز دەکات و بە ئاسایی وەریدەگرێت، تا ئەو ڕاددەیەی ئەگەر کارێکیش بکرێت لەگەڵ بۆچوونی بەڕێزیشی جیاواز بێت، لەبەر ئەوەی ئامانجێکی داناوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە تۆ کوتلەی خۆت هەیە، مانای ئەوە نییە تۆ بیروبۆچوونێکت لەدەرەوەی بیروبۆچوونی پارتی هەیە، هەربۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم بیروبۆچوونی هەموومان بیروبۆچوونی پارتییەو

**سیاسەتی پارتی لە پێناو ئەو ئامانجە مێژووییانەیە کە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی ژیانی خۆی بۆ تەرخانکردووە**

هەمووشی لەژێر سەرکردایەتی سەرۆك مسعود بارزانیدایە. ئەمە پێشتریش لەناو پارتیدا هەبووە و بەردەوامیش دەبێت.

## پارتی و داهاتووی کاری ڕێکخراوەیی لەناو پارتیدا

**گوڵان:** لێرەدا دەمەوێت جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر کۆنگرەی پارتی، لەبەرئەوەی ئەم کۆنگرەیە زۆر گرنگە بۆ ئێستای پارتی، ئەم کۆنگرەیە لە بارودۆخێکی تایبەتی گرێدەدرێت و ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ بارودۆخی ١٢ کۆنگرەکەی

پێشتری پارتی، بارودۆخی ئێستا لەو بارودۆخانە جیاوازترە، ئایا تاچەند ئامادەباشن بۆ ئەم کۆنگرەیە؟ هەروەها ئایا بایەخدانتان لەم کۆنگرەیەدا لەسەر چی چڕدەبێتەوە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، یەکەم شت ئەوەیە لەناو سەرکردایەتی ئێمە هەر لەجەنابی سەرۆك بارزانیەوە تادەگاتە مەکتەبی سیاسیی و هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی لەسەر یەك خاڵ کۆکین، کە ئەم حزبە پێویستی بە گۆڕانکاری و نوێکردنەوە هەیە و دووبارەی دەکەمەوە هەموو سەرکردایەتی پارتی لەسەری هاودەنگن و چەند ئاراستەیی لەئارادا

**لەم کۆنگرەیەدا هەوڵێکی زۆر دەدەین بۆ کاراکردنی رۆڵی ئافرەت و رێگە خۆش دەکەین بۆ گەنجان و فراوانکردنی بەشداریی لە دروستکردنی بڕیاردا**

نییە، هەموو لایەك دڵنیا دەکەمەوە قەت شتی وا لەناو پارتی نییە و بوونیشی نابێت، بەڵام هەموومان لەسەر ئەوە هاودەنگین کە ئەمە قۆناغێکی نوێیە لەمێژووی گەلەکەمان و پارتی پێویستی بەوە هەیە هەرچۆنێك بۆی دەکرێت خۆی بۆ ئەو قۆناغە ئامادەبکات، لەم چوارچێوەیەدا ئەوەی ئێمە زۆر تەئکیدی لەسەر دەکەینەوە ئەوەیە، مەسەلەی گۆڕانکاری لەناو کۆنگرەی پارتی تەنیا گۆڕینی دەموچاوەکان نییە، وەك هەندێك خەڵك وا مەزندە دەکات، بەپێچەوانەوە ئەو مەسەلەیە لای ئێمە گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، لەبەر ئەوەی ئەوە کۆنگرەیەو ئەندامانی پارتی خۆیان لەناو کۆنگرە بڕیار دەدەن کێ هەڵدەبژێرن و کێ هەڵنابژێرن، بۆیە ئەوەی مەبەستمانە گۆڕانکاری لە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتیدا بکەین، دەمانەوێت لەم کۆنگرەیەدا هەوڵێکی هێجگار زۆر بدەین بۆ کاراکردنی رۆڵی ئافرەت لەژیانی سیاسیی کوردستاندا، لەم کۆنگرەیەدا رێگە خۆش دەکەین بۆ گەنجان و فراوانکردنی بەشداریی لە دروستکردنی بڕیاردا، ئەوجا ئەگەر لێرەوە زیاتر لەسەر گۆڕینی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی قسە بکەین، پێمباشە ئاماژە بەوە بکەم کە سیستمی پێشتری پارتی، سیستمی سەردەمێکی شۆڕشگێڕی و بارودۆخی نائاسایی بووە، هەتا پەیڕەو و پرۆگرامەکەشی لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژراوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو قۆناغەمان تێپەڕاندووە و بەشێك لە ئامانجەکانمان بەدیهاتوون، دەتوانین بڵێین شێوازێکی دیکەی بۆ خەباتکردن دەوێت، واتە بایەخدانی زیاتری دەوێت بە ئافرەتان بە گەنجان و بەشداربوون لەچۆنیەتی بڕیار دروستکردن و برەودان بەخەباتی مەدەنیانە و دەمانەوێت لەناو پارتی لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەموو هەست بکەن کە لەپرۆسەی بڕیار دروستکردندا رۆڵێکی سەرەکیان هەیە، بەجۆرێك هەیکەلی پارتی دابڕێژینەوە کە بەشداری و دەربڕینی بیروبۆچوونەکان لەناو هەموو پارتی روون و ئاشکرابێت.

**گوڵان:** بەڕێزت ئاماژەت بەوەکرد پێشتر سیستمی پارتی سیستمێکی شۆڕشگێڕی بووە، بەڵام ئێستا دەتانەوێت شێوازی پارتی بگۆڕدرێت بۆ حزبێك لەناو کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، ئەمە لەسەر پارتی پێویست دەکات هەندێك لە مەرکەزیەت دوور بکەوێتەوە و پەنا بۆ لامەرکەزیەت ببات، ئایا بەڕێزت دەتوانی لەمبارەوە روونکردنەوەی زیاترمان بدەیتێ؟

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەمەش یەکێك لەو خاڵانە دەبێت کە پارتی هەوڵدەدات لە کۆنگرەدا بڕیاری لەسەر بدرێت، بێگومان هەموو بڕیارێك کۆنگرە دەیدات، بەڵام پارتی هەوڵدەدات لە کۆنگرەدا مەسەلەی لامەرکەزیەت بەشێوەیەکی زۆر رێکوپێك پیادەبکرێت و یەکێك لە ئامانجەکانی ئەوەیە هەموو دەسەڵاتەکان لەسەرکردایەتی کۆنەبێتەوە، بەڵکو دەسەڵات دابەشبکرێت و بگات بە ئۆرگانەکانی خوارەوەی پارتیش، خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە و لای هەمووشمان ئاشکرایە کە سیستمی سیاسیی لەکوردستان سیستمێکی دیموکراتیەو رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ سندوقی دەنگداندا، سندوقی

**دەبێت شێوازی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ئەسڵەن بگۆڕین و نەخشەیەکی تازە بۆ جێبەجێکردنی دابڕێژینەوە**

دەنگدانیش پێویستی بەوەیە بایەخ بەو بوارانە بدرێت کە پێویستی ژیانی رۆژانەی خەڵکە، لەمڕۆ بەدواوە ئەمە بەلای پارتیەوە گرنگە، پێشتر خەباتی ئێمە بۆ کۆمەڵێك ئامانج بوو کە ئەمڕۆ هەندێکی بەدیهاتوون و زۆر خەڵکی قارەمانیش لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە شەهیدبوون و گیانی خۆیان کردە قوربانی، ئامانجی ئەمڕۆی ئێمە گۆڕدراوە و بۆتە ئامانجی پیادەکردن و جێبەجێکردنی دیموکراتی لەکوردستاندا، ئامانجی ئێمە بایەخدانە بەژیانی رۆژانەی خەڵك، لەمڕۆ



بـــەدوا ئامانجی پارتـــی بریتی دەبێت لەوەی چۆن بتوانێـــت زیاتر خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات، چۆن بتوانێت ئەوپرســـانەی لەرووی خزمەتگوزاری و دۆزینـــەوەی هەلـــی کار، خەمـــی رۆژانەی هاووڵاتیانـــن، ئەمانە لەناو سیاســـەتی پارتی دابرێژرێنەوە و ببنە خەمی پارتی و لەپێنـــاو بەدیهێنانی و چارەســـەرکردنی گرفتەکانی خەڵك خەبات بکات.

**گوڵان:** ئایا تۆ دەتوانیت بڵێیت لەمەودوا ئەوەی خەڵـــك بەگرنگـــی دەزانێت، پارتیش بەگرنگـــی دەزانێت و دەبێتە سیاسەتی پارتی بۆ بەدیهێنانی؟

**نێچیرڤـــان بارزانـــی:** بەڵـــێ، بـــۆ لەمـــەودواش وەك حزب خەبات دەکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرسانەی پێوەندی بەژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەیە. بۆیە داوا لـــە ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دەکەین کـــە ئەمە بەرنامـــە و کاری رۆژانەیان بێت و گوێ لەپێشـــنیار و گلەیـــی و گازندەی خەڵـــك بگرن و بەئەرکی خۆیانی بزانن.

**گوڵان:** ئێســـتا لە ســـلێمانی لقێکی مەکتەبـــی سیاســـیتان کردۆتـــەوە، پرســـیار ئەوەیە ئایا بەس بۆ سلێمانی ئەو تایبەتمەندییەتان دروســـتکردووە؟ یـــان ئەمە ســـەرەتایەکە بـــۆ ئەوەی

**دیموکراتی لەهیچ**
**وڵاتێکی جیهان بە شەو**
**و رۆژێک دروست نەبووە،**
**دیموکراسیەت پراکتیزەکردنی**
**ژیانی رۆژانەیە لەهەر**
**کۆمەڵگەیەکدا**

ســـەرکردایەتی لۆکاڵ و ناوچەیی بۆ هەموو کوردستان دروست بکەن؟

**نێچیرڤان بارزانـــی:** لە بەرنامەماندایە لەدوای کۆنگرە ئەو شێوازە بۆ هەموو ناوچەکانی کوردســـتان پیادە بکەین، بۆیە ئەو شـــێوازە تەنیا پەیوەست نییە بەسلێمانییەوە.

**گوڵان:** بۆچی سلێمانیتان پێشخست؟

**نێچیرڤـــان بارزانی:** بـــۆ پیادەکردنی ئەم شـــێوازە بیرمان لەوەکردەوە پێویستە لەشوێنێك دەســـت پێبکەین، سلێمانیش یەکێکـــە لەو ناوچانەی کە پێویســـتە پارتـــی گرنگـــی پێبـــدات، بۆیـــە لەسلێمانییەوە دەستمان پێکرد.

**گـــوڵان:** دوور لـــە هۆکارەکانی دیکە و ئـــەوەی پێوەنـــدی بـــە پارتییـــەوە هەیە، رەوشـــی پارتی لە ســـلێمانی و گەرمیان چـــۆن دەبینـــی، ئایا بەوە رازیت یـــان بەرنامەیەکتـــان هەیە بۆ چارەسەرکردنی؟

**نێچیرڤان بارزانی:** سلێمانی مەڵبەندی

خەبات و رۆشنبیری و شۆڕشگێڕی بووە و رۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵاندا، بۆیە ئەگەر بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان سەیری بکەین، ئەوە لەگەڵ مێژووی و قوربانیدانی پارتی لەناوچەی سلێمانی یەکناگرێتەوە، ئەمەش واتە کەموکوڕی هەیە، تاکو دەست لەسەر کەموکوڕییەکانی خۆشمان دانەنێین ناتوانین چارەسەریان بکەین، کەواتە ئەو سنوورە شێوازێکی نوێی کارکردنی دەوێ، بەڵێ بەرنامەمان هەیە و لەپێشدا دەمانەوێت بزانین کێشەکان چین، ئەوانەی پارتین و تا رادەیەك دڵیان رەنجاوە ئێمە ئاشتیان بکەینەوە، هەوڵ بدەین خانەوادەی شەهیدەکان ئەوەی پێویستە بۆیان جێبەجێ بکەین، دوای ئەمە بایەخ بە راگەیاندن و گەنجان و رۆشنبیران بدەین.

**گوڵان:** ئەگەر هەر لەچوارچێوەی سیاسەتی پارتی بۆ داهاتوو بپرسین، مەسەلەی فیدرالی یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی پێویستی بەوە هەیە لە کۆنگرەدا باسی لێوەبکرێت، پارتی لەکۆنگرە چۆن لەسەر ئەم مسەلەیە هەڵوەستە دەکات؟

**نێچیرڤان بارزانی:** ئامانجی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی چەسپاندنی فیدرالیە لە عێراقدا، ئەمڕۆ بۆ ئەو ئامانجە خەبات دەکەین و فیدرالیەتیش بۆ ئەمڕۆی عێراق مەسەلەیەکی دەستوورییە، واتە مەسەلەکە پێوەندی بەمیزاجی خەڵکێکەوە نییە، بیەوێت بەشێوەیەکی دیکە نەخشەی سیاسیی عێراق دابڕێژێتەوە، بۆیە دەبێت هەوڵبدەین لەم قۆناغەی ئێستا واتە لەماوەی چوارساڵی داهاتوو، ئەو فیدرالیەی هەموو لەسەری رێککەوتووین و دەستووریش کە ٪٨٠ی گەلی عێراق دەنگی پێداوە ئەو فیدرالیەتەی پەسەندکردووە، دەبێت هەرێمی کوردستان هەوڵبدات بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە، وەك ئامانجێکیش کاری بۆ بکات و وەك

**هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بە پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە کۆکن لەسەر ئەوەی، دەبێت هەموومان هەوڵبدەین بۆ جێگیرکردن و قوڵکردنەوەی دیموکراتی لەم وڵاتەدا**

رای شەخسیش پێموانییە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە لە عێراقدا زۆر زەحمەت بێت.

**گوڵان:** ئەگەر ئەمە وەك دەڵێن پلانی Aی بێت، ئایا نابێت پارتی وەك حزبێك کەهەموو کاتێك چارەنووسی میللەتێکی لەسەر شان بووە، گریمانەی ئەوە دابنێت ئەگەر ئەم فیدرالیەتە نەتوانرا جێبەجێ بکرێت، پلانێکی دیکە بۆ نموونە پلانی Bیشی هەبێت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** ئامانجی ئێمە لەم قۆناغە چەسپاندنی فیدرالی و جێبەجێکردنی دەستووری عێراقە،

**کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدا کێشەی کوتلەیەکی سیاسی نییە بەڵکو کێشەی گەل و داواکاری میللەتێکە**

پێموایە ئێستا زۆر زووە باسی بەدیلی دیکە یان رێگەچارەی دیکە بکەین.

**گوڵان:** ئەی سەبارەت بە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان کە ئەویش مەسەلەیەکە زۆر زۆر گرنگە، ئایا پێتانوایە کۆنگرە چۆن لەسەر ئەم پرسە گرنگە هەڵوەستە دەکات؟

**نێچیرڤان بارزانی:** پێش هەمووشت ئەگەر ماددەی ١٤٠ وەك خۆی سەیری بکەین، ئەمە ماددەیەکی دەستوورییەو هەرێمی کوردستان سورە لەسەر ئەوەی دەبێت ئەم ماددە دەستوورییە جێبەجێ بکرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چۆن ئێمە هەوڵبدەین نەخشەی رێگە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییە دابڕێژین، پێموایە لەم چوارچێوەیەدا بەغدا زۆر کەمتەرخەم بووە، بۆیە دەبێت شێوازی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ئەسڵەن بگۆڕین و نەخشەیەکی تازە بۆ جێبەجێکردنی دابڕێژینەوە، واتە ئەگەر ئێمە جەخت بکەین و سوربین لەسەر ئەوەی بەهاوکاری بەغدا یاسای دابەشکردنی داهاتی نەوتمان هەبێت، ئەوا یاسای دابەشکردنی داهاتی نەوت، زەمینە خۆش دەکات بۆ چارەسەری زۆر کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەش، ئەگەر ئەم یاسایەمان هەبوو، یارمەتیدەر دەبێت بۆچارەسەری کێشەی کەرکوك، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە عەرەبەکان و خەڵکی دیکەش بۆچوونێکی زۆر هەڵەیان هەیە و پێیانوایە سوربوونی ئێمە لەسەر کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە مەسەلەکە نەوتە، بەڵام مەسەلەکە نەوت نییە، مەسەلەکە زۆر زۆر لەنەوت گەورەترە، ئەگەر مەسەلەی داهاتی نەوت چارەسەر کرا، مەسەلەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی ئەم خانووە هی منە یان هی تۆیە، مەبەستم ئەوەیە مەسەلەکە بەو ئاستە گەورە نابێت کە کورد ئەجێندایەکی نهێنی هەیە لە پشت گێڕانەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەداخەوە تائێستا نەمانبینیوە بەغدا ئەم هەنگاوە بۆ



چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەڵبگرێت، بۆیە راشکاوانە دەڵێم هەوڵی ئێمە لە ئێستاوە و لەدوای کۆنگرەش بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەبێت، یەکێك لە خاڵەکانی بەرنامەی فراکسیۆنە کوردستانیەکانیش ئێستا ئەم مەسەلەیەیەو لەگەڵ هەموو لایەنەکان وتوویژی لەسەر دەکەن.

## ئۆپۆزسیۆن و ژیانی سیاسی لە کوردستان

**گوڵان:** بوونی ئۆپۆزسیۆن دیاردەیەکی دیکەی ژیانی سیاسییە لە کوردستان، ئایا چۆن سەیری دیاردەی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان دەکەیت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** ئۆپۆزسیۆن پێشتریش هەبووە، شتێکی تازە نییە، لە پەرلەمان و وەك حزبی سیاسیش هەبووە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە پێموایە بوونی ئۆپۆزسیۆن دیاردەیەکی زۆر تەندروستە لە وڵاتی دیموکراتیدا، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتیش هەیە و ئۆپۆزسیۆنیش هەیە، ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات تەواوکاری یەکن نەك دوژمنی یەکتری، ئەگەر دەسەڵات وا مەزندە بکات هەموو شتێکی رێکوپێکەو هیچ کەموکورتیەکیان نییە، ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە، ئەگەر ئۆپۆزسیۆنیش وا بیر بکاتەوە هەرچی دەسەڵات دەیکات هەمووی رەشە و هیچ کارێکی باش ناکات، ئەمەش بۆچوونێکی راست نییە، لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات تەواوکاری یەکترین، ئەگەر ئەم شێوازە لە کوردستان بچەسپێت و بەردەوام بێت، وای دەبینم ئەمەش پتەوکردنی بناغەی دیموکراسییە لە کوردستاندا، دەکرێت ئێمە زیاتر کاربکەین بۆ ئەوەی هەردوولا (ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات) بە بەرپرسیارانە رەفتار بکەن.

**گوڵان:** ئایا پارتی بەنیازە لە داهاتوو چۆن مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بکات؟

**نێچیرڤان بارزانی:** پارتی هەوڵدەدات لەگەڵ هەموو لایەنەکان بە ئۆپۆزسیۆن و ئەوانەشی لە حکومەت بەشدارن، پێوەندییەکی زۆر سرووشتی و ئاسایی هەبێت و پارتی مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکات، ئەمە سیاسەتی پارتی دەبێت، هەر بۆئەمەش هەر لەئێستاوە خەریکی دارشتنی سیاسەتێکی باشە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا.

**گوڵان:** لایەنێکی دیکە کە تایبەتە بە باری سیاسیی ئێستای کوردستان، ئەویش مەسەلەی رێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتییە، تاچەند رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی بە زەرورەتی ئەم قۆناغە دەزانیت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەو پرسیارە دەکەم، ئایا ئەم رێککەوتنە چەند خزمەتی دۆزی سیاسیی گەلەکەمانی کردووە؟ من لەو روانگەیەوە ئەم رێککەوتنە ستراتیژییە هەڵدەسەنگێنم، لەوانەیە خەڵکی تر بەجۆرێکی دیکە سەیری ئەم رێککەوتنە بکەن، بەڵام پێموایە رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی لە قۆناغێکدا ئیمزاکراوە، خودی قۆناغەکە بۆ گەلەکەمان زۆر گرنگ بووە، هەروەها دەسکەوتەکانی ئەم رێککەوتنەش بۆ هەرێمی کوردستان هێجگار گەورە بووە، ئەمە لەسەر

پارتی بەهیچ شێوەیەک نیەتی ئەوەی نییە لەئازادی ڕۆژنامەگەری پاشە کشە بکات، جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لەروانگەی بڕوابوونیشی بە ئازادی ڕۆژنامەگەری، یاسای ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستانی ئیمزاکرد

ئەرکی هەموو میدیاکارانە کەوا بە وردی بارودۆخی ئێستای کوردستان لەبەرچاو بگرن و پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی بەدەست هاتوون بەئەرکی نیشتمانی و دیموکراسیانەی خۆیان بزانن

هەردوو ئاست، ئێستا ئێمە لە قۆناغی ئینتقالیدان، لەم قۆناغەدا نابێت کێشەی نێـوان پارتی و یەکێتی یان کێشـەی ناوخۆیی نێوان لایەنە سیاسـییەکانی کوردسـتان ببێتـە هـۆکاری ئەوەی دەسـکەوتی زۆر گەورەمان لەدەسـت بچێت، بارودۆخی ئێسـتای کوردستان دڵەمەیە و بەتەواوی خۆی نەگرتووە، ڕێککەوتنی سـتراتیژی نێوان ئێمە و یەکێتی گەرەنتییە بۆ چەسپاندنی ئەم واقیعە، بۆیە پێداویسـتی ڕێککەوتنی سـتراتیژی نێوان پارتـی و یەکێتی لـە عێـراق و کوردسـتان وەك خۆی ماوە، دەبێت وەك پێویسـتیەك سەیری ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی بکەین و دەبێت بەردەوامیش بین، وەکو پارتیـش حزدەکەم ئەوەتان پێبڵێم رای سەرکردایەتی پارتی بەشێوەیەکی یەکلاییکـەرەوە بەردەوامبوونـە لـە هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتاندا، دەبێت زیاتر هەوڵبدەین ئەو هاوپەیمانیە ستراتیژییە لە ریزەکانی پارتـی و یەکێتیدا قووڵ بێتەوە.

**گـولان:** حەزدەکەیـن بزانین تۆ چۆن سەیری کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەیت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** سەبارەت بە کابینەی شەشەم دەمەوێ بڵێم وەکو پارتی ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین پشتگیری تەواوی ئەم حکومەتە بکەین بۆ ئەوەی لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت، سیاسەتی پارتـی ئەوەیە یارمەتی و پاڵپشـتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت بۆ ئەوەی سـەربکەوێت، لەم مەسەلەیەدا دەمـەوێ ئەوەش بڵێم تا ئەم سـاتەش هیچ شتێك نەگۆڕاوە لە پشتیوانی ئێمە لە جەنابی دکتۆر بەرهەم وەکو سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە پێمانوایە ئـەو بەرنامەیەی هەتا ئێسـتا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆخۆی دایناوە و کاری لەسەر دەکات بەرنامەیەکە شایستەی ئەوەیە هەموو لایەکمـان پشـتگیری لێبکەیـن بۆ ئەوەی تێیدا سەربکەوێت، سەرکەوتنی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، سەرکەوتنی بەرهەم ساڵح، سەرکەوتنی پارتییە، سەرکەوتنی هەموو لایەکمانە، ئێمـە بەرنامەیەکمـان نییە بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە سـەرنەکەوێت بە هیچ شـێوەیەك شـتی وا لە ئـارادا نییە، بەپێچەوانەوە ئێمـە یارمەتیدەر بووین و هاوکاری یەکەمین بۆ سـەرکەوتنی ئەم حکومەتـە، چونکە بە حکومەتی هەموو کوردستانی دەزانین.

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیای ئازاد لە کوردستاندا**

**گوڵان:** ئاسۆی دیموکراتی لەکوردستان چۆن دەبینیت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** دیموکراسیەت ئەوە نییە وەك دیاری بەخەڵك بدرێت، بڵێیت فەرموو ئەمە دیموکراسـیەتە بەدیاری بۆ تۆ، دیموکراسیەت لەهیچ وڵاتێکی جیهان بە شەو و ڕۆژێك دروست نەبووە، دیموکراسـیەت پراکتیزەکردنی ژیانی ڕۆژانەیە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، دەبێت لـە کۆمەڵگە ئامادەباشـیەك هەبێت بۆ ئەوەی هەنگاو بـەرەو دیموکراتی هەڵبگریـت، ئێسـتا ئەگەر پرسـیار لەئێمە بکرێت ئایـا ئەو دیموکراتیەی لەکوردسـتان هەیە کەموکورتی هەیە؟ لەوەڵامــدا دەڵێم بەڵـی کەموکورتی

هەیە، زۆر بە ئاساییش سەیری ئەو کەموکوڕیانە دەکەم، ئەگەر خەڵکێك بەراوردی دیموکراسی ئێمە لەگەڵ رۆژئاوا بکات، پێموایە ئەوەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری جیاوازی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی رۆژئاوایی، پرسیار ئەوەیە کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا بەچەند ساڵ گەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی ئێستایان؟ بێگومان ئەوان بەسەدان ساڵ گەیشتوونە ئەو قۆناغەی ئێستا، پاشانیش دەوڵەتیان هەبووە، حکومەتی خۆیان هەبووە، دەوڵەتداریان کردووە، بەڵام ئەوەی ئێمە ئێستا لە کوردستان دەیبینین سەرەتایەکی هێجگار نوێیە لە پیادەکردنی دیموکراسی، جێگیربوونی تەواوی دیموکراسی لەم وڵاتە ماوەیەکی زۆری دەوێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بە پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە کۆکن لەسەر ئەوەی، دەبێت هەموومان هەوڵبدەین بۆ جێگیرکردن و قوڵکردنەوەی دیموکراتی لەم وڵاتەدا.

**گوڵان:** سەبارەت بە میدیا لەکوردستاندا، ئێستا بۆچوونێك هەیە کە پێیوایە خراپ سوود لە یاسای رۆژنامەگەری وەرگیراوە و پێویستە ئەم یاسایە بەجۆرێك هەموار بکرێت کە باری رۆژنامەگەری لەکوردستان رێکبخاتەوە، بۆچوونێکی دیکەش هەیە کە دەستکاری کردنی ئەم یاسایە پەشیمان بوونەوەیە لە ئازادی رۆژنامەگەری، بەڕێزت سەبارەت بەهەردوو بۆچوونەکە چی دەڵێیت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** پێش هەمووشت ئازادی رۆژنامەگەری لەکوردستاندا هەیە، ئەمەش بەو مانایە نایەت کەهەندێك ئازادن و هەندێکی تر ئازاد نین، لەو بڕوایەدام میدیا لە کوردستان ئازادی هەیە، ئیشکالیەتەکە لەسەر بەرپرسیاریەتی و رەفتارکردنە، لەم چوارچێوەیەدا دەتوانم بڵێم رۆژنامەگەری لەکوردستان بەبارێکی نائاسایی تێپەڕدەبێت، ئەمەش پێویستی بەدوو شت هەیە، یەکەم: پێویستە رۆژنامەنووسەکانی ئێمە زیاتر خولی راهێنانیان بۆ بکرێتەوە. دووەم: پێویستە بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە رەفتار بکرێت، واتە ئەرکی هەموو میدیاکارانە کەوا بە وردی بارودۆخی ئێستای کوردستان لەبەرچاو بگرن و پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی بەدەست هاتوون بەئەرکی نیشتمانی و دیموکراسیانەی خۆیان بزانن و لەوەش ئاگادار بن کەوا راگرتنی ئەم دوو ئەرکە بەتایبەتمەندیەکانی کوردستانەوە، پێشکەوتن و چارەنووسی هەموومانی پێوە بەندە.

کە بێگومان لەزۆر لایەنەوە هەڕەشەی لێدەکرێت، پێموایە بەدیالۆگێکی هێمنانە لەنێوان رۆژنامەنووسان و دەسەڵات دەتوانین بگەینە چارەسەرێك، کە بەهیچ شێوەیەك پێشێلکردنی ئازادی رۆژنامەگەری نەبێت لەکوردستان و لەهەمان کاتیشدا هاوسەنگی ئەرکەکان بپارێزرێت، بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بێت پارتی



بەهیچ شێوەیەك نیەتی ئەوەی نییە لەئازادی رۆژنامەگەری پاشە کشە بکات، جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لەروانگەی برواببوونیشی بە ئازادی رۆژنامەگەری، یاسای رۆژنامەگەری هەرێمی کوردستانی ئیمزاکرد، کەواتە کێشەکە لەسەر ئەوە نییە کە ئێمە پرانسیپی ئازادی رۆژنامەگەری قبوڵ دەکەین یا رەتی دەکەینەوە، ئەم مەسەلەیە براوەتەوەو سەرۆك بارزانی ئیمزای کردووەو بروای تەواویشی پێیەتی، بەڵام ئێستا بارودۆخی میدیا پێویستی بەرێکخستنەوە هەیە، ئەمەش بە وتووێژ و لێکتێگەیشتن و دەستگرتن بە بنەما یاسایی و ئازادییەکانەوە دێتە دی.

## هەرێمی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی

**گوڵان:** ئێمە گوێبیستی لێدوانەکەی بەرێزت بووین بەوەی خۆشحاڵیت

**بوونی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات تەواوکاری یەکترن نەک دوژمنی یەکتری**

نیشاندابوو بە کاندیدکردنی نوری مالیکی لەلایەن تەحالوفی نیشتمانییەوە، ئەمەش وەك هەنگاوێك بۆ خێراکردن و لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق،، ئایا کورد چۆن بەشداری لەپرۆسەی سیاسی دەکات و راوبۆچوونی بەرێزت لەمبارەیەوە چۆنە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** هەرێمی کوردستان شاندێکی دانوستاندنی لەهەموو فراکسیۆنە کوردستانیەکان هەیە، رێگەپێدراون بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە بەغدا، کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدا، کێشەی کوتلەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو کێشەی گەل و داواکاری میللەتێکە، کە سەرجەم داواکارییەکانی شاندی کوردستانی بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا خراوەتە بەر دەستی هەموو لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی لەبەغدا، بۆیە دیسانەوە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە هەر لایەنێکی سیاسی وەڵامدانەوەی باشتری هەبێت لەگەڵ داواکارییەکانی کورد، ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنە هاوپەیمانی دەکەین.

**گوڵان:** واتە ئەو لایەنە هەرکەس و لایەنێك بێت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڵێ، ئێمە بەرنامەیەکمان هەیەو بەپێی ئەو بەرنامەو داواکارییانە کەوتووینەتە گفتوگۆکردن لەگەڵ هەموو لایەنە عێراقییەکان، هەر لایەنێکی سیاسی لەعێراقدا ئامادەیی جێبەجێکردنی زیاتری داواکارییەکانی هەرێمی کوردستانی هەبێت، ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنە هاوپەیمانێتی دەکەین، لەکۆتاییشدا بڕیاردان لەسەر ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەو شاندەوە هەیە کە رێگەپێدراوە دانوستاندن بکات، ئەویش شاندی فراکسیۆنە کوردستانییەکانە کە ئێستا زۆر بەجددی لەبەغدا سەرقاڵی گفتوگۆکردنن لەگەڵ هەموو لایەنەکان بۆ یەکلاکردنەوەی هەموو ئەو مەسەلانە.

**گوڵان:** دەڵێن دکتۆر مالیکی ئامادەباشی دەربڕیوە کە ئەو ١٩ خاڵە پەسەند بکات و گفتوگۆش لەسەر تەواوی داواکارییەکان بکات بەتایبەتی هەندێك لەخاڵەکان، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە بە بەراورد بە زۆر لایەنی تر لە نوری مالیکی زیاتر نزیکین؟

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە کە هەموو لایەنە سیاسییەکان بەجددی سەرقاڵی گفتوگۆن، ئەمەش واتە وتووێژەکان لەسەر وردەکاریەکانن و مەسەلەکە ئەوەنییە هەر بەدەم لایەنێك رازی بوونی خۆی بۆ ١٩ خاڵەکەی فراکسیۆنە کوردستانیەکان دەرببڕێت. ئێستا مەسەلەکە گەیشتنە بەرێککەوتن، ئەمە وتووێژێکی زۆری دەوێت، هەر بۆیە ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە هەموو لایەنەکان بەجددی سەرقاڵی گفتوگۆن لەگەڵ شاندی کوردستانی، واتە لەسەر هەموو وردەکاری و یەك بەیەکی خاڵەکان قسەو گفتوگۆ دەکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە مەسەلەی کێ لەئێمە نزیکە، بابڵێین جەنابی سەرۆك وەزیران و کوتلەکەی نوری مالیکی بەشێوەیەکی مەبدەئی رازیبوونی خۆیان راگەیاندووە، بەڵام ئەمە شیکردنەوەو وردەکاری و دانوستاندنی زیاتری دەوێت، من هەموو جارێك دەڵێم جوانترین شت پێی دەڵێن ((دان و ستاندن))، مەسەلەی ئێمەش دانوستاندنە لەگەڵ بەغدا، کە پێویستی بە بەڵگەنامەو چۆنیەتی

**دەکرێت ئێمە زیاتر کار بکەین بۆ ئەوەی ئۆپوزسیۆن و دەسەڵات بەبەرپرسیارانە رەفتار بکەن**

وردەکاری هەیە، ئەو وردەکارییانە کارو ماندووبوونێکی ئێجگار زۆری دەوێت و لەو بڕوایەدا نیم وابەئاسانی بڵێین ئێمە دەگەینە دەرئەنجامێك.

**گوڵان:** پێتوانییە لەدوای ئەو نزیکبوونەوەی مالیکی لایەنەکانی تریش دووبارە بێنەوە کوردستان و وتووێژ لەسەر ئەو ١٩ خاڵە دەست پێبکەنەوە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** هەموو لایەنە سیاسییەکان داوای دانوستاندنیان کردووە، ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین لەداهاتوویەکی نزیکدا لایەنی

**سیاسەتی پارتی ئەوەیە یارمەتی و پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت بۆ ئەوەی سەربکەوێت**

ئەلعێراقیـــە بەهەمـــوو پێکهاتەکانیەوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ جەنابی ســـەرۆك سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.

**گوڵان:** تەوەرێکی تر تایبەتە بەپێوەندییە ئیقلیمییەکانـــی هەرێمی کوردســـتان بەتایبەتی لەگەڵ تورکیاو ئێران، هەتا ئێســـتا توانراوە پێوەندییەکی زۆر باش لەگەڵ دراوســـێکان دروســـت بکەین، ئێستا ئەم پێوەندیانە لەچ ئاستێکدان؟

**نێچیرڤان بارزانی:** سیاسەتی پێوەندی باش لەگەڵ دراوسێکانمان لەکارە هەرە ســـەرەکییەکانی کابینـــەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بووە، بەبەردەوامیش لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانییەوە تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، پێویســـتە پێوەندییەکانی هەرێم لەسەر بنەمای رێـــز و بەرژەوەندی هاوبەش لەوپـــەڕی باشـــیدابن، ئێســـتاش ئەو سیاســـەتە بەردەوامە. ئەگەر سەیری رابردوو بکەیـــن لەتێڕوانینی کەس دا نەبوو پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بگاتە ئەم ئاســـتەی ئێستا، توانـــی بارودۆخی ئاڵۆزی ســـاڵانی پێشـــوو تێپەڕێنێـــت تا گەیشـــتە ئەو ئاســـتەی تورکیا بەفەرمـــی جەنابی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان داوەت بـــکات، ئەمـــەش گۆڕانکارییەکـــی گەورەیە.

**گـــوڵان:** ئـــەم گۆڕانکارییـــە چۆن بەدیهات؟

**نێچیرڤـــان بارزانـــی:** لەوکاتـــەی کە گرژی و ئاڵۆزییەکانـــی نێوان هەرێم و تورکیا لەوپەڕیدا بـــوو، حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لەبەر رۆشنایی و رێنماییەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی بەرنامەیەکـــی بـــۆ ئیدارەدانـــی ئەم تەنگژەیە داڕشت، ئەگەر وانەبووایە بەو شـــێوەیە بارودۆخەکە هێور نەدەبووەوە، دەزانی ئـــەوکات گرفتی ئێمە لەگەڵ تورکیـــا چی بـــوو؟ گرفتەکە ئەوەبوو تورکیـــا بەناوی هەرێمی کوردســـتان قەڵس بوو، بیانویان بە ئاڵای هەرێمی کوردســـتان دەگرت، ئەوکات بەهێمنانە و دوور لەچاوی کامێرا گفتوگۆیەکی هێمنانەمان دەســـتپێکرد و تەئکیدمان لەسەر خاڵە هاوبەشـــەکان کردەوە نەك خاڵە جیـــاوازەکان، پێموایە لەو رۆژەوە پێشڤەچوونێکی یەکجار زۆر لەپێوەندی ئێمەو تورکیا دەستی پێکرد، بەنیسبەت

**هەر لایەنێک وەلامدانەوەی لەگەڵ داواکارییەکانی کورد هەبێت، لەگەڵ ئەو لایەنە هاوپەیمانی دەکەین**

ئێمـــە تورکیـــا لەهەمـــوو روویەکەوە وڵاتێکی گرنگـــەو دەرگای هەرێمی کوردســـتانە بەرەو رۆژئـــاوا، لەرووی سیاسیی و ئابووریشەوە بایەخی تایبەتی خـــۆی هەیە. ئـــەو ستراتیژییەشـــی کـــە دامەزراوە، خۆشـــبەختانە ئەمڕۆ گۆڕانکاری گـــەورەی لێکەوتۆتەوە، ئەو شـــەرەفەم هەبووە کە بەشدار بووم لەو پرۆسەی هێورکردنەوەی بارودۆخی هەرێم لەگەڵ تورکیادا، بەرهەمەکەشی ئەوەیە لێکتێگەیشـــتنێکی هاوبەشی لێکەوتۆتەوە.

**گـــوڵان:** پێتوایـــە ئاســـاییبوونەوەی پێوەندییەکانـــی هەرێم لەگەڵ تورکیا، چ کاریگەری هەبووە لەسەر سیاسەتی کرانـــەوەی تورکیا بەرووی کێشـــەی کورددا، لـــەم رووەوە ئێـــوە چ رۆڵێك دەگێڕن؟

**نێچیرڤـــان بارزانـــی:** خاڵـــی یەکەم: دەمەوێت ئـــەوە بڵێم، کێشـــەی کورد کێشـــەیەکی سیاســـییەو پێوەنـــدی بەمیللەتی کوردەوە هەیە.

خاڵـــی دووەم: بۆچوونـــی ئێمە وایە کێشـــەی کورد دەبێـــت لەچوارچێوەی تایبەتمەندێتـــی ئـــەو وڵاتانەی کورد تێیدان، چارەسەر بکرێت.

خاڵی سێیەم: بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا، وەکو چەندین جار جەنابی سەرۆك بارزانی تەئکیدی لەسەر کردۆتەوە ئامادەین بۆچارەسەری کێشـــەکە رۆڵێکی پۆزەتیڤ ببینین، ئەگەر هەردوولا ئـــەو رۆڵەی ئێمەیان بە پێویســـت زانـــی دەبێتـــە رۆڵێکی یارمەتیدەر بۆ چارەســـەری کێشـــەکە و هەر بەوبۆنەیەشـــەوە منیش تەئکید لەسەر ئەو پرانسیپە دەکەمەوە.

**گوڵان:** پێتوانییە هەردوولا تورك و کورد زەمینەی پێویستیان بەهاوکاریش ئەوەیە کە بیری خۆیان بگۆڕن بۆ چۆنیەتی ئاشـــتی، چونکە هەردوولا جۆرێك لە تێڕوانینیـــان هەیە بـــۆ توندڕۆیی، ئەمجارە خۆشـــحاڵبوویت بـــەو ئاگر بەستەی پەکەکە رایگەیاند، لەمبارەوە چی دەڵێیت؟

**نێچیرڤـــان بارزانـــی:** ئێمـــە دەبێـــت لەهەندێـــك کاتدا بەواقیعی ســـەیری کێشەکان بکەین، ئەم مەسەلەیە حەفتا هەشتا ساڵ ماوەتەوە و تورکیا ناتوانێت ئینکاری وجودی میللەتێکی گەورەی

**ئەلعێراقیە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ جەنابی سەرۆک سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن**

وەك كــورد بكات كە لەنــاو توركیادا بوونی هەیە، ئــەم زەمانە تەواو بووە، لایەنی تریش ناتوانێت مكوڕی لەسەر ئــەوە بــكات بەخەباتــی چەكداری دەتوانێت ئامانجەكان بەدەست بهێنێت، دەبێــت هەردوو لا بگەینە ئەو خاڵە كە نەكورد دەتوانێــت ئامانجەكان بەچەك بەدەست بهێنێت، نە توركیاش دەتوانێت بەئینــكاری لــە بوونی كــورد وەك میللەتێكی گەورە كێشــەكە چارەسەر بكات.

ئێمــە هەوڵــی لێــك نزیكبوونەوەی ئــەم دوو بۆچوونە دەدەین، كێشــەی پەكەكە بەرێگەی سەربازیی چارەسەر ناكرێت، ئەزموونی ئەم چەند ســاڵەی توركیا ســەلماندنی ئەگەر بەرێگەی ســەربازی كێشەكە چارەســەربكرایە، دەبوایە لەماوەی ئەم ســی ســاڵەی رابردوو چارەسەر بكرابایە، ئەزموونەكە سەلماندوویەتی كێشەی كورد لەتوركیا بەرێگەی ســەربازی چارەسەر نابێت، پەكەكــەش دەبێت بگاتــە قەناعەتێك كە بەكوشــتنی چوار سەربازی تورك ناتوانێت بگاتە ئــەو ئامانجانەی كە بەحساب تا ئێستا خەباتی بۆ كردووە، كەواتــە لەدەرئەنجــام دەبێت وتووێژ و دیالۆگ دەســت پێ بكرێت، لایەنی توركــی ئەگەر لەو بڕوایــەدا بێت بە پەراوێزخســتنی پەكەكە مەســەلەكە چارەســەر دەبێت، ئەمە بۆچوونێكی هەڵەیــە، بە پەراوێزخســتنی پەكەكە لەپرۆسەی سیاســی توركیا كێشەی كوردو توركیاو پەكەكە چارەسەر نابێت.

### یاسای دابەشكردنی داهاتی نەوت، زەمینە خۆش دەكات بۆ جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠

دەبێــت پەكەكەش لــەم رووەوە ڕۆڵی هەبێت و سیاسەتێكی وا پەیڕەو بكات كە بە موخاتب وەربگیرێت، دەبێت ئێمە واقیعــی بیر بكەینەوە، ئەمە كورتترین ڕێگەیە بــۆ چارەســەركردن و دەبێت لەنیوخۆی توركیــادا زۆر بەجددی و قووڵی بیری لێبكرێتــەوەو پەكەكەش ئاقڵانە رەفتار بكات.

ئێمە پێشتر دڵگران بووین بەوەی پەكەكە شەڕی دەســت پێكردەوە، خۆشحاڵیش بووین كاتێك ئاگربەســتی ڕاگەیاند، هیواداریین ئەم ئاگربەستەی كە ئێستا ڕاگەیەنراوە، ئاگربەســتێكی بەردەوام بێت.

**گوڵان:** وەك بۆچوونی شەخسی جەنابتان سەرۆك وەزیرانی توركیا رەجەب تەیب

### ڕێككەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەكێتی گەرەنتییە بۆ ئەم قۆناغە

ئەردۆگان چ ئامادەباشــییەكی هەیە لەم بارەیەوە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** ئێمە دەبێ ســەیری ئەو كردەوانە بكەین كە جەنابی سەرۆك وەزیرانی توركیا ئەنجامیداوە، باســی ئــەوە مەكە ســەرۆك وەزیــران خراپە یان باشە، ســەیری كارەكانی بكە كە لــەم ماوەیەدا چی كــردووە، ئایا ئەو سیاسەت و كرانەوە و ئەو دەرگایانەی لەبــەردەم كورد كرانــەوە پێش هاتنی ئــەردۆگان هەبوون، با پرســیارێك لە خۆمان بكەین قەت كەسێك بیری لەوە دەكردەوە ڕۆژێك لــە ڕۆژان حزبێك لە توركیا بێتە ســەر دەسەڵات و هەوڵی گۆڕینی چەند ماددەیەكی دەســتوور بدات بەرەوكرانەوەو بەكردار بیانگۆڕێ،

### سەركردایەتی پارتی سوورە لەسەر بەردەوامبوونی هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ یەكێتی نیشتمانیدا

ئەمە بە نیســبەت توركەكان شتێكی یەكجــار گەورە بوو، ئایــا ئەمانە بە نیسبەت كێشــەی كورد و تەنانەت بۆ دیموكراتیــش شــتێكی بچووكن؟ بە مەزەنــدەی من ئەمانە كاری گەورەن، ئێمــە بە دەســتپێكردنی گۆڕانكاری گــەورەی دەبینیــن، هیواداریــن ئەو دەســتپێكردنەی لــە توركیــا كراوە و سەركردایەتی كردنی ئەم پرۆسەیەی كە لەسەر دەستی سەرۆك وەزیرانەوە كراوە، هەر ئەوەندە نەبێت. با ئەمە هەنگاوی یەكەم بێت، بەبۆچوونی ئێمە و بەپێی ئەو قسانەی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی توركیــا كردوومانــە، ئەمە هەنگاوی یەكەم و بە تەئكیــد دوای هەڵبژاردن هەنگاوی جددیتریشــی بەدواوە دێت و لەوە دڵنیاین.

### پرسیارە گشتییەكان

**گوڵان:** شــەهیدی هەمیشــە زیندوو ئیدریــس بارزانی چەنــد كاریگەری لەسەر تۆ هەبووە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** بێگومان وەكو باوك كاریگەرییەكی زۆری بەســەر منەوە هەبووە، بەڵام مــن لە تەمەنێكی زۆر گەنجیدا باوكم لەدەستداوە و ئەویش لە تەمەنێكی زۆر گەنجیدا كۆچی دوایی كرد، لە راســتیدا تەمەن ڕێگەی نەدا ئێمە زیاتر لــەو قوتابخانەیە فێر بین، بەڵام بە تەئكید جگە لەوەی وەك باوك ئەو وەكو شەخسیش كاریگەریی هەبووە لەســەر ژیانی من هەر لەو ڕۆژەوە تا ئێستاش.

**گوڵان:** دوای ئەوەی شەهیدی هەمیشە

زیندوو ئیدریـــس بارزانی هەموومانی بەجێهێشـــت، جەنابی سەرۆك بارزانی تا چەند توانیویەتی ئەم بۆشـــاییە بۆ نێچیرڤان بارزانی پڕ بکاتەوە؟

**نێچیرڤـــان بارزانـــی:** بـــە نموونەیەك باس لەو مەســـەلەیە دەکەم، جارێکیان هەرســـێکمان دانیشـــتبووین من بووم، جەنابی سەرۆك مســـعود بارزانی بوو لەگـــەڵ خوالێخۆشـــبوو باوکم، باوکم دەچوو بۆ شوێنێك لێی پرسیم: لەگەڵ من دەچی یان لەگەڵ مامت؟ گوتم: وەڵلا من لەگـــەڵ مامم دەچم، ئینجا رووی لە ســـەرۆك مســـعود بارزانی کرد و فەرمـــووی: برام ئـــەوە ناوی منی لەســـەرە بە سیفەتی باوك، بەڵام ئەگـــەر ببیتە هەڵبژاردن لەنێوان من و تۆ، ئەوا بە دڵنیاییـــەوە پێت دەڵێم تۆ هەڵدەبژێری نەك من. پێوەندیم لەگەڵ مسعود بارزانی نەك بە سیفەتی ئەوەی مامە، بەڵکو وەك شەخســـیش، جاریّ وەکو مـــرۆڤ زۆر خۆشمویســـتووە، دووەم وەکـــو ســـەرکردە قەناعەتـــم بە بۆچوونەکانی ئەو ســـەرکردەیە هەبووە کە لەژێر ئاڵا و ســـێبەری ئەودا بتوانم کار بکـــەم، وەکو مامیـــش لە رووی سۆز و خۆشەویستییەوە دەتوانم بڵێم بە

زیادەوە ئەو بۆشاییەی پڕ کردۆتەوە کە باوکم بەجێی هێشـــتبوو، بۆیە پێوەندی من لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی لە سێ لاوە خۆی دەبینێتەوە، پێوەندی مام و برازایە، پێوەندی سەرکردەیەکە لەگەڵ کەسێك کە باوەڕی بەم سەرکردەیە هەیە، وەکو مرۆڤیش خۆشمدەوێ.

**گوڵان:** حەز دەکەین بزانین لە هەرەتی لاوێتیدا ئاراســـتەی سیاسی تۆ چی بووە و ئایا رای شـــەهیدی هەمیشـــە زینـــدوو ئیدریس بارزانی لەســـەر ئەو ئاراستەیەی تۆ چۆن بوو؟

**نێچیرڤان بارزانی:** با بە راشـــکاوانە بڵێم من لە گەنجێتیدا هەندێك برادەرم هەبوون ئاراســـتەیان چەپ بوو، لەوانە خوالێخۆشبوو حاجی عەبدولرەحمان کە شـــەهید بوو، نیاز لاجانی بەڕێوەبەری کەناڵـــی زاگرۆس، خۆشـــەوی مەلا ئیبراهیم کە ئێســـتاش لە مۆسکۆیە، زۆریش مەشغوڵ دەبووم بە خوێندنەوەی کتێب دەربـــارەی فکری چەپ، بەڵام راســـتییەك هەیە ئەویش ئەوەیە باوکم لەگـــەڵ ئەو ئاراســـتەیە نەبوو، بەڵام موناقەشەی لەگەڵدا دەکردم و هەوڵی دەدا تێمبگەیەنێت کە ئەمە راست نییە و لە راســـتیدا ئەو باوەڕی بەو فکرەیە نەبـــوو، بۆ ئـــەوەی زۆر نەکەومە ژێر کاریگەری ئەو فکرەیە، دوو کەســـی راســـپارد بۆ ئەوەی کار لەگەڵ مندا بکەن، ئەوانیش شەهید فەتاح ئاغا کە پاسۆك بوو، ئەوەی دیکەشیان شەهید فرانســـۆ هەریری بوو کەهەندێ جار شـــەهید فرانســـۆ رۆڵی چاودێریشی بەســـەرمەوە دەبینی، بـــۆ نموونە کە دادەنیشـــتین و کۆبوونەوەمـــان ئەنجام دەدا، ئەویش دەهـــات لە کۆبوونەوەکان دادەنیشـــت بۆ ئەوەی لێمان تێك بدات و بزانێت چی دەکەیـــن، جگە لەمانە هەمیشە موناقەشەی فکریمان دەبوو و پرسیارم لە باوکم دەکرد.

**گـــوڵان:** ئێســـتاش خەڵـــك نێچیرڤان بارزانی بە ســـەرکردەیەکی لاو وەسف دەکەن، کە پێت دەڵێن ســـەرکردەی لاو هەست بەچی دەکەیت؟

**نێچیرڤـــان بارزانـــی:** پێموایە من لەوە دەرچووم و پیر بووم و شەرەفێکی گەورەیە ئەگەر لەبەر رووخســـار پێم دەڵێن، ئەوا سوپاسیان دەکەم، ئەگەر لەبەر ئەوەش وادەڵێن بیرکردنـــەوەم گەنجانەیە، هەر تەنیا من وانیم، هەندێك کەس هەن لە سەرکردایەتی ئێمە کە بە تەمەن پیریش بوونە، بەڵام تا ئێستاش تێڕوانینەکانیان گەنجانەیە، منیـــش یەکێکم لەوانەی تێڕوانینەکانـــم گەنجانەیـــە و باوەڕم بەوە هەیە کـــە دەبێ گەنجەکان رۆڵی خۆیـــان ببینن و بێنە ناو پرۆســـەکە و بە جددی هەوڵی بۆ بدەن، بەتێڕوانینی من مەسەلەی گەنجێتی ئینتیمایە بۆ نیشتمان، دەبێ هەوڵ بدرێت گەنجەکان وەلائیان هەبێت بۆ ئەو دەستکەوتانەی کوردستان و ئەم بارودۆخەی ئێستا لە کوردســـتان هاتۆتە ئاراوە و هەمیشـــە هەوڵـــی بەرەوپێـــش بردنیـــان بدات. هەر بۆیـــەش بۆ زاڵبوون بەســـەر ئەو کەموکورتیانەی لەبارودۆخی کوردستان هەیە، پێویستیمان بەپشتگیری گەلی کوردستان و گەنجان هەیە.

**گوڵان:** هـــۆکاری ئـــەو گەنجێتییە بەردەوامـــەی تۆ چی ئـــەوە نییە کە وەرزش دەکەی؟

**یەکەکە دەبێت بگاتە قەناعەتێک کە بە شەڕ ناتوانێت بگاتە ئەو ئامانجانەی کە بەحساب تا ئێستا خەباتی بۆ کردووە، لایەنی تورکیش ئەگەر لەو بڕوایەدا بێت بە پەراوێزخستنی یەکەکە مەسەلەکە چارەسەر دەبێت، ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە**

**هیوادارین ئەو کرانەوەیەی لە تورکیا دەستی پێکراوە هەر ئەوەندە نەبێت. با ئەمە هەنگاوی یەکەم بێت، بەپێی ئەو قسانەی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیا کردوومانە بە تەئکید دوای هەڵبژاردن هەنگاوی جددیتریشی بەدواوە دێت و لەوە دڵنیاین**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەو شێوەیەش پیر نیم، بەڵام وەرزش دەکەم، ڕاهێنەرێکی وەرزشیم هەیە و بەبەردەوامی بەیانیان وەرزش دەکەم، ئارەزووی بە چیاهەڵگەران دەکەم و زۆرجار حەزم لێبووە چەند شەوێك لەچیا بمێنمەوە، ئێستا یاری تێنسیش دەکەم.

**گوڵان:** خەڵك وا باس دەکەن کە نێچیرڤان بارزانی لە کاروباری سیاسی و ئیداریدا بڕیاری خێرا و بوێرانە دەدات، ئایا تا چەند سوودت لەو خێرایی و بوێریە بینیوە و تا چەندیش لێیان پەشیمانی؟

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەو مرۆڤەی کارنەکات هەڵەی نابێت، تا ئەو شوێنەی لە توانامدایە هەوڵ دەدەم بڕیارەکانم بە ڕاوێژ کردن و بە دیراسەت کردنێکی تەواوەوە بدەم، نەك بڕیارێکی بەپەلە بدەم و دواتر کێشەی لەسەر دروست بێت، هەندێك جار بڕیاری بە پەلەشم داوە، ئەو بڕیارە بە پەلانە هەندێك جار هەڵە بوون و هەندێك جاریش ڕاست بوون، ئەوانەی کە هەڵە بوون لێیان پەشیمانم و ئەوانەی کە ڕاستیش بوون، پێیان خۆشحاڵ بووم.

**گوڵان:** حەز دەکەین بزانین چەند منداڵت هەیە و چۆن بایەخیان پێدەدەی؟

**نێچیرڤان بارزانی:** چوار منداڵم هەیە، دوو کوڕ و دوو کچ، کوڕە گەورەکەم ناوی (ئیدریس)ە بە باوکم ناونراوە، لە ڕا ستیدا سەرۆك مسعود بارزانی ناوی ناوە ئیدریس، کچی دووەمم ناوی (ڕانیە) یە کە دەروازەی ڕاپەڕینیشە، دوای ئەو کوڕێکم هەیە ناوی (چیاڤان) ە کە ئەمە خۆم ناوم ناوە بۆ ئەوەی ناوەکەی لەهی خۆم نزیك بێت، دوای ئەو کچێکی تریشم هەیە ناوی (مایا) یە، ئەم دووانە بچووکن دوو ساڵ و سێ ساڵن، بەڵام ئەوانی تر گەورەن ١٣ ساڵ و ١٢ ساڵن، بەڵام کە پێی بڵێی ١٣ ساڵی ئەو یەکسەر دەڵێ ١٤ ساڵم، سەرەڕای سەرقاڵیم هەوڵ دەدەم کات بۆ ئەوانیش تەرخان بکەم بەتایبەتی بچووکەکان زۆر لە منەوە نزیکن لە زۆر شت یارمەتی دایکیان دەدەم وەك قسە کردن لەگەڵیان، کاروباری تایبەت بەخۆیان، هەوڵ دەدەم کەم یان زۆر هاوکاری بکەم.



# کەواتە، عێراق دەچێتە خانەی سیستەمی کۆنفیدرالیەوە!



فەلەکەدین کاکەیی

ئەوەی چاوەڕوانی نەبووین لە سەرۆکی سوریاوە ببیەین (ببیستین)، بیستمان ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٧ لە چاوپێکەوتنی کەناڵێکی تورکیدا سەرەك بەشار ئەسەد درکاندی کە وڵاتی عێراق بە سێ لەت دەبینێ: سوننە و شیعە و کورد، گوتیشی گەر جەریانی ڕووداوەکان وەك ئێستا بڕۆن ئەوە عێراق بەسەر سێ دوەیلە( دەوڵەتۆك) دا دابەش دەبێ، ئەویش: سوننە و شیعە و کورد، پێشووتر پادشای کۆچکردووی ئەردەن، مەلیك حوسێن، گوتبووی کە چارەسەری قەیرانی وڵاتی عێراق ئەوەیە: بەسەر سێ دەوڵەتدا دابەش بکرێت: سوننە و، شیعە و، کورد.

دواتر جۆ بایدن، جێگری ئێستای سەرەك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (بەر لە بوونی بە جێگر) پرۆژە ناوودەنگەکەی خستەڕوو کە وڵاتی عێراق دەبێ لەسەر سێ دەوڵەتی قشتۆکە دابەشبکرێت، کە هاوکار بن. واتە: شێوە سیستەمێکی کۆنفیدرالی (لە فیدرالی بەربڵاوتر و پێشکەوتووتر).

دیارە هێشتا گشت سیناریۆکانی ڕۆژهەڵاتی تازەی ناوەڕاست ئاشکرا نەبوونە، چونکە لە پەنجاکانەوە باس لە پرۆژەی (هیلالی خەسیب) دەکرا کە عێراق گۆشەیەکی ئەو هەرێمەیە.

ئێستاش چەندین بیرۆکەی دیکە دێتە ئاراوە بۆ دامەزراندنی (کۆمنوێلز) ی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە لەم وڵاتانە پێکدێت: عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا، ئەردەن، لوبنان، و فەلەستین، (ڕەنگە ئیسرائیلیش)....

کۆمنوێلز، جۆرە یەکگرتوویەکی فراوانی چەندین دەوڵەتە، بیرۆکەکە لەلایەن دەوڵەتی بەریتانەوە لە سەدەی بیست هاتە ئاراوە تا گشت ئەو وڵاتانەی لە ژێر دەستی ئەو دابوون (یا بە قسەی خۆیان ئینگلیز زانەکان) لە کەیانێکی نێودەوڵەتی پان و پۆڕدا بە درێژایی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا، یەکبگرنەوە، وەلی، داود ئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا، بیرۆکەیەکی دیکەی هێناوەتەوە ئاراوە، کە باس لە پرۆژەی (یەکێتی، یا یەکگرتووی میسۆپۆتۆمایا) دەکا.. بەناوی وڵاتانی نێوان دوو ڕووبار، واتە، میسۆپۆتامیا، کە پێنج وڵات دەگرێتەوە:

عێراق، تورکیا، سوریا،ئەردەن، لوبنان.

لەم یەکگرتنەدا ئێران وەلاوەنراوە، هەروەها ناوی ئیسرائیل نەهاتووە، گریمان پرۆژەکەی داود ئۆغلو سەریگرت، ئەوە، بە لێکدانەوەیەکی سەرپێی خێرا، وەهای دەبینین کە گەلی کوردی سێ وڵات لە کەیانێکی گەورەی ئیقلیمیدا بەیەك دەگەنەوە، هیچ نەبێ لە بازاڕ و بازرگانی و کاروباری ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، ئەویش: گەلی کوردی سوریا و عێراق و تورکیا، کە پتر لە ٨٥٪ هەموو نەتەوەی کوردن.

کەواتە: لە هەر پرۆژەیەك بۆ داڕشتنەوەی نەخشە و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانن گەلی کورد پشتگوێ بخەن، چونکە کورد هەبووە و هەیە و، بووە بە فاکتەرێکی گرنگی سیاسەتی دەڤەرەکە.

بە زمانی سادەی ڕۆژانە: هەرچی بکەن لە کورد ڕزگاریان نابێ، تا ئێستا کورد هەوڵی دەدا لە هەموویان ڕزگاری ببێ وەلی لەمە و دوا ئەوانە (واتە دەوڵەتانە، دەبێ هەوڵ بدەن لە کورد ڕزگاریان ببێ!

خوا قبوڵناکا، وەکو خەڵکی کەرکووك دەڵێ، ئەوەتا (برا ) عەرەبەکانی عێراق پەیتا پەیتا شاری کەرکووك لە دانیشتووانی هاوردەی دیکەی عەرەب پڕدەکەنەوە... تەنانەت ئامارگیریشیان بە کورد ڕەوا نەبینی!

ئەوەش لە هەلومەرجێکی سەیر و سەمەرەدا، کە نە لەحکومەتی شەرعی مەرکەزی عێراق هەیە، نە هیچ لایەنێك خۆی بە خاوەنی ئەو کردارانە دەزانێ! خۆ.. لە ناوچە کوردییەکانی سوریاش هەمان(تاس و حەمامە!. لەویشدا دەڵێن: کورد لە جێگەی خۆی دەر پەڕێنە و عەرەبی بخەرەجێ).

کەواتە: هێشتا هیچ شتێك لە ئارادا نییە دڵی کورد خۆشبکات، ئەوەی هەیە لە سەر ئەرزدا دەکرێت سەر و دڵی کوردی پێدەگرن، لە کاتێکدا کورد هێشتا سەرو دڵی کەسی نەگرتووە، ئەوەش خەتاکەیەتی!

# ناسنامەی نەتەوایەتی و ناسنامەی ئایینی



عەبدولڕەحمان سدیق

مرۆڤی بانگخواز دەبێت چاو لەو میکانیزمە بکات کە پێغەمبەران – درودی خوایان لەسەر – گرتوویانەتە بەر، هەر لەم بوارەشدا دەبینین تـــەواوی پێغەمبەران، ســـەرەتا رووی دەمی داوایان لەنەتەوەو گەلانـــی خۆیان کردووە و خێر و خۆشـــی بانگەوازە خواییەکەشیان بۆ نەتەوەی خۆیان بەخەڵات پێشـــکەش کردووە، بۆیە لەقورئاندا پێغەمبەران – درودی خوایان لەســـەر – وەکـــو چەقـــی کاری بانگەواز، یەکـــەم بازنەی برایەتییـــان لەگەڵ نەتەوەی خۆیاندا بووە، بەم پێیەش بازنەیەکی برایەتی نەتەوەییان لەگەڵ بەستووە، بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرانی کـــردووە بە (برا)ی نەتەوەکەی خۆیان.

کەواتـــە ئەم کامەرانی و خێر و خۆشـــییەی کـــە دەرئەنجامـــی پیادەکردنـــی بەرنامەی ئیسلامە، سەرەتا لەهەر مرۆڤێکی موسڵمانی بانگخـــوازەوە، روودەکاتە ئـــەو بازنەیەی کە نەتەوەکەی خۆی لەچێوەیدا کۆدەبێتەوە.

پاشـــان تەواوی نەتەوەو گەلانی موســـڵمان لەبازنەیەکی فراوانتردا کە بازنەی (برایەتی ئیمانی)یـــە کۆدەبنـــەوە، ئـــەم بازنەیـــەش کۆکـــەرەوەی نەتەوە موســـڵمانەکانە و بازنە بچووکەکانی پێشوو کۆدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی بیانبڕێت یان بیانسڕێتەوە.

لەدواییـــدا بازنەیەکـــی فراوانتـــر تەواوی مرۆڤەکان لەبازنەی (برایەتی ئینســـانیی)دا کۆدەکاتەوە، هەر لەبازنەی (برایەتی ئیمانی) شـــەوە، بانگەوازی ئیســـلامیی روودەکاتە ئەم بازنە فراوانەی (برایەتی ئینســـانی) تا بەهۆی ئیسلامەوە بیانخاتە بازنەی (برایەتی ئیمانی)یەوە:

بۆیە بەپشت بەستن بەم لێکدانەوەیە دەگەینە ئەم راستییانەی لای خوارەوە:

یەکـــەم: مرۆڤ وەکو تاك، بـــەلای کەمەوە لەدنیـــادا ســـێ بازنەی برایەتی ســـەرەکی دەورەی داوە کە بازنەی (برایەتی نەتەوایەتی) و بازنـــەی (برایەتی ئیمانیـــی) و بازنەی (برایەتی ئینسانی)ن.

دووەم: هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی مرۆڤ لەگەیاندنی پەیامی ئیســـلامدا ســـەرەتا بۆ بازنەی نزیکی خۆی دەبێت و هەر کاتێکیش بەئامانج گەیشت، روو لەگەلان و نەتەوەکانی دی دەکات، واتـــە رووی خێری لەنەتەوەکەی خۆی دەبێت ئەگەر لێی زیاد بوو دەیبەخشێت بەگەلانی موسڵمان، ئەگەر لەوانیش زیادبوو، دەیبەخشێت بەگەلانی بازنەی سێیەم.

سێیەم: (نەتەوە)و (ئیســـلام) دوو چەمکی بەرامبـــەر بەیەکتر نین تا بەراورد لەنێوانیاندا بێتە ئارا، بەڵکو پێوەندییەکی ئۆرگانیی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەســـتێت، بۆیە پێوەندیی نێوان (نەتەوە)و (ئیسلام) پێوەندییەکی تەواوکارییە نەك جیاکاریی، هەر لێرەشـــەوە گەر (نەتەوە) لاشەو جەستە بێت، ئەوا (ئیسلام) بریتییە لە رۆح و گیان .

چوارەم: لێرەوە دەبێت لەخەمی دەستەبەرکردنی مافـــە رەواکانـــی نەتەوەکەمانـــدا بیـــن بە بەرنامەی ئیســـلام و پاشـــان ئـــەو قەوارە کوردســـتانییە ســـەربەخۆیە لەگەڵ تەواوی قـــەوارە نەتەوایەتییە ئیســـلامییەکانی دیدا پێکەوە لەیەکێتیەکی کۆنفیدراڵی ئیسلامییدا کۆدەبنەوەو بازنەی (برایەتی ئیمانی) پێکدێنن و بازنـــەی (برایەتی ئینســـانیی) دەرەوەی خۆیان دەدوێنن بـــۆ هیدایەتدانیان و هێنانیان بۆ بازنەی (برایەتی ئیمانی) بەهێشتنەوەی ناسنامەی نەتەوایەتییان.

پێنجـــەم: بەرنامەی ئیســـلام، کە لەســـەر مرۆڤی موسڵمان پێویستە بەدەوروبەری خۆی رایبگەیەنێت، چاکتر و باشـــتر دێتە بەرهەم ئەگەر بەزمانی هاوبەشـــی نێوان بانگخوازان و نەتەوەکانیان بێت، چونکە چاکتر لەیەکدی حاڵی دەبن، هەر لەبەر ئەمەشە خوای گەورە دوا پەیامی خۆی بەزمانێکی ئاسان و روون ناردووە بۆ ئەوەی کاریگەریی بەسەر تەواوی کۆمەڵگـــەی مرۆڤایەتیـــدا هەبێت، تایبەت نەبێت بەنەتەوەیەکی دیاریکراوەوە.

شەشەم: پێوەندیی موســـڵمانیش بەنەتەوەی خۆیەوە هەمیشـــە دەبێت پێوەندییەکی زیندوو بێت و خـــۆی بەئەندامێکی ئـــەو نەتەوەیە بزانێـــت، چونکـــە پێغەمبـــەران – دروودی خوایان لەســـەر بێت- هەمیشە بەوشەی نەرم و نیانـــی وەك (یـــا قومی) و (یـــا قومنا) لەگەڵ نەتەوەی خۆیاندا دواون، گیروگرفتی نێوان پێغەمبەران – درودی خوایان لەســـەر بێـــت –، نەتەوەکانیـــان گرفتێکی نەتەوەیی نەبووە، واتە کێشەکە لەگەڵ خودی نەتەوەکە نەبووە وەکو نەتەوە، بەڵکو لەســـەر بیروباوەڕە نامۆ، ئەو ئایینە ناڕاســـتەی نەتەوەکەیاندا بووە، بۆیە پێغەمبەران – ســـەلامی خوایان لەسەر- لەدینی ناڕاستی نەتەوەکەیان وازیان هێناوە، نـــەك لەنەتەوەکەیان، بۆیە قورئان پڕە لەدەستەواژەی لەجۆری (قوم نوح، قوم لوت، قـــوم یونس، قوم صالح، قومك، یا قومی، یا قومنا. تاد).

بەم شـــێوەیە پێغەمبەران – علیهم الســـلام- بەدرێژایـــی ژیانی دنیـــا لەخەمی نەتەوە و گەلـــی خۆیاندا بوونە، بەهیـــوای هیدایەت دانیـــان بۆ ئـــەوەی لەقیامەت و دواییشـــدا بەدیداری یەکتر شاد ببنەوە.

حەوتەم: کـــە هەر نەتەوەیـــەك بەزمانەکەی خۆیەوە شـــوێنکەوتووی پێغەمبەرانی خۆیان بوون، ناسنامەی (عەقائیدی) یان گۆڕانی بەســـەردا هاتـــووە، بۆ ئەو ئاســـتە باڵایەی کە شـــایانی باڵاترین دروســـتکراوی خوایە، بەڵام ئەم گۆڕانـــە نەبۆتە مایەی گۆڕانی ناسنامەی (نەتەوایەتی) یان.

لێرەوە بۆمـــان دەردەکەوێت کـــە (نەتەوە) و (ئیســـلام) پێوەندییەکی ئۆرگانـــی ئەوتۆ بەیەکیانەوە دەبەســـتێتەوە کە تیایدا (نەتەوە) دەفری (ئیسلام)ـە، بۆیە هەموو نەتەوەیەکی موسڵمان دوو ناسنامەی هەیە ناسنامەیەکی (نەتەوایەتی) و ناسنامەیەکی (عەقائیدی) ئێمەش وەکـــو نەتەوەی کوردی موســـڵمان، (کورد)بوونمان ناسنامەی (نەتەوایەتی)مانە، (ئیسلام) بوونیشمان ناســـنامەی (ئایینی) مانە.

# سیستەمی دارندەیی عێراق
# لە نێوان فیدرالییەت و سەنترالیزمدا



**د. ناجح ئال عوبێدی**

**تایبەت بۆگوڵان نوسیوێتی**

لە دوو توێی دەستووری عێراقیدا هاتووە کە عێراق کۆمارێکی فیدراڵییە، بەڵام سیستەمی فیدراڵی تەنیا لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراوە، دەڤەر و ناوچەکانی دیکە لێی بێبەش بوون، بەتایبەت لەو کاتەدا گەر بێت و دامەزراندنی هەرێمی دیکە لەباشووری عێراق بە بنبەست بگات.

بەوشێوەیە سیستەمی فیدراڵی تا کاتێکی دووری نادیار هەر لەسەر یەك لاق دەوەستێت، وێڕای گرنگێتی فیدراڵی بۆ چارەسەری کێشەی کورد، هەندێ خاڵی باشی تری هەیە کە ناکرێت دەسبەرداری بین، لەوانەش زامن بوونی پەرەسەندن و هاوئاهەنگیی لەناو هەموو وڵاتدا بەگشتی. یەکەمین پایەی فیدراڵی لەسەر دابەشکردنی سامان و دەسەڵاتە لەنێوان ناوچە جیاجیاکاندا، لەمەوە دەردەکەوێت فیدراڵیزم تەنیا پارێزەر و زامنکەری نەگەڕانەوەی سیستەمی تۆتالیتارییە، کە زۆرجار لە ئەنجامی گیرۆدە بوون و سەرسامێتی بە رەگەز و ئامرازەکانی پایە و هێزی سیاسی و ئابووری وڵاتەوە دروست دەبێت، بۆ پەرەپێدانی ئەزموونی ساوای فیدرالیزم لە عێراقدا پێویستە بایەخی زیاتر بە لایەنە ئابووری و دارایی و سیاسییەکان بدرێن، چونکە ئەو دوو لایەنە بەپێی ئەزموونی گەلانی دنیا زۆر تێکئالاون و یەکتری تەواودەکەن، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ناوخۆ بتوانێت ئەرك و کارەکانی خۆی پیادە بکات پێویستی بە بودجەیەکی سەربەخۆ هەیە کە بە پلەی یەکەم پشت ببەستێتە سەر بەرهەم و کەرەسەی خۆماڵی، بەبێ ئەوە سیستەمی فیدراڵی تەنیا پەیکەربەندێکی بەتاڵی بێ ناوەرۆکی لێدەردەچێت، سەرەڕای ئەوەی لە دەستووری عێراقیدا زۆر بڕگەی تایبەت تەرخانکراوە بۆ تاوتوێ و یەکلاخستنەوەی سەرچاوەکانی دارایی و دابەشکردنیان بە یەکسانی لەسەر هەموو ئاستە جیاجیاکان، بەڵام ئەو پێشهات و گۆڕانکارییانەی لەم بوارەدا روویان داوە لەئاستی ئومێددا نین.

### نامەرکەزییەت وشێوازەکانی جێبەجێکردنی لە عێراقدا

لە هەنگاوێکدا کە پازدانێکی جۆرایەتی لەپەرەسەندنی سیستەمی سیاسی عێراق بوو دەستووری عێراقی پشت دەبەستێ بە رێبازی نامەرکەزییەت لە بەڕێوەبردنی حکومەتتدا، لەو دەستوورەدا کەفالەتی ئەوە دەکرێت پارێزگا و هەرێمەکان نیمچەسەربەخۆیی و ئازادییان لەبڕیاردان و کارکردن پێ بدرێت کە بە درێژایی سەدەکانی رابردوو ئەوجۆرە کەفالەتە بەپارێزگاکان نەدراوە، ئەنجومەنی پارێزگا ملکەچ نابێ بۆ کۆنترۆڵ و ژێر سایەکەوتنی هیچ کام لە دەسەڵاتی وەزارەتەکان و دەسەڵاتی لایەنی تری دەرەوەی حکومەتیش، پارێزگاربە بەرپرسی جێبەجێکاری یەکەم لە پارێزگادا دادەنرێت، فەرمان لە سەرۆك وەزیران وەرناگرێت تەنانەت لە وەزارەتی حوکمی ناوخۆش، ئەم سەربەخۆبوونە لەدەسەڵاتی پارێزگادا بە پلەی یەکەم لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەن مەرکەزەوە دانامەزرێن، بەڵکو لەرێی هەڵبژاردنی ئازاد و راستەوخۆوە دادەنرێن، واتە لەبەرانبەر دەنگدەرەکانیان راستەوخۆ دووچاری بەرپرسیارێتی دەبێتەوە. بێگومان رەوایەتی هەڵبژاردن هێزێکی مانەوی و یاسایی بە دەسەڵاتی ناوخۆیی دەبەخشێت، بە شێوازێ بتوانێ لەبەرامبەر دەسەڵاتی مەرکەزی رووبەڕوو رابوەستێتەوە و بەشێوەی باڵاتر گرنگی بەبەرژەوەندی دانیشتوانی ناوچەکە و پەرەپێدانی پرۆژەکانی بدات، ئەم سەربەخۆبوونەی بەڕێوەبردن لەلایەن پارێزگاوە کەلە دەستووردا چەسپێنراوە وەدی نایەت تا بەسەر دینگەی توند و تۆکمەوە رانەگیرێت، لەراستیدا دەستوور مافی زیادکردنی بودجە و سەرچاوەی دارایی بە شێوازی سەربەخۆ وەك حەقێك بەدەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکان بەخشیوە لە رێگەی سەپاندنی باج و رسوم و دامەزراندنی پرۆژە و جێبەجێکردنی بەپێی یاساکانی فیدراڵی، کەچی لە واقیعدا و بەبێ گومان دەسەڵاتی ناوخۆیی هەرێم و پارێزگاکان زیاتر پشت بەستوون بە ئەو بودجەیەی کە دەوڵەتی ئیتیحادی بۆیان دابین دەکات، ئەمەش حەقیقەتێکە وا لە وەزارەتی دارایی بەغدا دەکات دەسەڵاتێکی فیعلی کردارەکی هەبێ بۆ پیادەکردنی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری خۆی لەسەر هەرێم، هەندێ جاریش بەپێی بارودۆخی سیاسی دیاریکراو ئەم مەسەلەیە قۆرخ دەکات بۆ سەپاندنی مەرج و روانینەکانی خۆی.

لەم چوارچێوەیەدا لەمادەی ١٢٢ ی دەستووری عێراقیدا هاتووە کە بەدادپەروەرانە بەشێك لە داهاتی ئیتیحادی بۆ هەرێم و پارێزگاکان تەرخان بکرێت بەشێوەیەك لەڕاپەراندنی کارو بەرپرسیارێتییەکانی خۆیاندا دوایان نەخات، ئەمەش بەرەچاو کردنی ژمارەی دانیشتوان و پێداویستی پارێزگاکە، ئەم دەقە دەستوورییە زۆر ناکۆکی لێکەوتەوە، بۆ نموونە ئەو دیالۆگە بەردەوامەی لە نێوان بەشە داهاتی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق لێکەوتۆتەوە کاتێ لەبودجەی گشتی ساڵانەدا کە کۆی گشتییەکەی بریتییە لە ٨٥ ترلیۆن دیناری عێراقی تەنیا ١٧٪ی وەك بەشە داهاتی هەرێمی کوردستان لەو پارەیە دەدرێت، ئەمەش لە دوای داشکاندنی بەشێك لەو ١٧٪یە بۆ نەفەقاتی سەرۆکایەتی و سەروەرییەکانی عێراق..

رێککەوتن لەسەر ئەم رێژەیە هەروا بە ئاسانی دەستەبەر نەکرا، بەڵکو لە دوای چەندین شەنگەبێژی و گرژبوون و ناکۆکی سیاسی دووپات بووەوەی بەردەوام بڕیاری لەسەردرا، هەموو ساڵێکیش ئەم گرژییە لەسەر دابەشکردنی بەشەداهاتی هەرێم دروست دەبێت بەهۆی نەبوونی بنەمای یاسایی روون وشەفاف لە دیاریکردنی چۆنییەتی دابەشبوونی داهاتەکان لە نێوان دەسەڵاتە هەمە چەشنەکان، ئەوەی زیاتریش ئەم بارودۆخە ئاڵۆزتر دەکات دواکەوتنی سەرژمێری گشتی دانیشتوانە کەبە ئاکامەکانی دەتوانرێت دادوەران و دروستان داهاتەکە لەنێوان پارێزگاکان و هەرێمەکاندا دابەش بکرێتەوە، بێگومان گرفتی هاوشێوەی ئەمەش لەنێوان پارێزگاکانی تردا دروست بوون، لێرە پێویستە

بیربکەینەوە لە پەرەپێدانی سیستەمی دارایی وڵات بەشێوازێك دەسەڵاتی ناوخۆی بودجەی سەربەخۆی خۆی هەبێت و لە بنەچەدا پشت بە سەرچاوە خۆماڵییەکان ببەستێت، کە لە ئەنجامدا پاشکۆیەتی دارایی نێوان تەوەر و کەنار کەمتر دەبێتەوە، بۆ سەرکەوتنی ئەم حاڵەتەش پشت دەبەسترێت بە چەندین فاکتەر لە پێش هەموویانەوە توانای دەسەڵاتی ناوخۆیە لەسەر پەرەپێدانی ئابووری خۆماڵی و هەمەچەشنەکردنی سەرچاوەکانی داهات و بایەخدانی زیاتر بەلقە ئابوورییەکان و باشترکردنی کەشوهەوای وەبەرهێنان لە ناوچەکەدا، لەلایەکی ترەوە پاڵپشتی کردنی سەربەخۆیی دارایی لەلایەن دەسەڵاتە ناوخۆییەکانەوە پێویستی بە لێك گەیشتن هەیە لەسەر دابەشکردنی سامانی نەوت کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی و بۆ ماوەیەکی درێژ سەرچاوەی بنەڕەتی وسەرەکی دەبێ بۆ داهاتی دەوڵەت..

**دابەشکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نەوت**

بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو سەرچاوە نەوتییەکان داهاتەکەی بەتەواوی دەخرایە ژێر جڵەوو بەرژەوەندی مەرکەز و لە بەغدا کۆدەکرایەوە، کەچی ئەو ناوچانەی زێڕی ڕەشی تێدا بەرهەم دەهات بەرماوەکەیان بەردەکەوت، وتەی ئەو شاعیرەیان لەسەر دەچەسپا کە دەیوت «کالعیس في البیداء یقتلها الظما و الما فوق ظهورها محمول» دواتر بەهۆی نەبوونی چاودێرییەوە ئەم سامانە دەوڵەمەندە دەبووە سەرچاوەیەکی ئابووری دارایی بۆ دروستبوونی دیکتاتۆرییەت، بۆیە پێویستە لە ژێر کۆنترۆڵێکدا بێت تا دەوڵەتی شمولی نەتوانێ هەژموون بکاتە سەر کۆمەڵگە، ئەوە بوو نەوت کرایە سپۆنسەرێك بۆ دامودەزگا سەرکوتکارییەکانی ڕژێمەکان و هاندەرێك بوو بۆ سووڕانەوەی پێچکەی جەنگەکان و کارتێ بوو بۆ کڕینی لایەنگرانی دیکتاتۆرییەت لەناوەوە و دەرەوەی عێراقدا، لەمەوە نەوت لە نیعمەتێکەوە گۆڕردرا بۆ بەڵای سەر، تا ئێستاش نەوت و غاز تەوەرەی گەوهەری زۆربەی ململانێ هەڵایسانەکانە، ترس و نیگەرانی هەیە لەسەر ئەوەی توێژێ یان چین و کەسانێ کلیلی ئەم سامانەیان بکەوێتە دەست، گەرچی ململانێ لەسەر کەرکوك زۆر هۆکاری تری نەتەوەیی و مێژوویی و هەرێمایەتی ئاڵۆزی لەپشتە، بەڵام گەوهەری ئەم کێشمەکێشە روون نابێتەوە بەبێ یەکلاکردنەوەی هۆکاری ئابووری کە لەو یەدەگە شاردراوە نەوتییەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە ژێر زەوی ئەم پارێزگایەدایە. لەلایەکی ترەوە نیگەرانی زۆر توێژ و لایەن لەوەدایە لە هاوکێشەی کێبەرکێی سامان بکەونە دەرەوە و بەشێوازێکی دادوەرانە ئەم داهاتی نەوتە دابەش نەکرێتە سەر هەموو توێژەکان. هەندێ ناوچە پشکی شێریان تێدا هەیە، سەرکەوتنی هەر ڕێکەوتن و دانوستانێکی ناوخۆیی جەخت کردنەوەیە لەسەر دابەشکردنی یەکسانی ئەم داهاتە لەسەر دامرکانەوەی نیگەرانییەکان، لە دەستووردا زۆر ماددە هەن بوو ناوهێنانی ئەم گرفتە هەستەوەرە، لە مادەی (١١١)دا هاتووە کە نەوت موڵکی هەموو گەلانی عێراقە بەهەموو پارێزگا و هەرێمەکانیانەوە..

دواتر لەمادەی (١١٢) مافی بەرێوەبردنی نەوت و غازی هەیە لەو کێڵگانەی ئێستا هەن هاوکات جەخت لەسەر زەروورەتی دابەشکردنی داهاتەکە بەشێوازێکی یەکسان دەکاتەوە بەشێوازێك لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوانی هەموو ناوچەکاندا بگونجێت، دەستوور بە تەنیا ناتوانێت چارەسەر بۆ ئەم گرفتە ئاڵۆزە بدۆزێتەوە کە پێویستی بەدارشتنەوەی بڕیاری یاسایی هەیە، بەڵام شکستی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوو لەسەر ئیمزاکردنی یاسای نەوت دەرگای بەرووی زۆر ناکۆکی کردەوە کە ئێستا لە نێوان بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بوون لەوانەش گرفتی تایبەت بە تەنقیب لەسەر کێڵگە نەوتییەکان، دەرهێنان و بازاڕ بۆ دۆزینەوەی نەوت کە هەمووی بەهۆی ئەو بۆشاییە یاساییەوە دروست دەبن.

هەروەها نەبوونی یاسای ڕوون لەسەر دابەشکردنی سامانی نەوت بوارێکی نارێك و قۆڵگیر دروست دەکات وەك ئەو هەوڵانەی هەندێ خێڵ و هۆزی پارێزگاکانی باشوور بۆ وەرگرتنی باج لەسەر کۆمپانیا بیانییەکان دەیچەسپێنن لەبەرانبەر ڕێگەدانیان بە حکومەت تا ئەو ڕێکەوتنانەیان لەگەڵ مۆر بکات، کە تایبەتن بە پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان. بێدەنگ بوون لەسەر ئەم رەفتارە نایاساییانە زیانی گەورە بە سومعەتی عێراق دەگەیەنێ و زۆر لایەنی تریش هان دەدات بەشێوازی تر پەلاماری پارچە کێکی خۆیان بدەن. بڕیاری بەخشینی یەك دۆلار لە بەرانبەر هەر بەرمیلەنەوتێکدا بۆ ئەو پارێزگایەی لە خاکی ئەودا نەوتەکەی لێ دەردێت هەنگاوێکی گرنگەبۆ لابردنی ئەو هەست بە کەم سەیر کردنەی لەو پارێزگایانەدا هەن و زوڵم وستەمیان بەدەست ڕژێمی دیکتاتۆری سەدامەوە چەشتووە، بەڵام ئەمە تەنیا هەنگاوێکە بۆ چوونە سەر ڕێگەی ڕاست و پێویستە هەنگاوی تری بەدوادا بێت، تا داهاتی نەوت بە روونبینی و ڕێژەی دیاریکراو و دادوەرانە لەسەر هەر سێ ئاستی (مەرکەز و هەرێم و پارێزگاکان) دابەش بکرێت..

**بەرەو چاکسازی سیستەمی باجدان**

تا ئێستاش داهاتی باجەکان و گومرگی ٥٪ ی داهاتی موازەنەی گشتی دەوڵەتە، تەنیا نەوتە کە دینگەی سەرەکی داهاتەکەیە، بە مەرجێ لە بازاڕە جیهانییەکاندا نرخەکەی لە هەڵکشان و داکشاندایە، لێرەوە گرنگی زیاتر دروست دەبێت بۆ چاککردنی سیستەمی باج و گومرگ بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هاوبەشی کردنی باج لە ڕێکخستنەوەی موازەنەی گشتی و ئەکتیف کردنی وەك ئامرازێکی کاریگەر بەسەر سیاسەتی ئابووری وڵاتەوە.. ئەمە هەنگاوێکی پێویستە، چونکە بودجەی دەوڵەت ساڵانە لە ئاست ئەو ڕێژە داواکراوەیدا کەم دەهێنێ، رەنگە بۆ ئەمساڵی ٢٠١٠ نزیکەی ٢٠ ملیار دۆلارێك کەم بهێنێ، لەپاڵ هەوڵی بێ پەروا بۆ فراوانکردنی تەوەری باجدان پێویستە شێوازێکی فیدراڵیانە بۆ سیستەمی باجدان بدۆزرێتەوە، مەبەست لێرەدا دەست ئاوەلاکردنەوەی دەسەڵاتی ناوخۆیی پارێزگاکان و هەرێمەکانە لەوەی ڕێگەیان پێ بدرێت یاسای تایبەت بە شێوازی نوێی وەرگرتنی باج بدۆزنەوە تا بودجەی گشتی پێ دەوڵەمەند بکرێت، بە جۆرێك لە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئابووری وڵات لانەدات.

لەلایەکی ترەوە پێویستە یاسای نوێ دارێژرێتەوە بۆ دابەشکردنی سەرچاوەکانی باجدان لەنێوان دەسەڵاتە جیاجیاکاندا بەشێوەیەك هەریەك لە دەسەڵاتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێم و حکومەتە ناوخۆییەکانی پارێزگاکان ڕێژەی دیاریکراویان بەربکەوێت لە باجی داهات وباجی خانووبەرە، دەشکرێ سوود لە ئەزموونی هەندێ وڵاتی پێشکەوتووی وەك ئەڵمانیا وەربگیرێت کە باج سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتی دەوڵەتیانە بەپێی بەندی یاسای هەمە جۆر دابەش دەکرێتە سەر هەموو کەناڵ و ناوەند و بەشەکانی کە ئەو دەوڵەتەی پێوە بەرێوە دەبرێت. یاسای تایبەتیان هەیە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی باجدان و ئەو لایەنانەی کە وەریدەگرن و ئەوانەی کە جێبەجێی دەکەن، پشتبەستن بە ڕێبازی فیدراڵی لە دابەشکردنی سەرچاوە داراییەکانی وڵاتدا دەتوانێت ئەو توندوتیژییەی لە ململانێ سیاسی و ئەتنی و ناوچەیی و مەزهەبییەکاندایە لە عێراقدا خاو بکاتەوە، ئاستی پێوەندی نێوان هەرێم و پارێزگاکان بۆ بەرژەوەندی هەمووان رێك بخرێتەوە.

# گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەی وەبەرهێنەران لە هەرێمی کوردستان



پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەمین محەمەد ئال ئیدریسی

لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا کە لەسەر پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستانە، سەرەتا پێویستە دادوەرانە بارودۆخی هەرێم لە رووی ئابوورییەوە هەڵسەنگێنین. لەراستیشدا رەخنە لەخۆگرتن پاڵنەرێکە بۆ دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکان و دوتر چارەسەرکردنیان، هەروەها ئاماژەدانە بەو کەلێنانەی کە پێویستییان بە پڕکردنەوەیە، هاوکات گەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ئێستاو ١٠ ساڵ لەمەوبەردا بەراورد بکەین، دەبینین ئاوەدان کردنەوەیەکی بەرفراوانی بیناسازی و مەدەنی لە شەقامەکان و پارکەکان و بازاڕو بیرکردنەوەی خەڵکیدا دروستبووە، کە لەچاو پارێزگاکانی باشووری عێراقدا شارستانییەتی هەرێمەکەی گۆڕیوە، تارادەی سەرسامبوونی وڵاتانی دەوروبەر بەم پێشکەوتنە خێراییەی کە لەهەرێم لەماوەی ئەم چەند ساڵەی پێشوودا روویداوە ..

**یاسای وەبەرهێنانی کار پێکراو لەهەرێم دا هەموو جۆرە پرۆژەکانیان خستۆتە خانەیەکەوە**

کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون و ئاسانکارییەکانی بانکی خانووبەرە تارادەیەك گرفتی نیشتەجێبوونی چارەسەرکردووەو کرێی خانووشی نزمکردۆتەوە، گەر وا نەبووایە رێژەو بڕی کرێ دەگەیشتە ئاستێکی خەیاڵی بەتایبەت لەشارانێکدا کە ئارامی و سروشتی قەشەنگی تێدایە. زۆرکەس بەهەڵە لەرۆڵ و ئەرکی پارکە گەورەکان و سۆپەرمارکێتەکان تێگەیشتوون وادەزانن تەنیا پارە بەردانەوەیەکی بێ قازانجە بۆ هەرێم، گەرچی ئەم بازاڕە گەورانە رووکەشێکی بەکارهێنەرانە دەداتە تاکەکانی کۆمەڵگا چونکە کەلوپەلەکان لەناوخۆدا دروست نەکراون بۆیە بەهای دراو بەشێوازێکی دروستانە بەرز نابێتەوە، هاوکات دەزگا بەرهەمهێنەرەکانی دەرەوەی هەرێم چالاکتر دەکات، بەڵام گەر لەم رووەی ترەوە تەماشای بکەین بەهۆی ئەو بازاڕانەوە بەهەزارەها گەشتیار روو لەهەرێم دەکەن و بەسەدان ملیۆن دینار لەناو پارك و بازاڕەکاندا خەرج دەکەن بەمەش رەوڕەوەی چالاکی ئابووری دەچێتە پێشەوەو پارە لەناو هەرێمدا جووڵەی پێ دەکەوێت، گەر ئەم سەدان هەزار خەڵکەی دەرەوەی هەرێم بەمەبەستی گەشتیاری و کارکردن روو نەکەنە بازاڕەکانەوە دۆخێکی بێ بازاڕی لەناو هەرێمدا دروست دەبێت، کەواتە تەنیا شوێنە گەشتیارییەکانی وەك جوندیان و بێخاڵ و سەرسەنگ و شەقڵاوە گەشتیار راناکێشنبۆ ناوەوەی هەرێم، بەڵکو شەقامی رێکو پێك و پارکی بەرفراوان و سوپەرمارکێت و بنکەکانی تەندروستی و شوێنە کەلەپوورییەکان زیاتر گەشتیار رادەکێشن. هەروەك چۆن لە ئیماراتی دوبەی بازاڕە بازرگانییە گەورەکان و بنکە شارستانییەکان لەهەموو دنیاوە خەڵك رادەکێشن، گرنگە ناوەڕۆکی ئەو بازاڕانە بزانرێت کە چی تێدا دەڕژێنرێت، ناکرێت دەرگا لەهاتنە ژوورەوەی کەلوپەلی بیانی بگیرێت گەر توانای بەرهەمهێنانی خۆماڵی کامڵ نەبوبێت، بەڵام زیانەکە لەوەدایە لە ٩٠٪ ی کەلوپەلەیەکە لەدەرەوەدا بەرهەم هاتبێت، لەبەرامبەریشدا باج و رسومات بەو شێوەیە نییە کە لەوڵاتانی تردا هەن. حکومەتی هەرێم بەو مووچە زۆرەی کە بۆ فەرمانبەرانی دابینکردووە وەك ئەوەیە ئاو بەناو بۆری تەقیودا بەرێت، بەمشێوەیەی ئێستا رەورەوەی چالاکی ئابووری خۆماڵی نابووژێتەوە، بۆ نموونە تەنانەت بەرووبوومی کشتوکاڵی خۆماڵی و پیشەسازی سادەش هەر لەدەرەوە دێت، وەبەرهێنەرەکان لەبەر قازانجی خێرا نایانپەرژێتە سەر بەرهەمهێنانی خۆماڵی، چونکە وەبەرهێنی بیانی دەتوانێت بەرووبوومی کشتوکاڵی و پیشەسازی بەنرخێکی کەمتر لەخۆماڵییەکە بخاتە بازاڕەوە، وەبەرهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی زەمەن و کاتێکی درێژی دەوێت بەهۆی بارودۆخی وەرزییانەو کەش و هەواو ئامێری پێشکەوتووەوە دابین دەکرێت، هەروەها بەهۆی درێژبوونەوەی ماوەی دامەزراندنی کارگەکان تا ئەو کاتەی دەکەونە سەر سکەی خۆیان، بۆ بەرهەمهێنانی خۆماڵی بەپێی بەیاناتی فەرمی ژمارەی کۆمپانیا خۆماڵییەکان کە لەشاری هەولێر تۆمارکراون لەنێوان ساڵانی( ١٩٩٥ تا ٢٠٠٨ )دەگەنە ٢١٦٩ کۆمپانیا، لەناو ئەم ژمارەیەدا ١٢٧٢ کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی گشتین و ١٤٠ کۆمپانیای بازرگانی گشتین، واتە بەرێژەی لە ٥٨,٦٤٥٪ لەبەرامبەر لە ٨,١١٤٪دا، ئەمەش ناهاوسەنگی لەبازاڕدا دروست کردووە، لەکاتێکدا ژمارەی کۆمپانیا پیشەسازییەکان تەنیا ١١٤ کۆمپانیان و کشتوکاڵییەکانیش ٢٧ کۆمپانیان واتە بەرێژەی لە ٥,٢٥٦٪ لەبەرامبەر لە ١,٢٤٥٪، بەڵام ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکانی کە لەپارێزگای ئەربیل تۆمارکراون لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٠ تاکو ٢٠٠٨ ) ٥٧٤ کۆمپانیایە. لەو ژمارەیە تەنیا ٣٠٢ کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی گشتییەو ١٢٠ کۆمپانیای بازرگانی تێدایە، واتە بەرێژەی لە ٥٢,٦١ لەبەرامبەر ٢٠,٩٠٪ لەکۆی کۆمپانیا بیانییەکان، لەکاتێکدا ژمارەی کۆمپانیا پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان لە ١٢ کۆمپانیا تێنەپەڕیوە، هاوکات تەنیا ٦ کۆمپانیای بیانی تێدایە کە رێژەیان لە ٣,٦٦٪ بەرامبەر لە ١,٤٪.

لێرەوە پرسیار دەوروژێت مادام وەبەرهێنەکان بــەدوای قازانجی خێرادا دەگەڕێن، گوێ بە ئابــووری توندو تــۆڵ و بەهێز نادەن چی شــتێك بکرێت بۆ ئەوەی ئاراستەی بیرکردنەوەکانیان بگۆڕدرێت ؟ سیاســەتی دارایــی و بازرگانــی حکومەت وەڵامی ئەم پرســیارە دەداتــەوە بەنموونە لەوڵاتی ئەردەندا یاســای وەبەرهێنانی ژمارە ١٦ی ســاڵی ١٩٩٥ ســێ توێژی پەرەپێدانی دیاریکردووە.

توێژی یەکەم: ئەو هۆتێلانەیە کە لەســەر کەناری دەریای مــردوون و بەقووڵایی ٥ کیلۆمەتر چوارگۆشەن لە ٢٥٪ ی قازانجی ئەو پرۆژانە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەمێژووی دەستبەکاربوونیانەوە لەباج بەخشراون.

توێژی دووەم : پرۆژەکانی پیشەســازین لە ٥٠٪ ی قازانجەکەیان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەباج بەخشراوە ..

توێژی سێیەم : پرۆژەکانی کشتوکاڵی و هەروەها پرۆژەکانی دەریایی و گواستنەوەیە لەرێــگای شــەمەندەفەرکە بــۆ ماوەی ١٥ ســاڵ لــە ٧٥٪ ی قازانجیان لە باج بەخشراوە.

لەمــەوە بۆمــان دەردەکەوێــت پرۆژەکان دابەشــی ٣ توێژی جیا کــراون ئەمانەش خراونەتە ناو سیاسەتی ئابووری ئەردەنیەوە وەك لەرێژەکاندا دیــارە وەبەرهێنی کەرتی کشــتوکاڵی و ژێرخانی ئابــووری زیاتر هاندراون، تاکو پێداویستییەکانی ئاسایشی خۆراکــی دابیــن بکەن هەروەهــا هێزی کار بەگەڕبخەن. لێخۆشــبوونی لە ٧٥٪ ی قازانــج لە بــاج تایبەتمەندی باش بە کەرتی کشــتوکاڵی و پیشەسازی دەدات، دواتــر ئــەو قازانجەی کــە وەبەرهێن لەم پرۆژانــەدا دەیکات بەپێــی ئاروودۆخەکان بەرزو نزمی بەخۆوە دەبینێت، بەڵام یاسای وەبەرهێنانی کار پێکراو لەهەرێم دا هەموو جــۆرە پرۆژەکانیان خســتۆتە خانەیەکەوە واتە هەموویان بۆ ماوەی ١٥ ســاڵ لەباج و رســوماتی گومرکی لێیان خۆشــبوون، ئەمەش بەپێی یاســای وەبەرهێنانی ژمارە ٤ ی ســاڵی ٢٠٠٦ کە ئــەم کەرتانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- پیشەسازی تەواوکار وکەرتی کارەبا .
٢- کشــتوکاڵ بەهــەردوو خانــەی رووەکــی و ئاژەڵــی و بێســتان و خزمەتگوزارییەکانیانەوە.
٣- هۆتێــل و پرۆژە گەشــتیارییەکان و شارەکانی یاری.
٤- تەندروستی و ژینگە .
٥- توێژینەوەی زانستی و تەکنەلۆژیا .
٦- گواستنەوەو گەیاندنی هاوچەرخ .
٧- بانك و کۆمپانیاکانی دڵنیایی.
٨- پرۆژەکانــی ژێرخانــی ئابووری کە لەباڵەخانەو رێــگاو پردو فرۆکەخانە پێك دێت.
٩- بازاڕە هاوچەرخەکان.
١٠- فێرکردن بەهەموو قۆناغەکانییەوە.
١١- هــەر پرۆژەیەکی تر کە ئەنجومەنی وەبەرهێنان بەپێی یاســا بڕیاری لەســەر دەدات.

لەم پــرۆژە یاســایەدا کــە وەك یەکی و یەکســانی و ئاســانکاری لــە نێوان هەمــوو پرۆژەیەکدا هەیــە بە تایبەت لە لێخۆشبوونەکانی باج دا وا لە وەبەرهێنەکان دەکات تەنیا روو لە ئەو پرۆژانە بکەن کە قازانجی خێرایان بۆ مســۆگەر دەکات. لــە ٧٦،١٪ ی ســەرمایەی وەبەرهێنان لەساڵانی (٢٠٠٧ تا ٢٠٠٨) تەنیا رووی لەکەرتی نیشــتەجێبوون و گەشــتیاری کــردووە، بەمشــێوەیە بەهیچ شــێوەیەك ئاســانکاری بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی نەکراوە تا کەلوپەلی خۆماڵی کــە لەناو هەرێمــدا بەرهــەم بهێنێت و لەبەرامبــەر کەلوپەلــی بیانی دا خۆی راگرێت بەتایبەت لە ئاستی جۆرو نزمی نرخــی کەلوپەلی بیانــی، خۆماڵییەکە زیانی پــێ دەکات بۆنموونە مریشــکی بەرازیلــی لــەدووری هــەزاران میلەوە بەنرخێکی کەمتــر دەخرێتە بازاڕەوە، یان کەلوپەلی کارەبایی بەنرخێکی زۆر هەرزان دەهێنرێت، بۆیە رێگا نــادات کارگەی تایبەت بەدروســتکردنی ئەو کەلوپەلانە لەهەرێمــدا دروســت بێت. ئــەم گرفتە لــەزۆر وڵاتی تردا دروســت بووە، بەڵام بەسیاسەتی گونجاو رووبەرووی بوونەتەوە، بۆ هەر وڵاتێك پێویســتە فەلسەفەیەکی پەرەپێدانــی تایبەت بەپێــی باروودۆخی خۆیــان دارێژنــەوە، لێکۆڵینەوەکانــی مێژووی ئابووری وادەردەخەن کە لەسەدەی نــۆزدەدا کاتێك بەریتانیا هەنگاوی بەرەو ئازادی ئابووری دەنا، هیچ بەربەستێکی گومرکییــان بــۆ بەرهەمــی خۆماڵی دانەنابوو، هەروەها ئەڵمانیاش پارێزگاری گومرگی بۆ پیشەســازی خۆی دروست کردبــوو لەبەرامبەردا باجــی گومرکی زۆریان خستبووە ســەر کەلوپەلی بیانی، بەمشــێوەیە ئاراســتەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی بەلای خۆماڵیدا پارسەنگی دایەوە.

بــۆ ســوود وەرگرتن لەمێژوو پێویســتە نەخشــەیەکی وەبەرهێنــان وەڵامی ئەم پرســیارانە بداتەوە، پــرۆژەی وەبەرهێنان چەند دراوی بیانــی کۆدەکاتەوە؟ چەند هەلی کار دەرەخسێنێت؟ چەند کەرەستەی خۆماڵی لــە پــرۆژە پیشەســازییەکە بەکاردەهێنێت؟ لەکاتێکدا هەرێم باشترین ئاوی سروشتی ســەر زەوی و ژێر زەوی تێدایە کەچــی بوتڵە ئــاوی خواردنەوە لەدەرەوە دەهێنن، پێویســتە گرنگی زیاتر بدرێتە ئەو پرۆژانــەی کە تەکنەلۆژیای ئاڵــۆزی تێدا بــەکار ناهێنرێت بۆنموونە ســاردکەرەوە و زۆپا دەکرێت بەپارەیەکی کەمتــر لەناو هەرێمدا دروســت بکرێت، یا ئەو هەموو بارە قورســەی کەمالیات و موبیــلات کــە دێنــە نــاو هەرێمەوە وایانکردووە کەس گرنگی بەدارتاشــی و ئاســنگەری و کاری دەستی نەدات، یا ئەو خۆڵ و خاشاکەی کە بەرێگای کۆن و کلاســیکی فڕێ دەدرێنە دەوروبەری شــارەکان بێ ئەوەی سەر لە نوێ سوودو کەڵکــی لێوەربگیرێتەوە لەکاتێکدا وڵاتان بەپــارە خۆڵ و خاشــاك لەکۆمپانیاکانی پاککەرەوە دەکڕنەوەو ناهێڵن ژینگەشــیان پیس بێت.

کاتی ئەوە هاتووە چواردەوری شــارەکان بەجۆرەها داری بەرهەمهێن سەوز بکرێن تا بازاڕی خۆماڵی پڕ بکرێن لەبەرووبوومی تــازە، ئەمــەش بەپشتبەســتن بەتۆڕی ئاودێــری نەك بــاران . زیندووکردنەوەی پیشەســازی میللــی و کەلەپــووری و بەکارهێنانیــان وەك کاڵایەکــی بەنرخی بازاڕی لەناو هەرێــم و دەرەوەدا گرنگی تایبەتــی خۆی هەیەو بــۆ دۆزینەوەی هەلی کار سوودی تایبەتی هەیە.

بەمشــێوەیە کاتی ئەوە هاتووە یاساکانی وەبەرهێنــان و شــێوازی عەقڵییەتــی بەرێوەبردنــی ئابووری، چاکســازی و نوێکاری تێــدا ئەنجام بدرێت کە لەگەڵ واقیعــی ئابــووری هەرێــم و جیهانیدا بگونجێت.

کاتی ئەوە هاتووە یاساکانی وەبەرهێنان و شێوازی عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی ئابووری، چاکسازی و نوێکاری تێدا ئەنجام بدرێت

وەبەرهێنەرەکان لەبەر قازانجی خێرا ناپەرژێتە سەر بەرهەمهێنانی خۆماڵی



# حزبی سیاسیی گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵگەی دیموکراسییە ئاچووغبوونی دیموکراتی بەنوێبوونەوەی حزبەکان دەڕەوێتەوە



((حزبە سیاسییەکان هەتا ئەگەر هەیکەلی ڕێکخراوەیی و قەبارەو ئایدلۆژییەت و شێوەی کارکردنیشیان لەیەکتری جیاواز بێت، پێویستن بۆ سیستمی دیموکراتی و بەبێ حزبی سیاسیی دیموکراسی بوونی نییە، حزبەکان گرنگن لەبەر ئەوەی ڕۆڵی میانگیر لەنێوان دەنگدەر و دەوڵەت دەگێڕن و دەبنە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی دەنگدەر بتوانێت نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەو پێناسانەی بۆ حزب دەکرێت پێناسەی زۆر فراوان و لە پێناسەی توندڕۆیی و تەسکیدا خۆی دەبینێتەوە، باوترین پێناسە بۆ حزب ئەوەیە پێویستە حزب لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا ئامادەیی ململانێی تێدابێت بۆ ئەوەی کاندیدەکانی لە هەڵبژاندا دەربچن، بەڵام دیسان پارتەکان ئەرکەکانیان زۆر فراوانە و زۆر لایەن دەگرێتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی مەرج نییە هەموو حزبێک هەموو ئەو ئەرکانە هەڵسوڕێنێت یان بەهەمان ئاست ڕۆڵی کاریگەری هەبێت. پارتە سیاسییەکان لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو ئەرکە لەکۆمەڵگە پیادەکەن، بەڵام لە پێناوی ئەوەی پرۆسەی دیموکراتی لە کۆمەڵگە ڕووبەڕووی ئاچوغ بوون نەبێتەوە، ئەوا پێویستە حزبەکان لەناوخۆی خۆیاندا دیموکراتی و شەفاف بن و ڕێکخەری پێوەندییەکی باش بن لەنێوان سەرکردایەتی و ئەندامانی خوارەوەدا)).

ئەندراس بۆزاک

**بەبێ حزبی سیاسیی دیموکراسی بوونی نییە**

پرۆفیسۆر ئەندراس بۆزاك کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی سەنترالی ئەوروپا لە بۆدابست لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی (پارتە سیاسییەکان و ئاسۆی دیموکراتی، Political Parties and the Prospects for Democracy) لەگەڵ ئەوەی حزبە سیاسییەکان بە توخمی سەرەکی بونیادی دیموکراتی لەکۆمەڵگە دەسنیشان دەکات و ڕووبەڕووی ئەم ئەرکە گرنگانەیان دەکاتەوە، بەڵام مەرجی ئەوەشی داناوە و ئاماژە بەوەدەکات بۆئەوەی دیموکراتی ڕووبەڕووی ئاستەنگ یان ئاچوغبوون نەبێتەوە، ئەوا پێویستە حزبە سیاسییەکان خۆیان لەژیانی ناوخۆی حزبدا دیموکراتی و شەفاف بن، هەروەها پێویستە پێوەندییەکی دیموکراتیانەش لەنێوان سەرکردایەتی و ئەندامانی حزبە سیاسییەکە ڕێکبخات. پرۆفیسۆر ئەندراس ئەرکە فراوانەکانی حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بەم خاڵانە دەستنیشان دەکات:

١. حزب ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەدیاریکردن و دەستنیشانکردنی دەستەبژێری سیاسیی وەك کاندید بۆ هەڵبژاردنەکان و بۆ پڕکردنەوەی پۆستە حکومییەکان.

٢. حزب ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەپێکهێنان و پشتگیرکردنی حکومەت و دارشتنی سیاسەت و بەرنامەی حکومەتدا.

٣. حزب ڕۆڵی یەکخستنەوە یان کۆکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەگێڕێت لەمیانەی هاندان و بانگەشەی هەڵبژاردندا، ئەمەش واتە تاکەکانی کۆمەڵگە لەدەوری بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە کۆدەکاتەوە.

٤. حزب لەمیانەی پیشاندانی بەرژەوەندییە گشتییەکان و کۆکردنەوەی دەنگ بۆ ئەو بەرژەوەندییە گشتییانە شەرعیەت بۆ سیستمە سیاسییەکە پەیدا دەکات.

وێڕای ئەم هەموو ئەرکە، ئەندراس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بەڵام حزب نوێنەرایەتی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە ناکات، بەگەڕانەوە بۆ ڕیشەی ناوی حزب (Party) کە وشەی (Part)ی لێ پێکهاتووە و بەمانای بەشێك دێت، مانای وایە حزب نوێنەرایەتی بەشێکی کۆمەڵگە دەکات و فرە حزبی کۆمەڵگە دەبێت کۆی بەشەکان و پێکەوە نوێنەرایەتی کۆمەڵگە دەکەن. بۆ زیاتر هەڵوەستەکردن لەسەر گرنگی پارتە سیاسییەکان پرسیارمان لە پرۆفیسۆر لویس دەیڤدسۆن ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی میامی کرد، ئەویش لەوەڵامدا بەمجۆرە سەبارەت بەگرنگی پارتی سیاسیی بۆ گوڵان

**پێویستە حزب لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا ئامادەیی ململانێی تێدابێت بۆ ئەوەی کاندیدەکانی لە هەڵبژاردندا دەربچن**



**کینس ریچارد بۆ گوڵان:**

# زۆر گرنگە بوار بە خەڵکی بدرێت بەشداری لە پرۆسەی بڕیارسازی پارتە سیاسییەکاندا بکەن

ڕای خۆی خستەڕوو و وتی:((ژمارەیەك هۆکار هەیە لەبارەی گرنگی هەبوونی پارتی سیاسی، یەکەمیان ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان هەڵدەستن بە گەیاندنی پەیام و خواستی هاوولاتیان بۆ دەسەڵاتدارانی وڵات، لەبەرئەوەی هەر هاوولاتیەك دەنگ بەو لایەنە دەدات کە لەگەڵ خواستەکانی دەگونجێت و هەروەها بۆ ئەوەی ئەو پارتەی کە دەنگی پێی داوە فشار بخاتە سەر حکومەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو لایەنە یان ئەو کێشەیەی کە ئەو هاوولاتییە بایەخی بە چارەسەرکردنی داوە، بەڕای من گرنگترین ئەرکی پارتە سیاسییەکان ئەوەیە کە ئەلتەرناتیڤ لەپێش هاوولاتیان فەراهەم دەکات. ئێمە لێرە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٢ پارتی سیاسیی سەرەکیمان هەیە و بەشێوەیەکی گشتی هاوولاتییانی ئەمریکا ٢ هەڵبژاردنیان لەپێشە، یان ڕەش یان سپی، مەسەلەکان هەمیشە ٢ لایەنی تێدایە. لەولاتی ئەڵمانیا خوێندوومەو لە ئەڵمانیا چەندین پارتی سیاسیی بەهێز هەیە و کاتێك کە هاوولاتیان دێنە سەر بیرکردنەوە لەبارەی مەسەلەکان، دەرفەت و کاتی زۆریان بەدەستەوەیە بۆئەوەی لە چەندین گۆشەی جیاوازەوە لە مەسەلەکان بڕوانن. بۆیە بەڕای من چەند کۆمەڵگە خاوەن ژمارەیەکی زیاتر بێت لەپارتی سیاسیی، هاوولاتیان ئەوەندە زیاتر دەرفەتیان دەبێت بۆ سەیرکردنی مەسەلەکان لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوە. لایەنێکی دیکە لە گرنگی پارتە سیاسییەکان ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان سەرکردەکانی داهاتوو هەڵدەبژێرن و جۆرە جێگیری و بەردەوامبوونێك بە سیاسەت و شێوازەکانی حکومڕانی دەبەخشن. پارتی سیاسیی زۆر لە خودی کەسێك گرنگتر و باڵاترە، لەبەرئەوەی هەموو پارتێکی سیاسیی خاوەن کۆمەڵێك بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیا و پرۆگرام و سیاسەتە و کاردەکات لەپێناوی گەیاندنی کاندیدەکەی بۆ دەسەڵات و پەیڕەوکردنی پرۆگرام و سیاسەتەکانی، هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە جۆرە سیاسەتگەلێك داڕێژێت بۆ گۆڕینی هەر سەرکردەیەك کە ئەگەر هات و نەخۆش کەوت یاخود گیانی لەدەستدا و کەسێکی شیاو بێنێتە شوێنەکەی کە خاوەن هەمان پرەنسیپ و هزر و پرۆگرام و سیاسەت بێت. هەر بۆیە مەسەلەکە تەنیا پەیوەست نییە بە خودی کەسێك، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە پرۆگرام و سیاسەت. بۆیە ئەگەر بێت و سەیری سیستەمە دیموکراسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا بکەین، دەبینین سەرهەڵدانی پارتە سیاسییەکان بەهۆی دابەشبوون بووە

**پێویستە حزبەکان لەناوخۆی خۆیاندا دیموکراتی و شەففاف بن و ڕێکخەری پەیوەندییەکی باش بن لەنێوان سەرکردایەتی و ئەندامانی خوارەوەدا**

لەنێو کۆمەڵگەکان. هەندێك هەن لە وڵاتان کۆمەڵگەکانیان دابەش بووەتە سەر ٢ چین، گرووپێکی لەرووی ئابوورییەوە زۆر باش نییە و لە گوزەرانییەکی خراپدا دەژین، لەکاتێکدا گرووپێکی تری لەئاستێکی بەرزدا دەژین لە خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی و دەبینین گوزەرانی گرووپێك لە گرووپێکی تر باشترە. لەئاکامدا دەبینین لەنێو ئەم جیاوازییەدا لە چینەکان پارتی سیاسی سەرهەڵدەدات و پارتی سیاسی هەیە کە لەچوارچێوەی بەشی ئابووری درووست دەبێت و بانگەشە بۆ چاکسازی ئابووری و پەرەپێدان دەکات، لەکاتێکدا پارتی سیاسیی تر لە چوارچێوەی ئاییندا دروست دەبێت و بانگەشە بۆ ئایین دەکات، بۆ نموونە لە ئەورووپا چەندین پارتی دیموکراتی مەسیحی هەیە و کە زیاتر جەخت دەکەنەوە سەر مێژووی کڵێسەی کاتۆلیکی، لەکاتێکدا پارتی سیاسیی دیکە لە ئەورووپا هەیە کە عەلمانین و لەگەڵ ئەوەدا نین کە کڵێسە رۆڵی هەبێت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لە پرۆفیسۆر کینس ریچارد کرد لە زانکۆی دبلن سەبارەت بەگرنگی پاتە سیاسییەکان و لەوەڵامدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: (لە راستیدا تۆ پێویستیت بە میانگیرێك هەیە لەنێوان خواستەکانی خەڵك و سیاسەتدا، پارتە سیاسییەکانیش رێگەیەکی عەمەلین بۆ نوێنەرایەتیکردنی سیاسەت و حکومەت. بە پێچەوانەوە هیچ دەزگایەکت نابێت بایەخ بە بواری دەسەڵاتی یاسادانان بدات. بۆیە سەرەتاو پێش هەموو شتێکی دیکە، دەبێت پارتە سیاسییەکان پەرە بە سیاسەتێك بدەن کە ئەو سیاسەتەش لەسەر کۆمەڵێك بەرژەوەندی جێگیری کۆمەڵگە دارێژرابێت. بۆ نموونە ئەگەر کرێکاران پێکهاتەیەکی گرنگی کۆمەڵگەبن، ئەوا دەتوانرێت پارتێکی سیاسی پێکبهێنرێت کە بایەخ بەم چینە بدات. بەهەمان شێوە ئەگەر خوازیاربین پارتێکی سەوز پێکبهێنین، ئەوا دەبێت جەماوەرێك هەبێت پشتگیری لەم هەنگاوە بکات. پارتە سیاسییەکان بە دامەزراوەیی ناکرێن، تاوەکو بنکەیەکی بەردەوامیان لە ئەندامان نەبێت، هەروەها بەرژەوەندیەك نەبێت ئەو ئەندامانە خوازیاری ئەوەبن نوێنەرایەتی بکەن، لەبەر ئەوە دەبێت پارتە سیاسییەکان پیشەگەرانە رەفتار بکەن. هەروەها دەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا ئاستێك لە بەشداریت هەبێت، بە هەمان شێوە دەبێت ئاستێك لە نوێنەرایەتیت لە حکومەتدا هەبێت، هەروەها زۆر گرنگە بوار بە خەڵکی بدرێت -ئەگەر



لویس دەیڤدسۆن بۆ گوڵان:

# پارتە سیاسییەکان سەرکردەکانی داهاتوو هەڵدەبژێرن و جۆرە جێگیری و بەردەوامبوونێک بە سیاسەت و شێوازەکانی حکومڕانی دەبەخشن

خواستی ئەنجامدانی ئەم کارەیان هەبێت- بەشداری لە پرۆسەی بڕیارسازی پارتە سیاسییەکاندا بکەن)).

ئەم چەند دێڕە پێشەکییە گرنگ بوو بۆ ئەوەی لە ئامانج و شێوەی کارکردنی حزبە سیاسییەکانەوە لەناو پرۆسەی سیاسیی کۆمەڵگەی دیموکراتییەوە ئاماژە بە چۆنییەتی گرێدانی کۆنگرەو خۆنوێکردنەوەی حزب لەناو کۆمەڵگە بدەین، هەڵسەنگاندنی حزبیش لەبەر رۆشنایی ئەرکی حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، دەبێتە دەروازەیەك بۆ ئەوەی هەڵوەستەیەك لەسەر شێوەی کاری پارتایەتی و شێوازی گرێدانی کۆنگرەو میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەو دواتریش هەڵبژاردنی سەرکردایەتی حزب لەناو کۆنگرەدا بکەین، بەڵام وەك پرۆفیسۆر ئینگرید ڤان بێزین لەزانکۆی بێرمینگهام و لە توێژینەوەیەکیدا بەناونیشانی (چۆن حزبە سیاسییەکان شێوەی دیموکراتی دیاریدەکەن، How Political Parties shape Democracy?) ئاماژە بە ئیشکالیەتی بۆچوونی جیاوازی حزبە سیاسییەکان دەکات سەبارەت بە گرنگی و بێ بایەخی دامەزراوە دیموکراتییەکان لە سیستەمە سیاسییەکەدا و لەمبارەیەوە دەڵێت: ((جیاوازی نێوان رۆڵی حزبە سیاسییەکان لە سیستەمی دیموکراتی پەیوەستە بەو وەرچەرخانە فیکرییە لەحزبە سیاسییەکاندا روودەدات، سەبارەت بەوەی ئایا حزبە سیاسییەکان دامەزراوە دیموکراتییەکان بە پێویست دەزانن یان تەنیا بیر لەحزبەکانی خۆیان دەکەنەوە و بایەخ بەدامەزراوەکانی نێو سیستەمە دیموکراتییەکە نادەن)، خاتوو ئینگرید ئەمە بەسەرەتای وەرچەرخانی حزب دەزانێت، واتە وەرچەرخانی حزب لە گرووپێکی خۆبەشی تایبەتەوە بۆ حزبێکی سیاسیی وەك دامەزراوەیەك بایەخ بەسیاسەتی گشتی کۆمەڵگەو پتەوکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان بدات، ئەمە ئاماژەکردنێکی راشکاوانەیە بەوەی ئەگەر حزب تەنیا بایەخ بە کارە حزبییەکانی خۆی بدات و بایەخ بە دامەزراوەکانی نێو سیستەمە دیموکراتیەکە نەدات، ئەوا ئەو حزبە سیاسییە بێجگە لە گروپێك کەسی تایبەتی نابنە ئەو حزبە سیاسییەی کە لەسەر سیاسەتی گشتی وڵات و پتەوکردنی دیموکراتی لەوڵاتدا کاریگەری هەبێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، لەنێو کۆمەڵگەی دیموکراتییەکانی

**حزب تاکەکانی کۆمەڵگە لەدەوری بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە کۆدەکاتەوە**

**بۆئەوەی دیموکراتی رووبەڕووی ئاستەنگ یان ئاچوغبوون نەبێتەوە، ئەوا پێویستە حزبە سیاسییەکان خۆیان لەڕێگای ناوخۆی حزبدا دیموکراتی و شەفاف بن**

**حزب رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەدیاریکردن و دەستنیشانکردنی دەستەبژێری سیاسیی وەك کاندید بۆ هەڵبژاردنەکان و پڕکردنەوەی پۆستە حکومییەکان**

# شێوازی كاری پارتایەتی پەیوەستە بە سرووشتی ئەو وڵاتە لەگەڵ سرووشتی سیستەمی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەكەی



ئامنۆن كاڤاری بۆ گوڵان:

**پارتە سیاسییەكان هەڵدەستن بە گەیاندنی پەیام و خواستی هاووڵاتیان بۆ دەسەڵاتدارانی وڵات**

**لەسەر ئاستی جیهان ئەدای حزبە ڕۆژهەڵاتییەكان بۆ بونیادی هۆشیاری و ڕۆشنبیری دیموكراتی لە كۆمەڵگە لەو ئاستەدا نییە خزمەتی دامەزراوەكانی دیموكراتی بكات**

**پارتی سیاسی هەیە كە لەچوارچێوەی بەشی ئابووری دروست دەبێت و بانگەشە بۆ چاكسازی ئابووری و پەرەپێدان دەكات**

ڕۆژئاواو ئەو كۆمەڵگەیانەی بیرمەندی جیهانی هنتگتن ناوی لێناون (شەپۆلی سێیەمی دیموكراتی) واتە ئەو وڵاتانەی دوای ڕووخانی دیواری بەرلین دەستیان بە پرۆسەی بونیادی دیموكراتی كردووە، ئایا ئەو هاوسەنگیە لەنێوان حزب و دامەزراوەكانی دیموكراتی یان بونیادی دیموكراتی لەكۆمەڵگە ڕاگیراوە؟ سەبارەت بەوەڵامی ئەم پرسیارە زۆربەی پسپۆڕ و تایبەتمەندان لەسەر ڕۆڵی حزب لە كۆمەڵگەی دیموكراتی ئاماژە بەوە دەكەن، هەتا ئێستا هەموو زانایان لەسەر ئەوە كۆكن كە حزب پێداوێستیەكە بۆ بونیادی دیموكراتی كە ناتوانرێت دەستبەرداری بین، بەڵام ئیشكالیەتەكە لێرەدا ئەوەیە زۆرجار ئەدای حزبە سیاسییەكان بۆ نوێنەرایەتی لەو ئاستەدا نییە كە خزمەتی پرۆسە دیموكراتیەكە بكات، بۆیە هەندێكجار وتووێژ و موناقەشەكان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕۆن ئایا بوونی حزب پێویستە یان نە؟ ئەمەش ڕاشكاوانە مانای ئەوەیە مەسەلەكە لەسەر پێویستی و پێویست نەبوونی حزبی سیاسیی نییە وەك دامەزراوەیەك یان توخمێكی سەرەكی بۆ بونیادی دیموكراتی و پشتگیری دامەزراوەكانی دیموكراتی لەكۆمەڵگە، بەڵكو پرسیار و گومان لەسەر ئەوەیە ئایا حزبەكان ئەو ئەدایە لە كۆمەڵگە پێشكەش دەكەن كە خزمەتی بونیادی دیموكراتی بكات و ببێتە پشتگیرییەك بۆ دامەزراوە دیموكراتییەكان، لەم ڕاستەوە كاتێك بەراوردی شێوەی كارو ئەدای حزب لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و لەسەر ئاستی ڕۆژئاواو ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەتایبەتی دەكەین، دەبینن بەشێوەیەكی گشتی لەسەر ئاستی جیهان ئەدای حزبە ڕۆژهەڵاتییەكان بۆ بونیادی هۆشیاری و ڕۆشنبیری دیموكراتی لە كۆمەڵگە لەو ئاستەدا نییە خزمەتی دامەزراوەكانی دیموكراتی بكات یان دەروازەیەك بێت بۆ بونیادی دامەزراوە دیموكراتییەكان، بەڵام لەڕۆژئاوا ئەدای حزبە سیاسییەكان جۆرێكی دیكەیە و لەسەر ئاستی ئەوروپای ڕۆژئاواو بەراوردكردنی بەناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، یان بەراوركردن لەنێوان دیموكراتیەتی ئەوروپای ڕۆژئاوا و دیموكراتیەتی دەوڵەتانی پۆست كۆمونیست بكەین، وەك پرۆفیسۆر ئەندراس بۆزاك زۆر بەجوانی كورتی كردۆتەوەو ئاماژە بەوە دەكات، جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان حزبەكانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی پۆست كۆمونیست ئەوەیە، لەئەوروپای ڕۆژئاوا ساڵ لەدوای ساڵ ڕێژەی ئەندامانی حزبە سیاسییەكان كەمدەبنەوە، كە ئێستا بەشێوەیەكی گشتی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بە لە.٥٪ لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام لەدەوڵەتانی پۆست كۆمونیست ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی ئەندامانی حزب زیاد دەكات، لەمەش گرنگتر ئەوەیە نە كەمبوونەوەی ژمارەی ئەندامانی حزبەكانی ڕۆژئاوا ئاماژەیە بۆ كەمبوونەوەی شانسی بەشداری لە پرۆسە دیموكراتییەكە، نە زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی پارتەكانیش نیشانەی زیادبوونی ڕێژەی بەشدارییە لە پرۆسەی هەڵبژاردن یان بەشێوەكی گشتی لەنێو پرۆسە دیموكراتیەكەدا، سەبارەت بەم پرسە و سیستەمی حزبایەتی لە ڕۆژئاوا لە پرۆفیسۆر نیكۆلاس ميللەر ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانكۆی میریلاند كردوو بەمجۆرە وەڵامی ئەم ڕاپۆرتەی دایەوەو وتی: ((ئەگەر لە مێژووی بیست ساڵی ڕابردووی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بڕوانین، ئەو وڵاتانەی لەژێر نفوزی یەكێتی سۆڤیەتدا بوون، ئەوا ئەم وڵاتانە هەنگاویان بەرەو دیموكراسی بوون هەڵگرت، لەم پرۆسەیەشدا سیستەمی پارتایەتی یارمەتیدەر بوو كە كاریگەری و ڕۆڵی هەبوو لە پەروەردەكردنی خەڵكدا لەبارەی چۆنییەتی كاركردنی دیموكراسیەوە. گەرچی لەساڵانی نەوەتەكانەوە هەڵبژاردن لەم وڵاتانەدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام سیستمی پارتایەتی بەشێوەیەكی باش بەدامەزراوەیی نەكراوە، بۆ نموونە بەرەوتێكی خێراتر لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا پارتی نوێ دروست دەبێت، لەلایەكی دیكە سەبارەت بە ئەوروپای ڕۆژئاواش دڵنیانیم لەوەی سیستەمی پارتایەتی هەرگیز بەو ئاست و ڕاددەیە پتەو بووبێت كە لە پرسیارەكەی ئێوە گریمانەی بۆ دەكرێت. بۆ نموونە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا و نزیكەی ٤٠ تاوەكو ٥٠ بۆ ٦٠ ساڵ پێش ئێستا زانا سیاسییەكان ئاماژەیان بە نەگۆڕی و جێگیری هێڵە سیاسییەكان دەكرد، واتە پشتیوانی بۆ پارتە سیاسییەكان گۆڕانكاری زۆری بەسەردا نەدەهات لە هەڵبژاردنێكەوە بۆ هەڵبژاردنێكی دیكە. بەڵام ئەوەی ئێمە لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا بەدی دەكەین، دروستبوونی گۆڕانكارییە لەم حاڵەتەدا، هەروەها لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا پارتە سیاسییەكان هەڵبژاردنی سەرەتایی ئەنجام دەدەن- كە ئەم نەریتە بۆ نزیكەی ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە- ئەمەش ئەو حاڵەتەیە كە بریتییە لە بەشداریكردنێكی زیاتری هاووڵاتیانی

ئاسایی لە هەڵبژاردنی پاڵێوراوی پارتە سیاسییەکاندا، راستە ئەم حاڵەتە پتر تایبەتە بە ئەمریکا. بەڵام ئاگادارم بەم دواییانەو لەهەندێ وڵاتدا جۆرێك لە هەڵبژاردنی سەرەتایی ئەنجامدراوە لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە، گەرچی ئەمە جیاوازە لەو هەڵبژاردنانەی لە ئەمریکا ئەنجام دەدرێن، لەبەر ئەوەی لە حاڵەتی دووەمدا پارتە سیاسییەکان ئەندامگەلێکی زۆریان هەیە کە بە بەردەوام ئیشتراك دەدەن بە پارتەکە و کارتی ئەندامێتیان هەیە و ئەوان زیاتر بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا دەکەن. لەبەر ئەوە دوودڵم لەوەی بڵێم سیستمێکی دیاریکراو لەسیستمەکانی دیکە باشترە، کە هەر یەکێك لەم سیستمانە دەرئەنجامی جیاوازیان هەیە، ئەم دەرئەنجامانەش جیاواز دەبن، ئەمەش دەوەستێتە سەر سرووشتی کۆمەڵگە و دامەزراوە حکومییەکان و سیستمی هەڵبژاردن لە وڵاتەکەدا. واتە بەشێوەیەکی گشتی دەوەستێتە سەر سیاقە کۆمەڵایەتی، سیاسی و دەستووریەکەی وڵاتەکە)).

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر نیکۆلاس میللەر ئاماژەی پێکرد تایبەتمەندی کۆمەڵگە جیاوازەکانە لەسەرشێوازی کاری حزبە سیاسییەکان، هەربۆیە ئاراستەی شرۆڤەکان ئاماژە بەوەدەکەن شێوازی بەشداریکردنی هاووڵاتی یان تاکەکانی کۆمەڵگە لەپرۆسە سیاسییەکە گۆڕدراوە، ئەمەش واتە لەبری ئەوەی بارودۆخەکە واپێویست بکات تاکەکان ئەندامی حزبن بۆ ئەوەی بەشداربن لە پرۆسە سیاسییەکە، کادرە هەڵسوڕاوەکانی حزب مەسەلە سیاسییەکانی کۆمەڵگە رێکدەخەن و هاووڵاتیانی لێ هۆشیار دەکەنەوەو هانی هاووڵاتیان دەدەن لەو مسەلە سیاسییەدا بەشداری بکەن، ئەمەش چ بەرێگەی کۆکردنەوەی ئیمزا بێت، یان بایکۆتکردنی پرۆسەیەك بێت یان بەکارنەهێنانی کەلوپەلێك بێت لەبەر هۆکاری سیاسیی یان سازدانی رێپێوان و خۆپیشاندانی جەماوەری بێت، ئەمەش جۆرێك لەبارسوکی بۆ حزبەکە دروست دەکات و لەبری ئەوەی لە پرۆسەی هاندان و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پارەیەکی زۆر بۆ هەڵمەتەکان تەرخان بکات، پشت بەو کادرە هەڵسوڕاوانەی حزب و ئەو خۆبەخشانە دەبەستێت کە لەدەوری ئەو مەسەلە سیاسییە کۆدەبنەوە کە حزب رێکی دەخات، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم شێوازە لەو وڵاتانەی پێیان دەگوترێت (وڵاتانی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی) تاقینەکراونەتەوە



هاوارد ریتەر بۆ گوڵان:

# رۆشنبیری دیموکراتی بەهۆی ئەرکە پەروەردەییەکانی پارتەکانەوە ئەدا دەکرێت، لە هەمان کاتدا لەرێی کارکردنی دامەزراوەکانی پارتەکەوە

یان ئەگەر تاقیکراونەتەوە هەمان ئاکامی رۆژئاوای بەدەستهێناوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارانەش دیسان پسپۆران و تایبەتمەندان ئاماژە بەوەدەکەن، ئەو بۆشاییەی لەنێوان ئەدای حزب و پشتگیری دامەزراوە دیموکراتییەکاندا هەیە، زۆرجار لە وڵاتانی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی، پەنای بۆبراوەو تاقیکراونەتەوە، بەڵام وەك گەشتەکەی کریستۆفەر کۆلۆمبوس کە بەرنامەی گەشتەکەی بەوجۆرە بوو رێڕەوێکی تازەی ئاوی بۆ هیندستان بدۆزێتەوە، بەڵام پاشان لەسەر زەمینێکی دیکە و زۆر دوور لەو ئامانجەی نەخشەی بۆ کێشابوو دەرکەوتەوە، لە وڵاتانی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتیش بەتایبەتی دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست و دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی ئەم شێوازەی دیموکراتی رۆژئاوا کە پیادەکراوتەوە، بۆتە هۆکاری دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستی و لاوازکردنی دامەزراوەکانی سیستمە دیموکراتیەکە و یاریکردن بە هەست و سۆزی خەڵك، ئەمەش واتە لەبری ئەوەی خەڵك هانبدرێت بەشداری پرۆسەی سیاسیی وڵات بکات و کەموکورتییەکانی دامەزراوە دیموکراتییەکان چارەسەر بکرێن هەوڵدراوە، خەڵك هانبدرێت دامەزراوە دیموکراتییەکان بێبایەخ سەیر بکەن و بۆشایی نێوان هاووڵاتیان و حکومەت زیاتر بکەن و حزبە سیاسییەکان لەبەر چاوی هاووڵاتیان بێ متمانە بکەن، ئەمانەش هەمووی لە پێناوی ئەوەی پۆپۆلیستیك دەربکەوێت و دامەزراوە دیموکراتیەکان بێ متمانە و بێ بایەخ بن لە کۆمەڵگەدا.

لەسەر پێوەندی نێوان حزب و تاکەکانی کۆمەڵگە لە پرۆفیسۆر باربارا بارێل ئوستادی رای گشتیمان لەزانکۆی ئیلنۆس پرسی و بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خستەڕوو وتی: ((خەڵکی لەرێی ژیانیان دەتوانن تێبگەن کە مانای پارتی سیاسی چییە و خۆیان سەر بە چ پارتێکی سیاسی دەزانن کە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە بەهێزیان دەکات و وایان لێدەکات کە پاڵپشتی سیستەمی سیاسی بکەن و کار بۆ ئەو سیستەمە بکەن. بۆیە پارتە سیاسییەکان دەتوانن رۆڵی زۆر گرنگ بگێڕن لە بەهێزکردنی خەڵکی لە رووی کۆمەڵایەتیەوە بۆ پاڵپشتیکردنی سیستەمی سیاسی، چونکە سیستەمی پارتی سیاسی هۆیەکە بۆ هێنانە ناوەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووان بۆ ناو سیاسەت کاتێك کە یەکدەگرن لەپارتێك لەبری ئەوەی بەتەنیا کاربکەن، پارتی سیاسی بەپێی سیاسەتی گشتی مانای ئەوە دەگەیەنێ کە هەمیشە ئاسانترە بۆ

پارتە سیاسییەکانیش رێگەیەکی عەمەلین بۆ نوێنەرایەتیکردنی سیاسەت و حکومەت

دەبێت پارتە سیاسییەکان پەرە بە سیاسەتێک بدەن کە ئەو سیاسەتەش لەسەر کۆمەڵێک بەرژەوەندی جێگیری کۆمەڵگە دارێژرابێت

شێوازی بەشداریکردنی هاووڵاتی یان تاکەکانی کۆمەڵگە لەپرۆسەی سیاسیی گۆڕدراوە، لەبری ئەوەی بارودۆخەکە واپێویست بکات تاکەکان ئەندامی حزبن بۆ ئەوەی بەشداربن لە پرۆسە سیاسییەکە

# خەڵكی لەژیانی رۆژانەی خۆیانەوە دەتوانن تێبگەن كە مانای پارتی سیاسی چییە و خۆیان سەر بە چ پارتێكی سیاسی دەزانن



**باربارا بارێل بۆ گوڵان:**

بە ئاستێك گرنگە، كە دەتوانین لە ئەدای حزبە سیاسییەكانەوە شـــێوازی سیستەمە دیموكراتییـــەكان و ئاســـتی پتەویی و جێگیری دامـــەزراوەكان بخوێنینەوە، هەر بۆیە لەم راپۆرتەدا بایەخدان بەپرۆســـەی دیموكراتـــی ناوخۆیی حزبـــەكان و لەبەر چاوگرتنی شێوازی كاری پارتەكان لەبەر دەنگدەران كە بزانن دەنگ بە كێ دەدەن و بتوانن بێنە ناو سیستەمەكەوە)).

هەر لـــەم چوارچێوەیەدا لە پرۆفیســـۆر هاوارد ریتەرز ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانكۆی كۆنسیتكوتمان پرسی، هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە سیستەمی پارتایەتی لـــە رۆژئاوادا بە دامەزراوەیی كراوە، ئایا بـــە دامەزراوەییكردنی پارتەكان بەمانای چی دێت و چۆن دەكرێت ئەمكارە ئەنجام بدرێت؟ پرۆفیســـۆر هـــاوارد بەمجۆرە وەڵامی ئـــەم راپۆرتەی گوڵانی دایەوە: ((پرۆســـەی بەدامەزراوەییكردن لەرێی یاساوە ئەنجام دەدرێت، لەبەر ئەوەی یاسا پێگەیەكی یاســـایی بۆ پارتەكان دروست دەكات و ئەمەش یارمەتیـــدەر دەبێت لە بەدامەزراوەیكردنیـــان. هەروەها پارتەكان رۆڵێكـــی فەرمی دەبینن لـــە دامەزراوە حكومییەكاندا، بە تایبەتی دەســـەڵاتی یاســـادانان. واتە پارتـــەكان رۆڵیان هەیە لە رێكخستنی ئەم دەسەڵاتەدا. بەهەمان شێوە رۆڵی فەرمیان هەیە لە رێكخستنی دەســـەڵاتی جێبەجێكردنـــدا، ئەمە دوو رۆڵی زۆر گرنگی پارتە سیاسییەكانن. لـــە لایەكی دیكەوە پارتە سیاســـییەكان خۆیـــان دامەزراوەن و بونیادی رەســـمی خۆیان هەیە، بە چەشنێك ئەگەر كەسێك خوازیاری ئەوەبێت كاریان لەگەڵدا بكات و ببێتـــە ئەندام تێیاندا، ئەوا دەبێت بەپێی رێســـا و بونیادەكانی ئەم پارتە ئەمكارە بكات)).

ســـەبارەت بە رۆڵی پارتە سیاسییەكانیش لـــە هۆشـــیاركردنەوە و رۆشـــنبیری دیموكراتیـــش لە كۆمەڵگە، پرفیســـۆر هاوارد لەدرێژەی لێدوانەكەیدا بۆ گوڵان وتـــی: ((ئەمە ئەركێكی تـــا دوا رادەدە گرنگی پارتە سیاسییەكانە، لەبەر ئەوەی یەكێك لـــە ئەركەكانیان دروســـتكردنی رایەڵە و پەیوەندیە لەنێوان خەڵكی ئاسایی و حكومەتدا. ئەمە لە بەشێكیدا بەهۆی ئەركـــە پەروەردەییەكانی پارتەكانەوە ئەدا دەكرێت، بـــە تایبەتی لەرێـــی هەڵمەتە سیاســـییەكانەوە، لەهەمان كاتدا لەرێی كاركردنـــی دامەزراوەكانـــی پارتەكەوە، بۆ نموونە كاتێك خەڵكی بەشـــداری لە كۆبوونەوە سیاسییەكانی پارتەكەدا دەكەن، ئەوا پەروەردەیەكی سیاسی بەدەست دەهێنن. هەروەهـــا هەڵمەتەكانـــی هەڵبژاردنیش دەرفەتێكن بۆ ئەو خەڵكانەی ئەندام نین لە پارتەكاندا تاوەكو هەڵیان بۆ بڕەخسێت بۆ ئەوەی بزانن سیســـتمی سیاســـییەكە چۆن كارەكانی خۆی ئەدا دەكات)).

كەواتـــە ئەمـــە پێمان دەڵێـــت، هێندەی بـــە قوڵایـــی كاری ناوخۆیـــی حزبـــە سیاســـییەكان لە كۆمەڵگەی دیموكراتی رۆشـــنایی سیستەمی سیاســـیی وڵات، بەتایبەتی كە ئێستا كوردستان هەرێمێكی فیدراڵییە لە چوارچێوەی عێراقدا، دەبێتە تەوەری ســـەرەكی و زیاتر هەڵوەســـتەی لەسەر دەكەین.

**حزبی سیاسی و تەحددییەكانی كۆمەڵگەی دیموكراتی**

حزبی سیاســـیی ئەگـــەر وەڵامدانەوەی پێویســـتی بۆ ئـــەو تەحددیانـــە نەبێت كە رووبـــەڕووی سیســـتمی دیموكراتی بەشێوەیكی گشتی دەبنەوە و بەشێوەیەكی تایبەتیـــش رووبـــەڕووی پرۆســـەی بونیـــادی دیموكراتـــی لەكۆمەڵگە تازە پێگەشـــتووەكاندا دەبێتە، ئـــەوا ناتوانێت ببێتە ئەو حزبەی پشـــتگیری لەبونیادی دیموكراتـــی و دامەزراوەكانی سیســـتمە دیموكراتیەكـــە بكات، بۆ ئـــەوەی ئەم رۆڵەی پێ بگێرێت، ئەوا دەبێت شێوازی كاری ناوخۆیی حزبەكە هاودژی لەگەڵ سیستەمی سیاسیی وڵات، یان هەیكەلی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دروست نەكات، هەر بۆ نموونە ئەگەر ئەم دوو خاڵەی ئاماژەمان پێكرد لەسەر حزبە سیاسییەكانی كوردستان بەگشتی و پارتی دیموكراتی كوردستان بەو سیفەتەی بەرەو كۆنگرە دەچێت، لەبەر چاوبگرین، ئەوا دەبێت:

١. دەبێـــت شـــێوازی ئامـــادەكاری بۆ كۆنگرە وەك شـــێوازی ئامادەكاری وابێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردســـتاندا، بەڵام لەبازنەیەكی بچووكتردا، كەئەویش لەم باسەدا مەبەستمان پارتی دیموكراتی كوردستانە.

٢. دەبێـــت لـــە شـــێوازی كاركردنـــی پارتایەتی ناوخۆی پارتـــی دیموكراتی كوردســـتان رەچاوی هەیكەلی دەوڵەتی عێـــراق و هەروەها هەیكەلـــی هەرێمی كوردستان وەك كیانێكی سیاسی كرابێت، هەروەها دەبێت رەچاوی تایبەتمەندی ئەو ناوچە دابڕاوانەش بكرێت كە هەتا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی كوردستان.

**رەچاوكردنی سیستەمی سیاسیی وڵات**

سەبارەت بە خاڵی یەكەمیان كە گرتنەبەری شـــێوازی دیموكراتیانەیە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی كۆنگرە، هەست دەكەین پارتی لـــەم لایەنەوە ســـەركەتوو بـــووە و چۆن هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردســـتان بەڕێوە چوون، بەهەمان شێوە هەڵبژاردنی

**كادرە هەڵسوڕاوەكانی حزب مەسەلە سیاسییەكانی كۆمەڵگە رێكدەخەن و هانی هاووڵاتیان دەدەن لەو مسەلە سیاسییەدا بەشداری بكەن**

**خەڵكی لەرێی ژیانیان دەتوانن تێبگەن كە مانای پارتی سیاسی چییە و خۆیان سەر بە چ پارتێكی سیاسی دەزانن كە لەرووی كۆمەڵایەتییەوە بەهێزیان دەكات و وایان لێدەكات كە پاڵپشتی سیستەمی سیاسی بكەن**

**حزبی سیاسیی ئەگەر وەڵامدانەوەی پێویستی بۆ ئەو تەحددیانە نەبێت كە رووبەڕووی سیستەمی دیموكراتی بەشێوەیكی گشتی دەبنەوە، ئەوا ناتوانێت ببێتە ئەو حزبەی پشتگیری لەبونیادی دیموكراتی و دامەزراوەكانی سیستەمە دیموكراتیەكە بكات**

كۆنفرانســـە لۆكاڵەكانی پارتیش بەڕێوە چـــوون، لــە هەمانكاتدا چۆن لەســـەر هەڵبژاردنەكانــی كوردســـتان گلەیی و گازندە و تانە لێدان هەبووە، بەهەمان شێوە كەم تازۆر لەسەر هەڵبژاردنە لۆكاڵەكانی پارتیش هەمان گلەیی و گازندە هەبووە، ئەم گلەیی و گازندانەی كەلە هەڵبژاردنە لۆكاڵەكانــی پارتــی بــۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی كۆنگرە بوونی هەیە، نیشانەی ئەوەیە هەتا ئێســتاش گیانی دیموكراتی و هۆشـــیاری دیموكراتی و رۆشنبیری كۆمەڵایەتـــی لەنــاو كۆمەڵگەی ئێمە كامڵ نەبووە، بۆیە دەبێت لەم ئاســـتەوە ســـەیری كۆمەڵگەی خۆمـــان بكەین و دان بەوەدا بنێین، كە لەپرۆســـە سیاسییە گشتییەكەشدا (مەبەست پرۆسەی سیاسیی كوردستانە) قبووڵكردنی بردنەوە و دۆڕان لە پرۆسە دیموكراســـیەكە ئاسان نییە و لایەنی براوە بەشـــان و باڵی دیموكراتی هەڵـــدەدات و لایەنـــی دۆڕاو تانـــە لە پرۆسەكە دەدات و بیانووی جۆراوجۆری بۆ دەدۆزێتەوە، بەڵام پرسیاری دیكە لێرەدا ئەوەیـــە ئایا ئەو گلەیـــی و گازاندانەی لـــە هەڵبژاردنە لۆكاڵەكانـــی كۆنگرەی پارتی دەكرێـــن هەمـــووی بڕوبیانوون، یان هەندێك لـــەو بڕوبیانووانەی لایەنی هەڵنەبژێراو ئاماژەی پێدەكات راســـتی تێدایـــە؟ لەوەڵامی ئەم پرســـیارە دەڵێین ئەو بڕوبیانووانەش هەندێك راستی تێدایە و نیشـــانەی كەم ئەزموونی ئەندامانی پارتی لەپرۆسەی بەڕێوەبردنی چۆنییەتی هەڵبژاردنی كاندیدكراوەكان رەنگدەداتەوە و لەوانەیە هەماهەنگی و هاریكاری لەسەر بنەمای ناسیاوی و نزیكی پیادە كرابێت كـــە كاندیدی بەرامبەر ئەویش لەبەر كەم ئەزموونـــی خۆی هەســـتی پێنەكردبێت و لەكاتـــی كردنـــەوەی ســـندوقەكانی دەنگداندا رووبـــەڕووی موفاجەئەیەكی چاوەڕواننەكراو بووبێتەوە و ئەو موفاجەئە چاوەڕواننەكراوە بۆتـــە هۆكاری ئەوەی دووچـــاری هەڵچوونی بكاتـــەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی گەشـــبین و ئومێدیشـــە ئەوەیە شـــێوازی هەڵســـورانی كاندیدی كۆنفرانسە لۆكاڵەكانی ئەمجارەی پارتی جیـــاوازی لەگەڵ كۆنگرەكانی پێشـــتر هەبوو بەتایبەتی هەردوو كۆنگرەی ١١ و ١٢، لە پرۆسەی ئامادەسازیی كۆنگرەی ئەمجارەدا، هەســـت دەكرا لەسەر ئاستی سەركردایەتی و مەكتەبی سیاسیی پارتی خۆ بەدوور گرتنێك هەبوو بۆ پشتگیری كاندیدەكانـــی كۆنگـــرە و كاندیـــدەكان ناچاربوون كارت و پێناسەی خۆیان بەسەر ئەندامانی پارتی دابەش بكەن و لەمەش زیاتر راســـتەوخۆ ســـەردانی ئەندامانی



**نیكۆلاس میللەر بۆ گوڵان:**

# لە ئەورووپای رۆژئاوادا پێش ٥٠ - ٦٠ ساڵ ئاماژەیان بە نەگۆڕی و جێگیری هێڵە سیاسییەكان دەكرد، بەڵام ئەوەی ئێستا بەدی دەكەین دروستبوونی گۆڕانكارییە لەو حاڵەتەدا

پارتی بكەن و هەر كاندیدێك بەڵێنی خۆی بۆ ئەندامانی سنووری ناوچەكەی خۆی دووپات دەكـــردەوە و بە نواندنی رەفتاری نوازشـــانەوە داوی لە هەڤاڵەكەی خۆی دەكرد دەنگی پێبدات و ئەگەر پێشتریش رەفتاری ئەوی بـــەدڵ نەبووە لە داهاتوو خۆی چاك دەكاتـــەوە، ئەم دیمەنەی لە كاندیدی كۆنفرانســـە لۆكاڵەكانی پارتی بینیمـــان، ســـزادانی كادرانی پارتی بوو بەرێگـــەی دەنگی ئەندامانـــی پارتی لەناوچـــە و رێكخراوەكاندا، ئەمەش واتە هەڵبژاردنـــەكان بۆ كاندیدكـــردن نەبوو، بەڵكـــو بۆ ســـزادانی ئـــەو كادرانە بوو كەپێشتر بە گیانێكی لەخۆبوردوانە لەناو ئۆرگانەكانـــی حـــزب كاری نەكردبوو، دروستبوونی ئەم گیانە یان هەوڵی پارتی بۆ ئەوەی كادرانی پارتی ترسی سزادانی ئەندامانی خوار خۆیان هەبێت، هۆشیاری و رۆشنبیری دیموكراتی لەناو ئەندامانی پارتـــی دەچەســـپێنێت و كاتێك پارتیش كاندیدی خۆی بۆ پۆستە گشتییەكانی هەرێـــم یان حكومەتـــی فیدراڵی عێراق دەپاڵێوێت، كاندیدەكە لەو راستیە تێدەگات، ئـــەوا ئەگەر لە پۆســـتە گشـــتییەكەدا ئەدای خراپ بێت، رووبەڕووی دوو سزا دەبێتەوە، ســـزای یەكەمیان سزای پارتی دەبێت كە خەڵك ئامـــادە نابێت جارێكی دیكە كاندیدەكانی پارتـــی هەڵبژێرێت، ســـزای دووەمیان سزای حزبی بۆ خودی كاندیدەكـــە دەبێـــت كـــە جارێكی دیكە حزب وەك كاندید بۆ پۆســـتە گشتییەكان دەسنیشانی ناكاتەوە.

## رەچاوكردنی هەیكەلی رێكخستنی دەوڵەت

كۆنگـــرەی ئەمجارەی پارتی دیموكراتی كوردستان كە یەكەمین كۆنگرەی پارتییە لـــەدوای رووخانی رژێمی بەعســـەوە، یەكەمیـــن حاڵەتی جیاواز كە لەمێژووی خۆیدا رووبەڕووی دەبێتەوە ئەوەیە كە ئەمە یەكەمجارە كۆنگرەی پارتی پرۆگرامی خۆی بۆ كاری داهاتووی لەسەر بنەمای دەوڵەتێكـــی فیدراڵـــی و پەرلەمانـــی دادەڕێژێتەوە، پێشـــتر رێكخســـتنەكانی پارتی دیموكراتی كوردســـتان ئەگەر لە هەرێمی كوردســـتان كاریان كردبێت، ئەوا ئاسایی بووە یەك شێوازی كاركردن لەسەر ئاســـتی ناوچە جیاوازەكان پیادە بكەن و ئەوانەشی لەدەرەوەی هەرێمی كوردستان هەبوون بەشێوازی نهێنی كاریانكردووە و لەدوای رووخانی رژێمیشەوە هەر لەسەر ئەو هەیكەلە پێشـــتر درێژە بە كارەكانیان دراوە، بەڵام بەشێوەیەكی ئاشكرا، سەبارەت بەم لایەنە پارتی لە كۆنگرەی ئەمجارەیدا رووبەڕووی سێ جیاوازی

**پارتە سیاسییەكان خۆیان دامەزراوەن و بونیادی رەسمی خۆیان هەیە**

**هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن دەرفەتێكن بۆ ئەوە خەڵكانەی ئەندام نین لە پارتەكاندا تاوەكو هەڵیان بۆ بڕەخسێت بۆ ئەوەی بزانن سیستەمی سیاسییەكە چۆن كارەكانی خۆی ئەدا دەكات**

**دەبێت لە شێوازی كاركردنی پارتایەتی ناوخۆی پارتی دیموكراتی كوردستان رەچاوی هەیكەلی دەوڵەتی عێراق و هەروەها هەیكەلی هەرێمی كوردستان وەك كیانێكی سیاسی كرابێت**

**ئەم گەیی و گازندانەی کەلە هەڵبژاردنە لۆکاڵەکانی پارتی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە بوونی هەیە، نیشانەی ئەوەیە هەتا ئێستاش گیانی دیموکراتی و هۆشیاری دیموکراتی و رۆشنبیری کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی ئێمە کامڵ نەبووە**

کێشە لۆکاڵەکانی ناوچە جیاوازەکان یان شێوازی کارکردنی ڕێکخستنەکانی دەبنەوە بەمجۆرە:

١. ڕێکخستەکانی پارتی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی ئێستای هەرێمی کوردستان کە راستەوخۆ دەکەونە چوارچێوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەوانەیە شێوازی کاری پارتایەتی لەم سێ پارێزگایە هەولێر و سلێمانی و دهۆك جۆرێك لەیەك بچێت، بەڵام دیسانیش لەسەر ئاستی بایەخدان بە کێشە ناوخۆییەکانی هەر پارێزگایەك جۆرێك تایبەتمەندی دەبێت، هۆکاری ئەم تایبەتمەندیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك لەچوارچێوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جۆریك دەسەڵاتی لامەرکەزیان هەیە و هەروەها هەر پارێزگایەکیش بێجگە لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکان و هەڵسوارانی یەکە ئیدارییەکان، بودجەیەکی تایبەتیشیان هەیە بەناوی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و ئەمەش واتە لەرووی ئیدارییەوە هەر پارێزگایەك سەربەخۆیە کە چۆن ئەو بودجەیە بۆ پێداویستییەکانی خۆی خەرج دەکات، بۆیە ئەم حاڵەتەش پێش رووخانی رژێمی بەعس بوونی نەبووە و هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم یەك بودجەی هەبووە و بەشێوەیەکی راستەوخۆ تەنیا بودجەی حکومەتی هەرێمی لەبەر دەستبووە، ئێستا ئەمجۆرە لامەرکەزییە ئیدارییەی ئەم سێ پاریزگایەش وادەکات جۆرێك لە تایبەتمەندی بەهەر پارێزگایەك بدرێت.

**پارتی سیاسی هەڵدەستێت بە رێکخستنی سیستەمی سیاسی بەشێوەیەک کە سیستەمی سیاسی و سیستەمی دیموکراسی بۆ هاووڵاتیان کارابێت**

٢. ناوچە دابڕاوەکان کە تائێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، تایبەتمەندی ئەم ناوچانە هەم لە پارێزگاکانی ئێستای هەرێم جیاوازە، هەمیش لەو ناوچانەش جیاوازە کە بە ئەمری واقیع دەکەونە سنووری ئیداری و سیاسیی حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە، سەبارەت بەناوچە دابڕاوەکان و هەتا ئەو رۆژەی دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، پارتی دەبێت ئەو واقیعە لەبەر چاوبگرێت و دەبێت شێوازی کاری پارتایەتی رەچاوی تایبەتمەندی و جیاوازی ئەو ناوچانە بکات، هەر بۆ نموونە لەبەر ئەو ناوچانە لەرووی ئیدارییەوە بودجەیان لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەو بۆ دابین دەکرێت، سەرفکردنی بودجەکەش زۆرجار تێکەڵاوی سیاسەت دەکرێت، بەتایبەتی لەهەرسێ پارێزگای نەینەواو دیالە و کەرکوك، هەر بۆیە کێشەی لۆکاڵ و نیشتمانییەکانی ئەم ناوچانە لێکجیانەکرێنەوە و لەمەش زیاتر زۆرجار کێشەی لۆکاڵی وەك رێگرتن لە پڕۆژە و نەبوونی خزمەتگوزاری لەلایەن یەکەی کارگێڕی ئەو ناوچانەوە بەگشتی و هەردوو پارێزگای نەینەواو دیالە دەکرێتە گوشارێکی دیکە بۆ سەر هاووڵاتییە کوردستانییەکانی ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی باجی هەڵوێستە نیشتمانیەکانیان بدەن، بەڵام راشکاوانە دەڵێین ئەم بارودۆخە لەسلێمانی و هەولێر و دهۆك نییە، بۆیە ناکرێت ئەو شێوازەی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك پیادە دەکرێت، لە ناوچە دابڕاوەکان پیادە بکرێت.

٣. کێشەیەکی دیکەی ئەو ناوچانەیە کە ئێستا لە چوارچێوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانن و بە ئەسڵ دەکەونە چوارچێوەی ئیداری پارێزگاکانی دیکە، وەك ئیدارەی گەرمیان، ئیدارەی گەرمیان نە سەر بە پارێزگای سلێمانییە، نەسەر بە پارێزگای هەولێریشە، بەڵام ئێستا لە سنووری ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، ئەم ناوچانە ئێستا دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر کەرکوك (وەك چەمچەماڵ و کفری)، ئەم ناوچانە لەبەر ئەوەی ئامانجە نیشتمانیەکانیان نەك بەقوربانی کێشە لۆکاڵییەکانی خۆیان، ناچارن وەك هاووڵاتی ناوچە دابڕاوەکان خۆیان بنووسن، بەڵام لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان رێژەیان کەمدەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی رێژەی بودجەی پەرەپێدانی ئیدارەی گەرمیانیش کەمبێتەوە. کەمبوونەوەی بودجەی پەرەپێدانیش دەبێتە هۆکاری ئەوەی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئەو ناوچانە لەچاو ناوچەکانی دیکەی سنووری ئێستای ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمبێتەوە، کەواتە کاتێك دەڵێین کێشە لۆکاڵەکانی کەلار لەگەڵ کێشە لۆکاڵەکانی زاخۆ یان قەلادزێ جیاوازی هەیە، دەبێت بەپێی ئەو جیاوازیەش شێوازی کاری پارتایەتی ئەولەویەتی خۆی بەپێی جیاوازی و تایبەتمەندی ناوچەکە بگۆڕێت.

٤. ناوچەکانی کە لەرووی ئیداری و سیاسییەوە دەکەونە چوارچێوەی حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە وەك ناو شاری بەعقوبە، بەغدا، کوت، هەروەها لەهەر شوێنێکی دیکەش کوردستانی و



ڕێکخســتەکانی پارتی بوونیان هەبێت، لەبــەر ئەوەی دەوڵەتی ئێســتای عێراق فیدراڵیــە و فیدراڵیەتیــش هەرخــۆی شــێوازێکە لە لامەرکەزیەتی ئیداری و سیاسیی و لەمەش زیاتر بەپێی دەستووری عێراق دەسەڵاتی حکومەتە لۆکاڵەکان لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی گەورەترە، کەواتە ئەگەر بــۆ نموونە لقی بەغدا بە لقی هەولێر بــەراورد بکەین، ئەوا دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین کە ئەو دوولقە کە ئۆرگانی ڕێکخستنی یەك حزبن، بەڵام لە دوو کیانی سیاسـیی و ئیداری جیاوازدا کاری ڕێکخســتن و پارتایەتی دەکەن و ئەندامانی ئەو دوو ناوچەیە بە دوو یاسای باری کەســی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێــت، کەواتە هەولــێ لقی بەغدای پارتی بە ئەمری واقیع بەوجۆرەیە دەبێت لەگەڵ حکومەتی لۆکاڵی بەغدا(ئەگەر بەغدا بەتەنیا بووە هەرێمێکی فیدراڵی) مامەڵە بکات و ئاشــکرا ئەو یاسایانەی پەرلەمانی لۆکاڵی بەغدا بۆ بەڕێوەبەردنی هەرێمی بەغدا پیــادەی دەکات، جیاوازە لەو یاسایانەی کە پەرلەمانی کوردستان پیــادەی دەکات، لەبــەر چاوگرتنی ئەم جیاوازییە رەنگدانەوەی لەســەر شێوازی کاری ڕێکخستن و پارتایەتیش دەبێت.

ســەبارەت بەو جیاوازییــەی هەیکەلی ڕێکخســتنی دەوڵەت لەســەر شێوازی کارکردنــی حــزب دروســتی دەکات، پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر ئامۆن کاڤاری ئوســتادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ویسکۆســن — مادیسۆن کرد بەوەی ئایا تاچەند سیســتمی دەوڵــەت کاریگەری لەســەر شــێوازی کاری پارتایەتــی دروســت دەکات؟ پرۆ فیســۆر کاڤاری بەمجــۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتەی دایەوەو وتی: (پارتە سیاســییەکان هەڵدەســتن بە ڕێکخســتنی کێشــە و بەهــاکان بۆ هاووڵاتیــان بۆئــەوەی لە سیســتەمی دیموکراسیدا توانای هەڵبژاردنیان هەبێت. لەلایەنێکی دیکەشــەوە، پارتی سیاسی هەڵدەستێت بە ڕێکخســتنی سیستەمی سیاسی بەشێوەیەك کە سیستەمی سیاسی و سیستەمی دیموکراسی بۆ هاووڵاتیان کارابێــت، هەروەها لەســەر هەردووك لە ئاســتەکانی حکومی و لەســەر ئاستی پرۆســەکانی هەڵبژاردنــدا، هاووڵاتیان پێویســتییان بە شــتێك هەیە کە پشتی پێ ببەســتن. لەبەرئــەوەی هاووڵاتیان پێویستییان بەوە هەیە کە بزانن پرەنسیپ و پرۆگرامەکانی هەر پارتێك یان لایەنێکی سیاســی بەرەو چ ئاراســتەیەکە، پارتە سیاســییەکان پوختەیەك بــە هاووڵاتیان دەبەخشــن و کارەکانیان ئاسانتر دەکاتەوە لە پێناساندنی مەبەست و ئامانجەکانیان و ڕێگە بە خەڵك پیشــان دەدەن بۆئەوەی بتوانــن لەنێوانــی ئەلتەرناتیڤەکانــدا هەڵبژێرن و بزانن چی بۆ خۆیان باشــە. وێڕای ئەوەش، پارتی سیاسی حکومەت ڕێکدەخاتەوە، لەبەرئەوەی لە سیســتەمی دیموکراسیدا هەر کەسێك بیروبۆچوونێکی هەیــە و لەگەڵ بیروڕای کەســانی تر جیاوازە، لێرەشــدا پارتە سیاسییەکان لە چەند مەسەلەیەکی دیاریکراودا رۆڵێکی گرنگ دەگێــڕن لەنێوانــی حکومەت و دەنگــدەرەکان و هەمــوو لایەنــەکان دەگەیەنێتــە ئامانجێکــی هاوبــەش و هەموویان کۆدەکاتەوە و لەئاکامدا هەموو لایەنــەکان پێکەوە کاردەکــەن لەپێناوی بــەرز راگرتنی ئامانجەکان. ســەبارەت بە شــێوازی پێڕەوکردنی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەتیــش لەحزبدا، مەســەلەکە پەیوەستە بە سرووشــتی کۆمەڵگەکە و دەتوانم بڵێم هەردوو میتۆد لە مەرکەزی و نامەرکــەزی باشــە، لەبەرئــەوەی هەموو کۆمەڵگەیەك خــاوەن ژمارەیەك پێویســتیی جیاوازە و تەنانەت پرۆسەی دیموکراسیش لەناو کۆمەڵگەکاندا بەپێی پێویستییەکان گۆڕانکاریی بەسەر هاتووە و لەگەڵ باروودۆخەکان گونجاندویانە. بۆ نموونە، هەندێك لە وڵاتان کە پێکهاتەی کۆمەڵگەکانیان بریتییە لە ژمارەیەك لە گرووپ و نەتەوەی جیاواز، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئــەو وڵاتانەی کە فرەنەتــەوە نین. هەر بۆیە، مەســەلەکە پەیوەستە بە کۆمەڵگەکان و لەچوارچێوەی سرووشــتی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەتوانین بڕیاربدەین کە کام میتۆد باشترە. سیســتەمی پارتی سیاسیی مەرکەزی خــاوەن بۆچوونێکی روون و ئاشــکرایە لەبارەی سرووشــتی پارتە سیاســییەکە و پەیــڕەو و پرۆگــرام و ئامانجەکانی پارتەکــە. لەکاتێکــدا سیســتەمی نامەرکەزییەت دەرفەت دەرەخســێنێت بۆ درووســتبوونی پارتی سیاسیی جیاواز و هەروەها دەرفەت دەبەخشێت بە هاووڵاتیان بۆ ئــازادی لە هەڵبــژاردن لەنێو پارتە سیاســییەکان. بەڵام لەکۆتاییدا هەموو مەسەلەکە پەیوەســتە بە سرووشتی ئەو وڵاتە لەگەڵ سرووشــتی سیســتەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی)).

**کاتێک دەڵێین کێشە لۆکاڵەکانی کەلار لەگەڵ کێشە لۆکاڵەکانی زاخۆ یان قەلادزێ جیاوازی هەیە، دەبێت بەپێی ئەو جیاوازیەش شێوازی کاری پارتایەتی ئەولەویەتی خۆی بەپێی جیاوازی و تایبەتمەندی ناوچەکە بگۆڕێت**

**ئەوەی جێگەی گەشبین و ئومێدە ئەوەیە شێوازی هەڵسوڕانی کاندیدی کۆنفرانسە لۆکاڵەکانی ئەمجارەی پارتی جیاوازی لەگەڵ کۆنگرەکانی پێشتر هەبوو بەتایبەتی هەردوو کۆنگرەی ١١ و ١٢**



# حکوماتەکانی عێراقی: بوونی نەتەوەی کوردی. دوپات بوونەوەی مێژوو!!



پرۆفیسۆر د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد
تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە

شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، قۆناغێکی پێشکەوتووە لەمێژووی پێوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەبدا، ئەمەش لەمیانەی کاری هاوبەشیانەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نوێی عێراقی کە بەسەر دار و پەردووی ڕژێمی پاشایەتی دروست بوو، لەدەقی ناوەڕۆکی ماددەی سێیەمی دەستووری کاتیی ئەم پێوەندییە مێژووییە وا داڕێژراوە کە ((عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا...)).

بەڵام هەڵگەرانی هێزە ڕەگەزپەرستەکان بە پەیژەکانی سەرکردایەتی کردندا و وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن خۆیانەوە کێشەی کوردی گەڕاندۆتەوە بۆ چوارچێوەی یەکەم!

شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ بەرپەرچدانەوەیەکی توند بوو دژ بەو هێزانە.

بەو شێوەیە بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو کوردستانی عێراق بوو بە گۆڕەپانی هەمیشەیی کارو کردەوەی سەربازی بەئامانجی کۆیلەکردنی بوونی کورد لەعێراق و لەقاڵبدانی ڕۆڵی سیاسی و ئابوورییانەی...

سەرەڕای ئەو جینۆساید و تیرۆرە ڕێکخراوییەی حکوماتەکانی عێراق کە لەڕێی پرۆسەکانی ئەنفال و پاکتاوکردنی ڕەگەزی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە ئەنجامیان دەدا، گەلی کورد لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیدا قوربانی زۆری بەخشی، دواتر بەهۆی دارمانی ڕژێمی پێشوو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەلێکی باشی بۆ هەڵکەوت تا دەست لەناو دەستی گەلی عەرەبی عێراق بنێت و بە میتۆدی کاری هاوبەشەوە. بگەڕێتەوە بۆ بونیادنانەوەی وڵات.

بەڵام هەر لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی نوێی بەغدا سامیان هەبوو کە هەندێکیان میراتگرەوەی ڕژێمەکانی ڕابردوون و هاندەرنەبوون بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوە نوێیەکان و بە ئیجابیانە و نیەت سافانە کارلێکیان لەگەڵ واقیعی نوێ نەدەکرد، پێیان غەدربوو گەلی کورد بەسەر خاکی خۆیانەوە ئارام ببن و هاوبەشی ڕاستەقینە لە بونیادنانەوەی عێراقدا بکەنەوە.

هەندێك لەو جەمسەرە تازانەی حوکم بوونە بەربەست لەبەردەم ڕەوڕەوەی پەرەسەندنی شارستانیانەی هەرێمی کوردستان، تەنانەت لەدوای دارشتنەوەی دەستووریش هەر ترسیان لەسەر هەیە لەوەی پیلان داڕێژن بۆ تێکدانەوەی بارەکە، ئەزموونەکانی ساڵانی پێشوو گەواهیدەرن لەسەر ئەو ڕاستیە، ئەزموونەکان وا دەنوێنن کە لە گەوهەردا پێوەندی کورد بە حکومەتەکانی ڕابردوو لە ئاستێکی باشدا نەبووە و لە خوێندنەوەی ئاماژەکانیشدا ڕا دیارە هەندێ حوکمداری ئێستا لەبەغدا میراتگرەوەی دیکتاتۆریەتن، لەو ئاماژانەش:

١ ـ گرفتی دەستنیشانکردنی ناوچە کوردییەکان: سەرنج دەدرێت زاراوەکانی: کورد، گەلی کورد تەنانەت نەتەوەی کوردی لەدروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئێستاش لە ئەدەبیاتی فەرمی حکوماتی عێراقیدا دوپات دەکرێنەوە، بەڵام زاراوەی کوردستان و ناوچە کوردییەکان و نیشتمانی کورد کۆمەڵێك تابۆن مامەڵەیان پێناکرێن، چونکە هەریەك لەو زاراوانەی دوایی سنووری جوگرافیانەو ڕووبەری زەوی و نەخشەی کارگێڕی و سیاسی دەستنیشان دەکەن..

گەرچی یاسای کارگێڕی و بەڕێوەبردنی کاتی دەوڵەتی عێراق ساڵی ٢٠٠٤، هەروەها دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، بڕیاری داوە لەسەر بوونی هەرێمی کوردستانی عێراق لە سنوورێکی ناچەسپاودا، بەڵام ئەمە دیفاکتۆیەك بوو بە ئاسانی نەیاندەتوانی بەسەریدا تێپەڕن..

٢ ـ گرفتی ناوچە جێناکۆکەکان: گرفتێکی تازەی کۆنباوە هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە هەیە، داواکارییەك لەدوا یەکەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ دیاریکردنی نیشتمانی کورد بووە، بیروڕای هاوجۆر بۆ دیاریکردنی سنوور هەبووە چ لەنێوان کورد و عەرەب، چ لەنێوان کورد لەگەڵ کورد، ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار ١٩٧١ یەکەمین دانپێنانی حکومەتی عێراق بوو بۆ ناوچەکانی کوردستان بەشێوەی خودموختاری، جێبەجێکردنی ئەو ئیعترافە بەهیوای ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی بۆ هەمان ساڵ جێهێڵرا، کەچی وەك چاوەڕواندەکرا دواخرا، ئەمەش بۆ ئەوە بوو یەکە کارگێڕییەکان نەکرێنە پاشبەندی کوردستان.

لەم چاخە نوێیەدا دوا بەدوای لەناوچوونی ڕژێمی سەدام ساڵی ٢٠٠٣ وا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، گرفتی

ناوچــە کوردییەکانــی کە بەکوردســـتان نەلکاونەتەوە ســەر هەڵدەداتەوە، بەتایبەت لەنێوان سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەغدا، ئەوەی لەسەری پێکهاتبــوون لەدووتوێی مــادەی ٥٨ی یاســای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی و ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق کە بۆ یەکلاکردنەوەی گرفتەکە هاتبوو، بێسوود مایەوە. بەمەش هاوشـــێوەیی لە روانین و بینینی حکوماتەکانی عێراق دەردەکەوێ، هاوبۆچوونیشــن لــە بەرامبەر کێشــەی کوردا..

٣ ـ سەرژمێری دانیشـــتووان: هەر لە دامەزرانی رژێمی کۆماری ساڵی ١٩٥٨ تا دوا ســەرژمێریی ســاڵی ١٩٩٧ هیچ ســەرژمێرییەك بۆ دانیشتوانی عێراق بە تایبەتیش کوردستان ئەنجام نەدراوە..

ســاڵی ١٩٦٥ سەرژمێری گشتی کرا، عێراق لەناو خوێنبەربوونێکی کوشتارگەییدا خەڵتانی خوێن کرابوو بە هۆی شۆڕشــی ئەیلول کە بەرپەرچدانەوەی ســتەمکاری بوو.

ســاڵی ١٩٧٧ ســەرژمێرییەکی تر بۆ دانیشــتووانی عێراق ئەنجام درا، ئەوکات ناوچە کوردییەکان لەناو رووداوەکانی دوای رێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان عێراق و ئێراندا دەژیا، بۆیە ناوچەکە دووچاری وێرانکردن و سووتاندنی سەدان گوند و شــارۆچکە بۆوە و دانیشـــتووان (گەڕاوەکان) راگوێزرانەوە بۆ ناوەڕاســت و خــوارووی عێراق، هەروەهــا ئۆردوگا دامەزران بۆ کۆکردنەوەی دانیشـــتووانی گوندە راگوازراوەکان لەچەند شــوێنێکی هەڵبژێردراو لەنزیك شــارە سەرەکییەکان و لەســەر رێگە گشتییەکان بۆ ئاسانکردنی دەستبەســەردا گرتــن و کۆنترۆڵکردنی دانیشتووان، بەڵام سەرژمێریی ساڵی ١٩٨٧ لەو ســاڵە ئەنجامدرا کە شەڕی عێراق و ئێران لەوپەڕی گەرمیــدا بوو، ناوچەی کوردســـتان لە گرنگترین شوێنەکانی ئەم شەڕە بوو، دانیشـــتووانی تووشی جۆرەها هۆکارەکانی جەنگ و وێرانکردن بوونەوە. دواییــن ســەرژمێریش لەســاڵی ١٩٩٧ ئەنجامدرا بەبێ هەرێمی کوردســتان کە ئــەوکات لە دەرەوەی بازنــەی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی مەرکەز بوو، کاتێك ساڵی ١٩٧٠ سەرژمێریی دانیشتووان دواخرا، کوردستان لە ئارامی و سەقامگیری و بارودۆخێکی نموونەییدا بــوو بۆ ئەنجامدانی، بەهەمان شــێوە حکومەتی ئێســتای عێراقیش کە بەردەوام بوو لە دواخســتنی سەرژمێریی دانیشــتووان کە بڕیار بوو لە ساڵی ٢٠٠٧ دا ئەنجام بدرێت، چونکە ئەوسا و ئێستاش هەرێم نموونەن بۆ ئەنجامدانی ســەرەتا بۆ ٢٠٠٨ ئینجا بۆ ٢٠٠٩ دوایخست، ئێستاش دوو دڵە لە جێبەجێکردنی لەساڵی ٢٠١٠.

بێگومان ئامانجی حکومەتەکانی عێراق لەدواخستنی سەرژمێریی ساڵی ١٩٧٠ و ئەم دواخســتنە بەردەوامەی سەرژمێریی داهاتوو یەك ئامانجە، ئەویش رێگە گرتنە بۆ نەگەیشــتنە قەبارەی راســتەقینەی دیمۆگرافیــای دانیشــتووانی هەرێم و ژمارەی کورد لەعێراق بەگشتی لەلایەك و بەردەوام بوون لە دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەتایبەتی دەستنیشانکردنی ســنووری کۆتایی هەرێمی کوردســتانی عێراق لەلایەکی دیکەوە.

٤- رەهەنــدی ئابووریــی گرفتەکانی نێــوان هەرێــم و ناوەنــد: بەدرێژایی ئەو ســاڵانەی دوای هاتنەکایەی سیستەمی کۆماری لە عێراق، چەندین چاوپێکەوتن و گفتوگــۆ لەنێوان ســەرکردایەتی کورد و حکومەتەکانــی عێــراق ئەنجامدران.. لایەنی ئابــووری بەردەوام باڵی بەســەر ئەو گفتوگۆیانەدا کێشــا بوو بەتایبەتی دەربارەی ناوچــە دەوڵەمەندەکان بە نەوت وەك: کەرکــوك، خانەقیــن، عەیــن زاڵ، چونکە زۆرجار بەربەســت بوون لەبەردەم گەیشــتن بە ئەنجامی ئیجابی، چونکە لکاندنی ئەو ناوچانە بە نیشتمانی کورد بە مەترســییەك دادەنرا لە بەردەم پاشەڕۆژی (یەکێتی) عێراق!! ئەمڕۆش ئەم ئاراستانە ســەرهەڵ دەدەنــەوە بۆ ئــەوەی ببن بە بەربەست لەبەردەم گەیشتن بەو گرفتانەی هەن لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی، ســەرەڕای چەســپاندنی ئەم بەندانە لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق بەتایبەتــی دابەشــکردنی و وەبەرهێنانی دەرامەتە سروشتییەکان بەتایبەتیش نەوت و غاز.

٥- گرفتی پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە): ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین ئەو پرسانەی ناکۆکیان لەســەرە لەنێوان ســەرکردایەتی کــورد لەگــەڵ حکومەتەکانــی عێراق لەچەند ساڵی رابردوو، ئێستاش بەردەوامە و بۆ رێگەگرتن لەنەبوونی گرەنتییەك بۆ پاراستنی دەســتکەوتەکانی گەلی کورد، دەســەڵاتدارانی بەغدا هەمیشــە بەدوای دۆزینەوەی کەلێنێکــدا دەگەڕێن لەنێوان تواناکانــی هێزەکانی بەرگــری لە هەرێم و هاوشــێوەکانیان لە هێــزە چەکدارەکانی عێراق، لەســەر ئاســتی ئامادەکردن یان کەرەســتە یان تەکنۆلۆژیای ســەربازی، ئەمە سەرەڕای دیاریکردنی لە دەستووری عێراقیــدا مامەڵە کردن لەم بــوارەدا بەو شێوەیە دەبێت (پاسەوان)ی هەرێم بەشێکی نەپچڕاوە لەهێزە چەکدارەکانی عێراق.

لێــرەدا زۆر گرنگە بــەم ئەنجامانەی خوارەوە دەربچین:

١- ئــەوەی حکومەتەکانــی عێــراق لەمــاوەی چەنــد دەیەی رابــردوودا کۆ دەکاتەوە، ئەو حاڵەتی ترسەیە لە پێشهاتە سیاســیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە لە ناوچە کوردییــەکان، بەو پێیەی دەبێتە هــۆی پتەوبوونــی رۆڵــی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی گەلی کورد.

٢- دیاریکردنی ســنووری جوگرافی ناوچــەی کــوردی هێڵێکی ســوورە بۆ حکومەتەکانــی عێراق کە نابێ لێی نزیك ببنەوە، چونکە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە نەخشــەی ئیداری و سیاســی وڵات، بۆیــە هەمیشــە هــەوڵ دەدات بیانو کە دەبێتــە هــۆی ئەنجام نەدانــی ئەمکارە لەوانەش ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی دانیشتووان لە عێراق.

٣- لە ســەردەمی شۆڕشی ئەیلوولەوە تا ئێســتا ئەو بیانوانــەی کە حکومەتی عێراق لــە گفتوگۆکانــی لەگەڵ کورد دەیخاتە روو، بیانووی (بنەڕەتی) لەوانەش هەوڵە بەردەوامەکانــی بۆ گۆڕینی زۆر لە بڕگەکانی دەســتووری ســاڵی٢٠٠٥ بەتایبەتــی ئەوانــەی پەیوەندییــان بــە مافەکانی گەلی کوردەوە هەیە، ناوەڕۆکی ئەم ناکۆکیانە ئەوانەی پەیوەندییان بە بوونی گەلــی کوردەوە هەیە لەعێــراق و مافی رەوای لە دیاریکردنی چارەنووســی خۆی لەچوارچێوەی ســنووری نەتەوەییەکانی کە راستییە مێژووییەکان و واقیعی جوگرافی ناوچەکە دیاری دەکەن، ئەمەش پاڵی بەو حکومەتانــەوە ناوە کە فشــاری زیاتری سیاســی و ئابووری دەکەن بەمەبەســتی بەرتەسك کردنەوەی بوونی کورد لە عێراق و لاوازکردنــی رۆڵی نەتەوەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی.

# تێکەڵکردنی سەرژمێری بەگەمەی سیاسی چارەنووسی عێراق باش ناکات




الموصل
بوابة
التجارة
الشمالية
سلة
خبز
العراق

**دواخستنی سەرژمێری پێشێلکارییەکی دەستوورییەو پیلانێکی داڕێژراو بوو دژ بەکوردو مافە ڕەواکانی**

بەبیانووی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کەحەوت ساڵە درێژەی هەیە پرۆژەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان بۆماوەی دوو مانگ دواخرا، دواخستنی سەرژمێرییەکەش دوابەدوای ئەو هەڕەشەو پیلانانە هات کە کۆنە بەعسی و شۆڤێنییەکان لەدژی ئەنجامدانی پرۆسەکە گرتبوویانەتە بەر، کە تەنیا مەبەست لێی شاردنەوەی ڕاستییەکان بوو، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو نەرمیەی کە کوردەکان بەرامبەر دواخستنی سەرژمێرییەکە نوواندویانە. دواخستنی سەرژمێری پێشێلکارییەکی دەستوورییەو پیلانێکی داڕێژراو بوو دژ بەسەرجەم کوردستانییەکان، کەواتە ئەو کەس و تاقمانە کێن کە سوودمەند بوون لەوەی پرۆسەی سەرژمێری تێکەڵ بەگەمەی سیاسی بکرێت و وڵاتێك بێ سەرژمێری بمێنێتەوەو بەوەرەقەی شەکرو چا بەڕێوە ببرێت؟ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان تاچەند بەرپرسیارە لەتێپەڕبوونی ئەو گەمە سیاسییەی کۆنە بەعسی و شۆڤێنییەکان؟ بۆچی کاتێك نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە دادگای فیدرالی بەتۆمەتی دواخستنی سەرژمێری تۆمەتبارکرا، لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکرا؟ تاوەکو جارێکی تر ئەو سیناریۆیە دووبارە نەکرێتەوە، تۆ بڵێی ئەمجارە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەڵوێست وەربگرێت و ڕووبەڕووی گروپ و تاقمە شۆڤێنی و کۆنە بەعسییەکان ببێتەوە؟

## بەرامبەر دواخستنی سەرژمێری دەبێت چی بکرێت؟

گەرچی نوری مالیکی ڕایگەیاندبوو پرۆسەی سەرژمێری لەوادەی خۆیدا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام لەبڕیارێکی کتوپڕی نایاسایی و پێچەوانەی دەستوورو لەراگەیاندنێکی ناو ئەنجومەنێکی ماوە بەسەرچوو دژ بە ویستی زۆرینەی عێراقییەکان پرۆسەکە دواخرا، ئەمەش بەخواست و ویستی کەمینەیەکی شۆڤێنی عەرەب بوو لەپارێزگای نەینەواو کەرکوك. دکتۆر ساحێب قارەمان بریکاری وەزیری پلاندانانی عێراق و شارەزاو پسپۆر لەبواری ئامارو سەرژمێری پێی وایە: سوودمەندەکان لەحکومەتی پێشووی دیکتاتۆری بەعس و شۆڤێنییەکان ئەوانەی ڕێز لەدەستوور ناگرن و گەندەڵکارەکان لەناو دەزگای گشتی ئامار هەر هەموویان تاقم و گروپی بەرژەوەندیخوازیان لێپێکهێنراوە کە ڕووبەڕوو دژایەتی ویست و ئارەزووەکانی زۆرینەی هاوڵاتییانی عێراقن، بەتایبەتی لە دژایەتیکردنی ماددەی ١٤٠ و ئاسایی نەبوونەوەی ناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان. گرفتەکە لەوەدایە کەسانێك لەناو لیژنەی گشتی سەرژمێری و وەزارەتی بازرگانی و دامودەزگا پەیوەندارەکاندایە ئەوەندە خساونەتە ناو گەندەڵییەوە هەموو ئاسایبوونەوەو ڕێکخستن و کارێکی زانستی بەدژی ئارەزووەکانی خۆیان دەزانن و بەتووندی ڕووبەڕووی دەبنەوە، تەنیا لەوەزارەتی بازرگانی لەئاکامی ناونووسکردنی سەدان هاوڵاتی بەشێوەیەکی ناڕاست و ساختەکاری لەبەشە خۆراکی هاوڵاتییان بەملیۆنەها دۆلار قازانجیان دەستکەوتووە، کە لەناویاندا بەرپرس و کەسانی دەستڕۆشتوو هەیە، بەڵام لەهەر هەمووی مەترسیدارتر دەست تێوەردانی وڵاتانی دەوروبەری عێراقە. بەمشێوەیە ئەندامان و لایەنگرانی حزبە شۆڤێنییەکان لە ڕێگای گروپ و تاقمە گەندەڵکارەکانەوە بەرژەوەندییەکانیان ئەوە دەخوازێت کە پرۆسەی سەرژمێری دوا بخرێت، لە بەرامبەردا خەڵکانێك هەیە کە ئومێدی ئایندەیەکی گەش دخوازێت بۆ عێراق، لە ناویاندا کوردەکان کە پشتگیری لە سەرژمێری دەکەن، تاوەکو ئەو غەدرەی لەسەرژمێری ١٩٦٥ بەدواوە بەرامبەر بەکوردەکان کراوە دووبارە نەبێتەوە.

**کاتێک نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە دادگا بەتۆمەتی دواخستنی سەرژمێری تۆمەتبارکرا، بۆچی لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکرا**

لەپیلانی دواخستنی سەرژمێری تەنیا وەزیری پلاندانان و پارێزگاری موسڵ دەبینین لە کاتێکدا گروپ و تاقمێکی زۆر هەیە پاڵپشتی و پشتگیری دواخستنی سەرژمێرییەکەیان کرد، دواخستنی سەرژمێری لە توانای دوو کەس نییە تەنانەت بەپێی دەستوور لە دەسەڵاتی کەسدا نییە ئەم پرۆسەیە دوا بخرێت مەگەر کارەساتێکی سروشتی و شەڕی ناوخۆ بکەوێتەوە، کە تەنیا لەو حاڵەتەدا دەکرێت سەرژمێری دواخرێت. سەرژمێری کارێکی هونەرییە بەداخەوە تێکەڵ بەمەرام و پیلانی سیاسی دژ بە کوردستان کرا. هەڵوێست دژ بەم پیلانە سیاسییە پێویستە لەسەرجەم ئاستەکان بێت، دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و هاوڵاتییان هەمووی یەکهەڵوێستیان دژ بەدواخستنی سەرژمێرییەکە هەبێت و تۆمەتباران دادگای بکرێن و بەهیچ شێوەیەك ڕازی نەبین بەدواخستنی پرۆسەکە، تەنانەت دووبارە چاوخشاندنەوە بە ئیستمارەی سەرژمێرییەکە بکرێت و دووبارە چاوخشاندنەوە بەنوێنەرایەتی کوردستانی لەسەرجەم لیژنە پەیوەندیدارەکانی سەرژمێری بکرێتەوە، پێویستە وەزیری پلاندانان و پارێزگاری موسڵ بدرێنە دادگاو لێپرسینەوەی یاسایی بکرێن، بەبێ ئەم هەنگاوە هیچ زەمانەتێك نییە سەرژمێری ١٢/٥ جێبەجێ بکرێت، سەرکردایەتی کوردستانیش کەمتەرخەمن بەرامبەر بەم پرۆسەیە بەتایبەتی کاتێك ساڵی ڕابردوو نوری مالیکی درا بەدادگا و تۆتبارکرا کە دەستووری پێشێلکردو سەرژمێری دواخست ئایا بەدواداچوون لەسەر ئەم پرسە کرا؟ مالیکی نە سزای دارایی کرا نەداوای لێبووردنی کردو نەخرایە ناو بەندیخانەوەو بەدواداچوونمان نەبوو، بۆیە پێم وایە زەمانەتی ئەوە نییە ئەمجارەش پرۆسەکە لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە لە ناوچەکانی خواروو ناوەراستی عێراق کاری ساختەکاری ئەنجام دەدرێت و بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لەو ناوچە عەرەب نشینەکان نفووزی کوردەکان کەم دەکرێتەوە.

دکتۆر ئاراس حوسێن دارتاش مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی و پسپۆرو شارەزا لەبواری ئابووری سەبارەت بەمەترسییەکانی دواخستنی ئەنجامدانی پرۆسەکەو تەگەرە دانان لەئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە پێی وایە دواخستنی سەرژمێری و ئەو دژایەتییانەی بەرامبەر پرۆسەکە لەلایەن چەند لایەنێکی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت زیان لەئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات دەگەیەنێت، چونکە سەرژمێری بەدەستهێنانی کۆمەڵێك زانیاری گرنگە کە بۆ پەرەپێدانی ئابووری گرنگە هەر لە دەستنیشانکردنی ژمارەی هێزی کارو ئاستی داهات، بەمشێوەیە لەرووی ئابووری و دیموکرافییەوە چەندین نیشانەمان دەداتێ تاوەکو بزانین چۆن پلانی ئابووری و ڕۆشنبیری وخوێندن و ئابووری دادەنێین و وەڵامێکی پرسیارە ئابووری و زانستییەکانە. لەگەڵ ئەم گرنگییە ئابوورییانە بەڵام دەرئەنجامە سیاسییەکەی لەکاتی ئێستادا گرنگە چونکە لەم بارودۆخە پشێوییە سیاسییەدا ناتوانرێت پلانی ئابووری ڕێکو پێك دانرێت، بۆیە لەم سەرژمێرییەدا دەتوانرێت ئەو ڕاستییەمان بۆ دەربکەوێت کە ژمارەی کورد لەعێراق و کوردستان و ناوچە ناکۆکی

لەســـەرەکان، هەر لەم روانگەیەوە دواخستنی سەرژمێری کە لەســـەر داوای سەرکردەکانی ئەلعێراقی و ئوســـێل نوجێفی و ساڵح موتڵەکە بۆیە من پێم وایە ئێستاکە دوو مەترسی هەیە لەلایەك دوای تێپەڕبوونـــی دوو مانگەکەش ئەو سەرژمێرییە ئەنجام نەدرێت، لەلایەکی تر ئەگەری ئەوە هەیە لەو دوو مانگەی داهاتوودا هێزە شۆڤێنییەکان لەناوچە جێناکۆکەکان دەست بکەن بەگۆڕینـــی دیموگرافـــی پێکهاتەی دانیشتووان، بەتایبەتی لە موسڵ و کەرکووك و دیالە.

ســـەمیرە محەمەد ساڵح مامۆستای زانکۆی سلێمانی و شارەزا لەبواری ئامارو سەرژمێری لەمبارەیـــەوە گووتـــی: ناکرێـــت وڵاتێك بێ سەرژمێی بڕوات بەڕێوەو بێ پلانی ئابووری و دانانـــی پلانێکی نیشـــتمانی هەنگاو بەرەو چارەســـەرکردنی دەیـــان گرفت و کێشـــەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بنێین، هەر بۆیە ئەم دواخستنەی ئەنجامدانی سەرژمێری لە خواستی هیچ کەسێکدا نییە تەنیا بەویستی کۆمـــەڵ و تاقمێکی شـــۆڤێنی، ناکرێت ئەو هێزانـــە کە لـــەدوو پارێزگادان بەو شـــێوەیە رووبەرووی پرۆســـەیەکی وا گرنگ ببنەوە . تەنیا مەبەســـتەکەش بۆ ئەوە بوو کە قەبارەی راســـتەقینەی کـــورد لـــەو دوو پارێزگایەدا دەرنەکەوێـــت، دواخســـتنی ســـەرژمێرییەکە دوابەدوای ئەو پلانانە دێن کە دژی کوردستان ئەنجام دەدرێت تاوەکو قەباری گشـــتی کورد لەعێراقدا کەم بکرێتـــەوە بەتایبەتی نانەوەی فیتنەو جیاکردنـــەوەی پێکهاتەکانی کوردی فەیلی و شـــەبەك و یەزیدی . لەلایەکی ترەوە کاتێك پرۆسەی سەرژمێری تێکەڵ بەگەمەیەك دەکرێـــت کە مەبەســـت و ئامانجەکەی دیارە بەتایبەت لـــەو ناوچانەی کەچەندین ســـاڵە کوردستان چاوەڕێی چارەسەرکردنی دەکات و دەیان بەڵێنی بێ دراوەو ماددەیەکی دەستوورییە ئەمە خۆی لەخۆیدا پێشێلکاری دەستوورییەو رەنگە گەر هەڵوێستێك نەنوێنین لە داهاتوودا پێشێلکاری دیکەش روودەدات.

لەم روانگەیەوە دەبێت ســـەرکردایەتی سیاسی کوردســـتان بەهەمـــوو هێزییـــەوە روو بکاتە رووبەرووبوونـــەوەی ئـــەو هێـــزو لایەنانـــەی دەیانەوێت سەرژمێری دوابخرێت یا لەهەندێك شـــوێندا جێبەجێ نەکرێـــت، لەلایەکی ترەوە پێویســـتە داوای ئەوە بکرێت کە سەرژمێری بەپێـــی میکانیزمێکی زانســـتی و شـــەفاف بەڕێوە بچێت تاوەکو دوور بیت لە ساختەکاری و تەزویرکردنەوە.



**دکتۆر ساحێب قارەمان**

**بریکاری وەزیری پلاندانانی عێراق و شارەزاو پسپۆر لەبواری ئامارو سەرژمێری:**

## دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و هاوڵاتییان هەمووی یەکهەڵوێستیان دژ بەدواخستنی سەرژمێرییەکە هەبێت و تۆمەتباران دادگایی بکرێن



**دکتۆر ئاراس حوسێن دارتاش**

**سەرۆکی لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان:**

## ئەگەری ئەوە هەیە لەو دوو مانگەی داهاتوودا هێزە شۆڤێنییەکان لەناوچە جێناکۆکەکان دەست بکەن بەگۆڕینی دیموگرافی پێکهاتەی دانیشتووان



**سەمیرە محەمەد**

**مامۆستای زانکۆی سلێمانی و شارەزا لەبواری ئامارو سەرژمێری:**

## پێویستە سەرژمێری بەپێی میکانیزمێکی زانستی و شەفاف بەڕێوە بچێت، بۆئەوەی دوور بێت لە ساختەکاری و تەزویرکردنەوە

**دواخستنی سەرژمێری لە دەسەڵاتی کەسدا نییە، مەگەر کارەساتێکی سروشتی رووبدات**

**پێویستە وەزیری پلاندانان و پارێزگاری موسڵ بدرێنە دادگاو لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت**

# بەبێ سیاسەتی ئابووری پەرەپێدان لەم هەرێمەدا روونادات!

> سیاسەتە ئابوورییەکان بەشە پراکتیکییەکەی فەلسەفەی ئابوورییە

بەرپرسانی حکومەت لەکابینەی شەشەمدا لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژووییدان، ئەو خەڵکانەی لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان دەنگیان بەهەردوو پارتی سەرەکی ناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان دابوو، بەم کارەیان شەرعیەتیان بەحکومەتی هەرێم دا، دوای سێ ساڵی تریش دووبارە خۆیان لەبەردەم سندوقەکانی دەنگدان دەبیننەوەو بەپێی دەستکەوت و کاروچالاکی نوێنەرانی هەردوو پارتی سەرەکی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەحکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە بە دەنگەکانیان دەکەنەوە یا بەردەوامی بەمتمانەکانیان دەدەنەوە، بگرە ئەو تاکانەی دەنگیشیان بەنوێنەرانی ئەو دوو پارتە نەدابوو، رەنگە ئەمجارە دووبارە ئە و ا نیش متمانە بەو کەسانە ببەخشن کە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان رۆڵی کارایان هەبووە، هەروەکو چۆن بەشێکی سەرەکی لەو دەنگانەی لە دوایەمین هەڵبژاردن بەدەستهات بۆ ئەو کارە باشانەی کابینەی پێشوو گەڕایەوە کە لەهەندێك بواردا خزمەتگوزاری و دەستکەوتی بۆ گەلەکەمان هێنابوو، مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوەو دەستکەوت و ئاستی پێشکەوتنی ئابووری و باشبوونی باری گوزەرانی خەڵکی پرسە ئابوورییەکان و ئاستی پەرەپێدانی ئابووری و خزمەتگوزارییەکان چارەنووسی ئایندەی پارتە سیاسییەکان دیاری دەکات.

هیچ دروشم و فریودانێك لەبەردەم گەشەکردنی ئاستی داهاتی تاکەکەسی و پێشکەوتنی خزمەتگوزارییەکان و چارەسەرکردنی گرفت و کێشە سەرەکییەکانی بواری بژێوی ژیان و تەندروستی جێگەی نابێتەوە، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش پێویستمان بەپلانێکی ئابووری دەبێت کە بەبێ دارشتنەوەی سیاسەتێکی ئابووری مومکین نییە ئەم هەموو دەستکەوت و ئومێدانە جێبەجێ بکرێن کە لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە لەلایەن لیستە براوەکانەوە بەڵێنی پێدرا. خەڵکی لەکابینەی پێشوو زیاتر لەخەمی چارەسەرکردنی کێشەکانی کارەبا و ئاوی خواردنەوەو خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی تردا بوون، ئەمڕۆ خەمی ئازادی و دادپەروەری و شەفافییەت و دژایەتیکردنی گەندەڵی و بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەسی و بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانی گەلی کورد بەتایبەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورو گەڕانەوە یا چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لەپێشەوەی ئومێدو خواستەکانەوە دێت، حکومەتی بەهێز و حوکمڕانی باش چاوەڕوانی دەستخۆشی ناکات بەقەد ئەوەی لەخەمی ئەنجامدانی پرۆژەی نوێ و چۆنیەتی باشترکردنی بەڕێوەبردنی وڵاتدایە. لەم بابەتەدا زیاتر باس لەگرنگی و پێداویستی سیاسەتی ئابووری دەکەین کە چەند بۆ پەرەپێدانی ئابووری پێویستە.



ئەو فەلسەفە
ئابوورییەی
کە دەسەڵات
لە وڵاتێکدا
باوەڕی پێیەتی،
پراکتیزە دەکرێت
لەڕێگەی ئەو
پلان و سیاسەتە
ئابوورییانەوە
کە دادەڕێژرێت

ئەگەر سیاسەتە ئابوورییەکان نەبێت، ئەوکات فەلسەفە ئابوورییەکان لەرووی تیۆرییەوە دەمێنێتەوەو ناچێتە بواری پراکتیکییەوە

کەرتی تایبەتی ئوسترالیا دانەبڕاوە لەخەڵک، واتە هەموو کۆمپانیا ئوسترالییەکان هەستێکی نیشتمانی ئوسترالیان هەیە

**دکتۆر نەرمین مەعروف شارەزا لەبواری پەرەپێدانی ئابووری و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی:**



# سیاسەتە ئابوورییەکان بەبێ دامەزراوەکان جێبەجێ ناکرێن

**بەبێ سیاسەتی ئابووری فەلسەفەی ئابووری تەنیا لەرووی تیۆرییەوە دەمێنێتەوەو کاری پێناکرێت**

سیاسەتی ئابووری و ئەو ڕێنمایی و یاسایانەی کە دەردەچێت بۆ ڕێکخستنی کاری ئابووری و ئاراستەکردنی کەرتەکانی جێی بایەخ و گرنگیدانە، دەتوانین بڵێین بێ سیاسەتی ئابووری فەلسەفەی ئابووریش هیچ مانایەکی پراکتیکی نامێنێ، سەرەتا بابزانین سیاسەتی ئابووری چییە؟ دکتۆر نەرمین مەعروف شارەزا لەبواری پەرەپێدانی ئابووری و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی پێیوایە: سیاسەتی ئابووری بەگشتی سەرجەم ئەو ڕێنمایی و ئیجرائاتانە دەگرێتەوە کە دەسەڵاتی پێوەندیدار دەریدەکات بۆ ئاراستەکردنی ئەو چالاکییە ئابوورییەی کە مەبەستێتی، بۆنموونە لە سیاسەتی بازرگانیدا گەر مەبەستی کەمکردنەوەی کێبرکێی بەرهەمی بیانی بێت لەگەڵ بەرهەمی خۆماڵی، ئەوکات بەئاراستەیەکدا کەرتی بازرگانی دەبرێت کە سەرجەم بڕیارەکان و ئاراستەکردنی باج و تاریفە گومرگییەکان بەشێوەیەك دادەڕێژرێت کە باجی گومرگی لەسەر بەرهەمی بیانی زیاد بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاو کەرەستە بیانییەکان بەرامبەر بەهاو نرخی بەرهەمی خۆماڵی و دواتر بەپشتگیریکردنی بەرهەمی ناوخۆیی تەواو دەبێت، هەندێك سیاسەتی ئابووری هەیە پێویستی بە ڕێنمایی هەیەو هەندێکی تریش پێویستی بە یاسا هەیە، بەمشێوەیە هەریەك لە سیاسەتە ئابوورییەکان کۆمەڵێك ڕێوشوێنی جیاواز لەخۆدەگرێت و دەڕشێتە ناو خزمەتی پەرەپێدانی ئابوورییەوە.

پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان سیاسەتی ئابووری و فەلسەفەی ئابووری هەیە، دەتوانین بڵێین سیاسەتە ئابوورییەکان بەشە پراکتیکییەکەی فەلسەفە ئابووریەکەیە، واتە ئەو فەلسەفە ئابوورییەی کە دەسەڵات لە وڵاتێکدا باوەڕی پێیەتی پراکتیزە دەکرێت لەڕێگەی ئەو پلان و سیاسەتە ئابوورییانەوە کە دادەڕێژرێت و دواتر کاری پێدەکات، بۆ نموونە کاتێك باس لەفەلسەفەی ئابووری بازاڕ دەکەین، ئەمە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر سەرجەم سیاسەتە دارایی و بازرگانییەکان، بەواتایەکی تر کاتێك باس لە فەلسەفەی ئابووری بازاڕ دەکەین، ناکرێت سیاسەتی ئابووری بازرگانی لەگەڵ سیاسەتی ئابووری مەرکەزیدا بەڕێوەببرێت بەهەمان شێوە دەبێت لەسیاسەتی ئابووری بازاڕ و فەلسەفەی ئابووری لیبراڵی ئەمە ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر سیاسەتی دارایی حکومەت و ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر سیاسەتە داراییەکانی تریشی، واتە ئەگەر سیاسەتە ئابوورییەکان نەبێت، ئەو کات فەلسەفە ئابوورییەکان لەرووی تیۆرییەوە دەمێنێتەوەو ناچێتە بواری پراکتیکییەوە.

سیاسەتی ئابووری پێویستی بەدامەزراوەیی ئابووری هەیە، تاوەکو لەرووی پراکتیکییەوە بەباشترین شێوەو

**دکتۆر نەجات ئەحمەد مامۆستا لەفوتابخانەی ئوسترالیا لەزانکۆی ئەبەلایت:**



## بەرپرسانی ئابووری تاکو ئێستا حەزیان لەئابووری ئاراستەکراوی ناوەندە

کورتترین ڕێگە ئەو سیاسەتە ئابوورییە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەهەرێمی کوردستان توانای داڕشتنەوەی هەندێك سیاسەتی ئابووریمان هەیەو هەندێك سیاسەتی ئابووریش ناکرێت دابڕێژرێت بێ هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، بۆنموونە سیاسەتی نەختینەیی تایبەتمەندە بە سیاسەتەکانی نەختینەیی لە بانکی ناوەندی بەغدا.

**ئابووری ئاراستەکراو ڕێگرە لەبەردەم پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئابووری و ئەنجامدانی چاکسازی**

لاوازی کەرتی تایبەت نەیتوانیوە کەموکورتی و گرفتەکانی ئابووری لەهەرێمی کوردستان بەرەو چارەسەرکردن ببات، کاتێکیش سیاسەتی ئابووری

هەرێمەکە بەرەو فەلسەفەی سەرمایەداری و ئابووری بازاڕ بچێت، ئالێرەدا پێویستیمان بەرێکخستنەوەیەکی ئابووری دەبێت، چونکە ئەو سیاسەتە ئابوورییەی ئەمڕۆ لەگۆڕەپانی ئابووری دەبینرێت تێکەڵەیەك لە ئابووری کەرتی حکومی (گشتی) و تایبەتی تێدایە، ئەمەش بەزیانی هەردوو لا دەگەڕێتەوە.

دکتۆر نەجات ئەحمەد مامۆستا لەقوتابخانەی ئوستراليا لەزانکۆی ئەبەلایت پێیوابوو: لاوازی کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان بۆ دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و مۆنۆپۆڵکردنی ئابووری و کارەکان دەگەڕێتەوە لەلایەن خوودی حکومەتەوە، ئەم واقیعە بووەتە عەقڵییەتێك و وەکو کولتوورێکی لێهاتووەو ژمارەیەکی بەرچاو لەکۆمپانیاکان و بەرپرسانی پێوەندار ئابووری و تەنانەت شارەزایانی ئەم بوارە تاکو ئێستا حەزیان لەئابووری ئاراستەکراوی ناوەندە، ئەمەش ڕێگرە لەبەردەم ئەنجامدامی چاکسازی و نوێبوونەوەی ئابووری. ئەم شارەزایە پێیوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی ناوە بۆ پیادەکردنی ئابووری بازاڕ و فراوانکردنی کەرتی تایبەت، بەڵام ئاستەنگ و بەربەستیش زۆرە، واتە عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی ئابووری ناوەندییان هەیەو تاکو ئێستا لەبواری سەرمایەی مەعریفی و گۆڕانکارییەکانی سەردەم شارەزا نین.

سەبارەت بەئەزموونی ئوستراليا لەبەڕێوەبردنی ئابووری و ڕۆڵی بیزنسکارانی نیشتمانپەروەر لەو وڵاتە، دکتۆر نەجات وتی: (کەرتی تایبەتی ئوستراليا دانەبڕاوە لەخەڵك، واتە هەمەوو کۆمپانیا ئوسترالییەکان هەستێکی نیشتمانی ئوسترالییان هەیە، حەزدەکەن خزمەتی وڵاتەکە بکەن، بەرژەوەندی خۆیان لەپێشکەوتن و خزمەتکردنی نیشتمانەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووە، حکومەتیش یارمەتی و پاڵپشتی ئەو کۆمپانیانە دەدات کە ڕۆڵیان لەپەرەپێدانی ئوستراليا هەیە، ئوستراليا خاوەنی ئابووری بازاڕ و ئازادی کارکردنی هەموو کۆمپانیایەکی جیهانە، بەڵام حکومەت هاوکاری کۆمپانیا ئوسترالییەکان دەکات کە پرۆسەی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنانیان پێشکەوێت، هاوکات حکومەتیش بە ڕێگەی ڕاگەیاندن و دەزگا حکومییەکان سەرنجی شەقام و ڕای گشتی بۆ کۆمپانیا نێوخۆییەکان ڕادەکێشێت و هانی کڕینی کاڵاو کەلوپەلە نێوخۆییەکان دەدات..)، بۆیە کەرتی تایبەت بووە ئاستێك، خەڵك خاوەنی کەرتی تایبەتەو حکومەت تەنیا چاودێر و یارمەتیدەرەو پێشکەشکاری خزمەتگوزارییە.

**فەیسەڵ عەلی ڕۆژنامەنووس و ئابووریناس:**



# بەبێ داتا و زانیاری ناتوانرێت پلانێکی ئابووریانە پیادە بکرێت

ئامانج لەپەیڕەوکردنی سیاسەتی ئابووری بەرزکردنەوەی ئاستی پەرەپێدانی ئابوورییە، ئەمەش بێ پلانێکی ئابووری جێبەجێ ناکرێت، لەلایەکی ترەوە خراپ بەڕێوەچوونی کار و پرۆژەکان کە بۆ پەرەپێدانی ئابووری گرنگی تایبەتی هەیە گرفتێکی تری بەردەم پرۆسەی پراکتیزەکردنی فەلسەفەی ئابووری و پیادەکردنی سیاسەتێکی زانستی و ڕاست و دروستە بۆ گەیشتن بە ئابووری بازاڕ، لەم ڕووەوە فەیسەڵ عەلی ڕۆژنامەنووس و ئابووریناس پێیوایە: بۆ بەرزبوونەوەو پەرەپێدانی بواری ئابووری، دەوڵەت پێویستی بەدوو شتی زۆر گرنگ هەیە کە ئەوانیش داتاو زانیارییە کە لایەنی گرنگی بواری پەرەپێدانی ئابوورییە، بۆئەوەی هەموو خاڵە لاوازەکانی کە بوونەتە هۆی دواخستنی بواری ئابووری بدۆزرێتەوە، چونکە تا ئەوداتاو زانیاریانە بەدەست نەهێنی، ناتوانیت هیچ پلانێکی داڕێژراو دروست بکەین، دواتر دەتوانرێت پلانێکی سیاسیی ئابوورییانە دابڕێژرێت بۆ ئەوەی ئەو کێشەو تەنگژانەی بوونەتە هۆی بەربەستی پەرەپێدانی ئابووری چارەسەرو پۆزەتیڤی بکات. بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا ئەو پرۆسەیە ونە و نەتوانراوە نە ئەوداتایە دروست بکرێت و نە هیچ پلانێکی واش دروست بکرێت.

هۆکاری سیاسیی یەکێکە لەو کێشانەی بەردەم پەرەپێدانی ئابووری لە هەر وڵاتێکدا، چونکە دەوڵەت چەندە پێویستی بە جێگیری سیاسیی هەیە بۆ بەڕێوەچوونی سیستەمێکی دیموکراسیی، ئاواش بواری پەرەپێدانی ئابووری پێویستی بەو جێگیرییە سیاسییە هەیە، چونکە حکومەت زیاتر دەپەرژێتە سەر پەرەپێدانی بواری ئابووری، هەروەها پێویستی بە ئیرادەیەکی پۆڵایین هەیە بۆ دەستپێکردنی هەنگاوەکانی پەرەپێدانی ئابووری، ناکرێت بەبێ ئەم ئیرادەی پۆڵاینەوە بانگەشەی بەڕێوەبردنی بواری ئابووری بکەین و بتەوێت ریفۆرمی ئابووری بکەی بەبێ ئەم ئیرادە دیموکراسییە سیاسییە. بناغەی چاکسازی ئابووری پێویستیی بەم هەلومەرجە جێگیرییە سیاسییەیە، لایەنێکی گرنگتر ئەوەیە خۆ ئامادەکارییەکی باشی کردبێت بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئەو کێشەو گرفتانە بێتەوە کە دێتە پێش. لایەنێکی گرنگتر ئەوەیە شەفافییەت هەبێت، چونکە بەبێ شەفافییەت خەڵك پشتگیری پرۆسەکە ناکات و ناتوانێت لەپاڵتدا بێتە پێشەوە.

**لاوازی کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان بۆ دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و مۆنۆپۆڵکردنی ئابووری و کارەکان دەگەڕێتەوە لەلایەن خوودی حکومەتەوە**

**لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا ئەو پرۆسەیە ونە و نەتوانراوە نە ئەوداتایە دروست بکرێت و نە هیچ پلانێکی واش دروست بکرێت**